

# سەروەری و سەربەخۆیی بڕیاری گەلە نەک حزبە سیاسییەکان

## ئەگەر لەسەر بڕیاری سەربەخۆیی دوودڵ بین بژاردەکانی دیکە بۆ کوردستان چین؟



**جەنابی مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٦٣-١٩٦٤ بۆ ئاگربەستی شۆڕش لەگەڵ حکومەتی بەغدا رای گەلی کوردستانی وەرگرتووە و سەربەخۆ لەبری گەلەکەی بڕیاری نەداوە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایە بووە کە ئەو شۆڕش بۆ گەلەکەی دەکات، ئەگەر گەلەکەی شتێکی لا پەسەند نەبێت، ئەو مافەی نییە بەسەر گەلەکەیدا فەرزی بکات**

**سەرۆک بارزانی پۆستی پێشمەرگایەتی سەنگەری کوردستان بە هەموو پۆست و پلەی دنیا ناگۆڕێتەوە و پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان شکۆی بۆ سەرۆک بارزانی دروست نەکردووە، بەڵکو ئەوە شکۆی سەرۆک بارزانی-یە کە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی گەورەتر کردووە**

**ئەو پرسانەی کە پێوەندیان بە شکۆی نەتەووە هەیە، کاری حزبە سیاسییەکان نین و دەبێت هەموو حزبە سیاسییەکان ئەو پرسانە لێی گەڕێن بۆ ئیرادەی گەل و بزانن گەلی کوردستان چۆن بڕیاری لەسەر دەدات**

## نەتەوە لەکاتە چارەنووسساز و بارودۆخە ئاڵۆزەکاندا

کاتێك نەتەوەیەك دەکەوێتە بەردەم قەدەرێك کە بێجگە لە تەنیا یەك بژاردە و یەك ڕێگە هیچی دیکەی لەبەردەمدا نامێنێتەوە، ئەوا بێجگە لە چاوەڕانی بۆ سەرۆك کە بڕیارێکی نەتەوەیی و چارەنووسساز بدات، ئومێدێکی دیکە نامێنێتەوە. لە مێژووی وڵاتانی دیموکراتی و خەباتی رزگاریخوازی گەلاندا، زۆر جاران سەرۆك هەوڵیداوە بە ڕێگەی پەرلەمان و حزبە سیاسییەکان کۆدەنگییەك و زەمینەسازییەك بۆ دروستکردنی ئەو بڕیارە نەتەوەییە چارەنووسسازە دروست بکات، بەڵام بەرژەوەندی حزبی و تێڕوانینی تەسکی حزبییانە بۆ ئەو بڕیارە چارەنووسسازە نەتەوەییە، وایکردووە لەبری ئەوەی یەکگوتاری و یەکهەڵوێستی لە نێوماڵی نەتەوە دروست بێت، زۆر جاران لێکترازان و لێکدوورکەوتنەوە دروست بووە، هەر بۆیە لەمجۆرە حاڵەتانەدا بازنەی وتووێژی نێوان حزبەکانی بەجێهێشتووە و رووی کردۆتە بازنەیەکی فراوانتر کە ئەویش بازنەی فەزای گشتیی گەلەکەیەتی.

هەر بۆ نموونە: کاتێك مەهاتما گاندی لە باشووری ئەفریقیا گەڕایەوە بۆ ئەوەی لە میانەی خەباتێکی ئاشتیخوازانە بەریتانیای مەزن ناچار بکات بۆ ئەوەی دەدان بە سەربەخۆیی نیمچە کیشوەری هیندستان (ئەوکات هیندستان، پاکستان و بەنگلادیشی ئێستای لەگەڵدابوو) بنێت، هەوڵی یەکەمی ئەوە بوو لە ڕێگەی حزبە سیاسییەکانەوە زەمینە بۆ ئەو خەباتە خۆش بکات، بەڵام کەتێك بۆی دەرکەوت، زۆر زەحمەتە حزبە سیاسییەکان لەسەر ئەم شێوازە تازەیەی خەبات بۆ سەربەخۆیی هێندستان ڕێکبکەون، ئەوا بڕیاریدا شار بە شار و گوند بە گوندی هیندستان بگەڕێت و خۆی راستەوخۆ لەگەڵ تەواوی گەلانی هیندستان بە موسڵمان و هیندوس و ئایینەکانی دیکەوە قسەبکات، هەر بەمەش توانی کاروانی خوێ (مسیره الملح) ڕێکبخات و چۆك بە بەریتانیای مەزن دابدات و ددان بە سەربەخۆیی هیندستاندا بنێت، بەم بڕیارەش گاندی بۆ هەتاهەتایە بووە باوکی رۆحی تەواوی هیندستان بە پاکستان و بانگلادیشی ئێستاشەوە، بەهەمان شێوە نیلسۆن ماندێلا دوای ئەوەی بۆ ماوەی ٢٧ ساڵی رەبەق لە زینداندا بوو، بەڵام کاتێك لە زیندان ئازادکرا، بڕیاریدا بە ئاشتی کۆتایی بە رژێمی ئەپارتاید بهێنێت، دیارە ئەم بڕیارەی ماندێلاش لەلایەن حزبەکانی باشووری ئەفریقاوە بە گوڵ پێشوازی لێنەکرا، بۆیە ماندێلاش ناچار بوو راستەوخۆ لەگەڵ گەلەکەی قسە بکات و لەسەر بڕیارەکەی خۆی سوور بێت و بە بێ خوێنڕشتن توانی رژێمی ئاپارتاید کۆتایی پێبهێنێت و بە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدان سەربەخۆیی باشووری ئەفریقیا رابگەیەنێت. لە ئێستای کوردستانیشدا کە مسعود بارزانی ڕێبەرایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستانی کەوتووەتە سەرشان و گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە بێجگە لە سەربەخۆیی ئەلتەرناتیڤێکی دیکە نییە، هەموو هەوڵی بۆ ئەوە خستۆتەکار بۆ ئەوەی بە ڕێگەی حزبە سیاسییەکان زەمینەیەك بۆ ئەم بڕیارە نەتەوەییە مێژووییە بڕەخسێنێت، بەڵام سروشتی حزبە سیاسییەکانی کوردستانیش وەك سروشتی هەموو حزبە سیاسییەکانی نەتەوەکانی دیکە لە قۆناخە هەستیار و چارەنووسسازەکاندا، هەتا ئێستا هەمان سیناریۆیان دووبارە کردۆتەوە، ئاراستەی وتووێژ و کۆبوونەوەکانیان هێندەی ئاستەنگ دروستکردنە بۆ ئەم بڕیارە چارەنووسسازە نەتەوەییە، هێندە هەوڵیان نەداوە کێشە ناوخۆییە لاوەکییەکان وەلابنێن و هەموو پێکەوە بە یەکدەنگی و یەکڕیزی زەمینە بۆ ئەم دەرفەتە مێژووییە بڕەخسێنن، لەم حاڵەتەدا کە مێژوو و نەوەکانی ئایندە لە هیچ کەس و لایەنێکی قبووڵ ناکەن ئەم دەرفەتە مێژووییەی بۆ کوردستان هاتۆتەپێشەوە لەدەست بدرێت، ئەوا ئەم واقیعە فەرزی دەکات ئەگەر کۆبوونەوەی حزبەکان و بە دەنگەوەهاتنی دەستپێشخەرییەکانی سەرۆك بارزانی بە تێڕوانینی حزبییانە بخوێندرێتەوە و کۆبوونەوەکان ببنە سەرچاوەی کات بەفیڕۆدان، ئەوا دەبێت سەرۆکی ئێمەش بە هاوشێوەی سەرۆکە کاریزماکانی نەتەوەکانی جیهان لەگەڵ گەلەکەی خۆی بڕیاربدات.

## ئایا بێجگە لەسەر بەخۆیی بژاردەی دیکە هەیە؟

سیاسەتکردن و بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسی، هەڵسەنگاندن و مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو بژارانەی کە واقیعی سیاسیی نەتەوە دەیخاتە بەردەم دەوڵەت و حزبە سیاسییەکان و، لە میانەی هەڵسەنگاندن و وتووێژ لەسەر ئەو بژاردە جیاوازانەش سەرەنجام کام بژاردە زیاتر لە بەرژەوەندی باڵای نەتەوەدا بوو، ئەوا هەموو لایەك دەگەنە رایەکی هاوبەش و بڕیاری لەسەر دەدرێت، ئەم ئاراستەیە زیاتر بۆ

باری ئاسایی دەوڵەت و حزبە سیاسییەکانە، بەڵام زۆر جاران کە نەتەوە دەکەوێتە بارودۆخێکی نائاساییە و تەنیا یەك بژاردەی لەبەردەمدا دەمێنێتەوە و ئەگەر نەتوانێت لە سەر ئەو بژاردەیە بڕیار بدات، ئەوا چارەنووسی نەتەوە دەکەوێتە مەترسییەوە. هەر بۆ نموونە رۆزفەڵت زۆر پێش رووداني کارەساتی پیرل هاربەر گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە بۆ ئەمریکا بێجگە لە بەشداریکردنی لە شەڕی دووەمی جیهانیدا رێگەیەکی دیکە نییە، بەڵام هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتی لەناو کۆنگرێس نەیاندەتوانی ئەم پرسە یەکلایی بکەنەوە، بۆیە دوای رووداني کارەساتی پیرل هاربەر، سەرۆك رۆزفەڵت بە پشتیوانی گەلی ئەمریکا بڕیاریدا ئەمریکا بچێتە ناو شەڕی دووەمی جیهان، هەر ئەم بڕیارەش دوای شەڕەکە ئەمریکای کردە سوپەرپاوەری جیهانی، هەروەها لە دوای تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی، حزبە سیاسییەکانی کۆماری چوارەمی فەرەنسا ئاستەنگی گەورەیان لە بەردەم پرۆژەکەی دیگۆل دروستکرد بۆ ئەوەی شکۆی فەرەنسا بگێڕێتەوە و ئاسەواری داگیرکاری نازییەکان کۆتایی پێبهێنێت، بۆ ئەمەش بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە ١٩٤٦- ١٩٥٨ حزبە سیاسییەکانی کۆماری چوارەم فەرەنسایان گەیاندە ئەو ئاستەی کە مەترسی ئەوەی لێ بکرێت، فەرەنسای مەزن لەبەریەك هەڵبوەشێت، بۆیە ئەمجارەیان شارل دیگۆل بەبێ گەڕانەوە بۆ حزبە سیاسییەکان کۆماری پێنجەمی راگەیاند و دەستوورەکەی خستە ریفراندۆم و گەلی فەرەنسا پەسەندی کرد، بەمەش نەك هەر توانی کۆتایی بە باری ناسەقامگیری و سیاسیی فەرەنسا بهێنێت، بەڵکو فەرەنسای کردەوە بەو دەوڵەتەی کە توانی بەردی بناخەی یەکێتی ئەورووپای ئێستا دابنێت.

بۆ ئێمەش وەك ئەزموونی حوکمڕانی باشووری کوردستان، ئێستا ئەو کاتە چارەنووسسازەیە کە بێجگە لە تەنیا یەك بژاردە کە ئەویش بڕیاری سەربەخۆیی کوردستانە، بژاردەیەکی دیکە لەبەر دەست نییە، ئەوجا کە دەشڵێین بژاردەی دیکە لەبەردەست نییە، ئەوا دەکرێت راشکاوانە بەچەند خاڵێك دەستنیشانی بکەین:

١. بژاردەی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان بێجگە لە بڕیاری سەربەخۆیی، گەڕانەوەیە بۆ بەغدا، یان لە باشترین حاڵەتدا خستنە گەڕی هەوڵێکی دیکەیە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەوەی کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین، ئەم بژاردەیە ئەگەر لە ئێستادا بوونی هەبێت و حکومەتی شیعەی ناوەند بڕوای بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوەند و هەرێم هەبێت، دەتوانین بڵێین دەکرێت ئەم بژاردەیەش قسەی جددی لەسەر بکرێت و حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە میانەی فراکسیۆنەکانیان لەناو پەرلەمانی عێراقدا بە یەکدەنگی نەخشەڕێگەیەك دروست بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین کێشەکانمان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا چارەسەربکەین، بەڵام پرسیارە ئەوەیە: ئایا حوکمڕانی شیعەی بەغدا بڕوای بەوەیە کێشەکانی خۆی لەگەڵ کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا چارەسەر بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لای ئەو حزبە سیاسییانەیە کە لە دژی سەربەخۆیی کوردستان، پەنا بۆ ئەم بژاردەیە دەبەن و خەڵك بەو جۆرە چەواشە دەکەن کە ئەم بژاردەیە لەبەر دەستە و جارێ کاتی بڕیاردان بۆ سەربەخۆیی کوردستان نییە.

٢. ئێمە کاتێك باسی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەکەین لە چوارچێوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقدا، واتە خاڵی سەرەکی و جەوهەری ئەوەیە کە دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی پێناسە بکرێت و پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان هەرێم و ناوەند بەوجۆرە بێت، کە ناوەند کۆمەڵێك دەسەڵاتی سنوورداری تایبەت بە سەروەریی و شکۆی دەوڵەتی هەبێت، وەك (پێوەندییەکانی دەرەوە، سیستمی بەرگری، سیاسەتی نەختینەی دەوڵەت). هەرێمەکانیش دەبێت تەواوی دەسەڵاتەکانی دیکەیان هەبێت، تەنانەت بە دەسەڵاتی گرێدانی هاوپەیمانی لەسەر ئاستی ئابووری لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوەی عێراقیش. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هاوپەیمانی حزبە سیاسییەکانی شیعە بە هەموو حزب و بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکانیانەوە، هیچ کامیان ئامادەیی ئەوەی هەیە عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی بەم شێوەیە پێناسە بکرێت؟ یان هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە حکومەتێکی ئۆتۆکراسی شیعە (ولایەتی فەقی ) لە عێراقدا دابمەزرێت و ئەوەی بەو حوکمڕانییە رازی نەبێت، دەبێت لەسێدارە بدرێت، ئەگەر حوکمڕانەکانی شیعە بەوە رازین عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت، ئایا کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا چین؟

٣. دەبێت ئەو راستییە لەبەرچاوە بگرین، کە لە

**سەرۆکی وڵات با سەرۆکی هەڵبژێردراوی ناو گەلیش بێت و زۆرینەی گەلەکە دەنگی پێدابێت، دیسان ئەم سەرۆکەش بەبێ گەڕانەوە بۆ گەلەکەی ئەو مافەی نابێت لەسەر ئەو پرسە چارەنووسسازانەی شکۆی نەتەوە دیاری دەکەن بڕیار بدات**

**لە ٢٠١٢ سەرۆک بارزانی گوتی: «گەلی کوردستان چ بڕیارێک بدات، ئێمە ناچارین هەر ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەین.» ئەم گوتار و رەفتارانەی مسعود بارزانی بۆ پێناسەی سەرۆک پێمان دەڵێت: سەرۆک مافی ئەوەی هەیە رێگەچارە دەستنیشان، یان پێشنیار بکات، بەڵام ئەوەی سەرچاوەی بڕیاردانە گەلی کوردستانە، نەک سەرۆک، یان حزبێکی سیاسی دیاریکراو**

**دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کە ئەو کاتیش بارزانی سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، دیسان بە ئاشکرا رایگەیاند هیچ حزبێکی سیاسی بۆی نییە خۆی بەسەر گەلی کوردستاندا فەرز بکات و دەبێت گەل خۆی بڕیار بدات چ سیستمێک دیاری دەکات و متمانەی خۆی بەکام لایەنی سیاسی دەدات**

**حزبی سیاسی پێش هەموو شت لە چوارچێوەی یاسای حزبەکان لە دەوڵەتدا کاردەکات و دەوڵەت سنووری چالاکییەکانی حزب دیاری دەکات، کە لەم چوارچێوەیە دەرچوو، ئیدی ئەوە کاری حزب نییە و دەوڵەت خۆی بڕیاری لەسەر دەدات، کەواتە ئەمەش پێمان دەڵێت، حزب بۆی نییە یاری بە شکۆی نەتەوە بکات، یان ئایدیۆلۆژیەتی خۆی بەسەر نەتەوەدا فەرزبکات**

**لە پرۆسەی بڕیاردانی چارەنووسسازی نەتەوەدا، حزبی سیاسی ئەو مافەی نییە نوێنەرایەتی نەتەوە بکات، هەتا ئەگەر ئەو حزبە حزبی فەرمانڕەوای وڵاتیش بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر حزبی سیاسیی فەرمانڕەوا لە بری نەتەوە بڕیار بدات، ئەوە ئەو حوکمڕانییە دەگۆڕێت بۆ حوکمڕانییەکی خۆسەپێن و دیکتاتۆری، تەنانەت سەرۆکی هەڵبژێردراوی نەتەوەش بەبێ گەڕانەوە بۆ نەتەوەکەی خۆی ئەو مافەی نابێت بڕیاری چارەنووسساز لەسەر ئایندەی نەتەوە بدات**

سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، کێشەی کورد کێشەیەکە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، لەبەر ئەوەی سیاسەتی بەریتانیای کۆلۆنیالی نەك هەر لە عێراق، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی کۆلۆنیالی بەریتانی بەوجۆرە بووە کە هەمیشە کەمینەیەك حوکمڕانی ئەو وڵاتە بکەن و، پشتگیری ئەو کەمینەیەی کردووە بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی دیکە سەرکوت بکات. دیارە لە عێراقدا حوکمڕانیی کەمینەی عەرەبی سوننە، بەرامبەر عەرەبی شیعەش کەمتر لە کوردی نەکردووە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کە ئێستا شیعە بوونە حوکمڕانی عێراق، ئامادەن هەڵە گەورەکانی پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق راست بکەنەوە، بەتایبەتی کە دەسەڵاتی عەرەبی سوننە (لەبەر ئەوەی کەمینە بووە) لەماوەی ٨٠ ساڵی حوکمڕانیدا بە پادشایی و کۆمارییەوە، ستراتیژیەتی سەرەکی ئەوە بووە کە سنووری خۆی لەسەر حیسابی کورد و پێکهاتەکانی دیکە فراوان بکات و بە چڕی سیاسەتی بەعەرەبکردنی کوردستانی پیادە کردووە، ئەم سیاسەتە لەبەر ئەوەی ریشەیەکی قووڵی داکوتاوە، لە دەستووری ٢٠٠٥ ماددەی ١٤٠ی بۆ تەرخانکراوە بۆ ئەوەی بە چەند قۆناخێك ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر کوردستان. پرسیار لێرەدا ئەوەیە دوای ئەوەی بە خوێنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان (ناوچەکانی ماددەی ١٤٠) لەدەستی داعش ئازادکرانەوە و پارێزراون، ئایا ئێستاش حکومەتی بەغدا ئامادەیە بڵێت ئەو ناوچانە بەشێکن لە کوردستان، یان لانیکەم بڵێت با ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت و پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بە شێوەیەکی یاسایی بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هادی عامری فەرماندەی حەشدی شیعە زۆر بە راشکاوی داویەتەوە و دەڵێت: «دەبێت دوای نەمانی داعش پێشمەرگە لە تەواوی ئەو ناوچانە بکشێتەوە»!!

٤. سەبارەت بە حکومەتی فیدراڵی عێراق کە پێویستە رەنگدانەوەی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بێت، هەر پێکهاتەیەك بە قەوارەی خۆی و بەشداری نوێنەرانی هەرێمە فیدراڵەکان لە ئەنجومەنی فیدراڵی عێراق بە یەکسانی، دیارە بەپێی دەستووری عێراق، حکومەتی فیدراڵی هێندەی نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانی عێراق دەکات، هێندە بۆ ئەوە دانامەزرێت کە راستەوخۆ حوکمڕانی شار بە شار و گوند بە گوندی عێراق بکات، حکومەتی فیدراڵی کاری ئەوەیە هاوسەنگیی نێوان حکومەتە لۆکاڵەکان رابگرێت و هەموو داهاتەکانی عێراق بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر حکومەتە لۆکاڵەکانی عێراقدا دابەش بکات، دیارە حکومەتی لۆکاڵیش دوو جۆرن، جۆرێکیان دانپێدانانی رەسمییە پێش نووسینەوەی دەستووری عێراق بە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی سەربەخۆ کە دواتر ئەمە لە دەستووردا چەسپێندراوە، جۆری دووەمیشیان پارێزگاکانی دیکەی عێراقە کە ئەوانیش دەتوانن بەپێی یاسای هەرێمەکان، هەر یەکەیان هەرێمێکی سەربەخۆ بێت، یان چەند پارێزگایەك خۆیان لە هەرێمیکدا رابگەیەنن، بەڵام ئەگەر لەم راستەوە سەیری تێڕوانینی هاوپەیمانی حزبە شیعەکانی عێراق بکەین، ئەوان هیچ کامیان نە بڕوایان بەوەیە حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا بەوجۆرە حوکمڕانی بکات، نە بڕواشیان بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان هەیە، لەمەش زیاتر لەبەر ئەوەی ئەوان بە جۆرێکی دیکە و وەك حکومەتێکی سەنتراڵی سەیری حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا دەکەن، دەبینین هەموو ئۆباڵی شکستی دەوڵەتی عێراق بە هەموو دامەزراوەکانیەوە دەبەستنەوە بەوەی ئەم حکومەتە حکومەتی پشکپشکێنەیە، بۆیە ناتوانێت حوکمڕانی بکات، ئەمە لە کاتێکدا حکومەتی فیدراڵی بەغدا تەنانەت بۆ بەغداش وەك پایتەخت بۆی نییە حوکمڕانیی راستەوخۆ بکات، بەڵکو حوکمڕانیی راستەوخۆی رۆژانەی خەڵك پەیوەستە بە حکومەتی لۆکاڵی بەغداوە، نەك حکومەتی فیدراڵی کە بارەگاکەی لە بەغدایە.

لێرەوە ئەگەر تێگەیشتنی شیعە بۆ حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا، حکومەتێکی سەنتراڵی ئۆتۆکراسی شیعە بێت، ئەمە مانای ئەوەیە کاتێك هەرێمی کوردستان دەیەوێت کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، لەگەڵ حکومەتێکی ئۆتۆکراسی شیعە وتووێژ دەکات، ئەو حکومەتەش بڕوای بەوە نییە هەرێمی کوردستان لە میانەی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان حوکمڕانی بکرێت. ئەگەر هەرێمی کوردستان بۆ نموونە لە میانەی یاسای نەوت و گازی پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی خۆی بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوە سروشتیەکان بەکار بهێنێت (کە لە دەستووری عێراقدا ئەو دەسەڵاتانە بە هەرێمی کوردستان دراوە)، ئەوا رووبەڕووی سزادانی بڕینی بودجە

و مووچە دەبێتەوە، هەروەك چۆن لە ٢٠١٤ـەوە لەسەر ئەم بنەمایە بودجە و مووچەی کوردستانیان بڕیوە و هەتا ئێستا حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا یاسای نەوت و گازی نییە و دەیەوێت کوردستان ناچاربکات بە یاسای نەوت و گازی ڕژێمی بەعس مامەڵە بکات، کە ئەمەش واتە لغاوکردنی ئابووری کوردستان لە دەستی ناوەندا، هەر بۆیە ئەگەر حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا بە کردەیی بووە حکومەتی سەنترالی ناوەند، ئایا چ مانایەك بۆ هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە وەك هەرێمێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵدا؟ لەمەش راشکاوانەتر ئەگەر شیعە ئامادە نەبێت عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، ئایا مانەوەی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئۆتۆکراسی شیعەدا، گاڵتەکردن نییەی بە سیاسەت و خەڵکی کوردستانیش؟

٥. خاڵێکی دیکە مەسەلەی چارەنووسی پێشمەرگەیە کە هەموو کات بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بەبێ پێشمەرگە هیچ مانایەکی نەبووە و ئێستاش هەرێمی کوردستان بەبێ پێشمەرگە هیچ مانایەکی نییە. دیارە لەناو دەستووری عێراقیشدا بەهەوڵ و پێداگیری سەرۆك بارزانی، پێشمەرگە وەك گاردی کوردستان و بەشێك لە دامەزراوەی بەرگری عێراق چەسپێندراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە بەپێی دەستوور پێشمەرگە ئەرکی پاراستنی کوردستانی وەك بەشێك لە عێراق لەسەر شانە و سەروەریی هەرێمیش بەشێکە لەسەروەری عێراق، بۆیە لەو بودجەیەی بۆ پاراستنی سەروەریی عێراق دیاری دەکرێت، دەبێت بودجەی پێشمەرگەش لەو بودجەیە بدرێت، بەڵام با سەیری سیاسەتی حکومەتی شیعە لە بەغدا بکەین، لە ماوەی ١٢ ساڵی رابردووی دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، دەبینین بەغدا نەك هەر یەك دیناری بودجەی پێشمەرگەی نەداوە، لە هەمانکاتدا سەروەریی هەرێمی کوردستانیشی بە بەشێك لە سەروەری عێراق نەزانیوە و ئامانجی ئەوە بووە پێشمەرگە لەژێر گەمارۆی بەغدادا نەتوانێت سەروەریی کوردستان بپارێزێت، تەنانەت لە دوای ئەوەی داعش هێرشیشی کردەسەر کوردستان و بەشێکی خاکی کوردستانی داگیرکرد، دوای ئەوەی بە نێوانجیگەری ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان، کورد لەسەر ئەو بنەمایە بەشداری حکومەتەکەی عەبادی کرد کە حکومەتەکەی بودجەی پێشمەرگە لەگەڵ بودجەی سەروەریی عێراق بێت، بەڵام ئەوەشی نەکرد، ئەمە مانای ئەوەیە شیعەی عێراق خۆیان راشکاوانە بە کوردستانیان راگەیاندووە، سەروەریی کوردستان بەشێك نییە لە سەروەری عێراق، باشە کە سەروەریی کوردستان بەشێك نەبێت لەسەروەری عێراق ئایا قسەکردن لەگەڵ بەغدا چ مانایەکی هەیە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە سەرۆك لەگەڵ گەلەکەی خۆی ئەم پرسە راشکاوانە یەکلایی بکاتەوە.

**● پرسی سەربەخۆیی موزایەدەی سیاسی لەسەر ناکرێت گەل لە هیچ لایەکی قبوڵ ناکات**

لە پرۆسەی بڕیاردانی چارەنووسسازی نەتەوەدا، حزبی سیاسی ئەو مافەی نییە نوێنەرایەتی نەتەوە بکات، هەتا ئەگەر ئەو حزبە حزبی فەرمانڕەوای وڵاتیش بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر حزبی سیاسیی فەرمانڕەوا لە بری نەتەوە بڕیار بدات، ئەوە ئەو حوکمڕانییە دەگۆڕێت بۆ حوکمڕانییەکی خۆسەپێن و دیکتاتۆری، تەنانەت سەرۆکی هەڵبژێردراوی نەتەوەش بەبێ گەڕانەوە بۆ نەتەوەکەی خۆی ئەو مافەی نابێت بڕیاری چارەنووسساز لەسەر ئایندەی نەتەوە بدات، ئەم راستییە بەرچاوڕوونییەکمان دەداتە بەردەست کە حزبی سیاسی پێش هەموو شت لە چوارچێوەی یاسای حزبەکان لە دەوڵەتدا کاردەکات و دەوڵەت سنووری چالاکییەکانی حزب دیاری دەکات، کە لەم چوارچێوەیە دەرچوو، ئیدی ئەوە کاری حزب نییە و دەوڵەت خۆی بڕیاری لەسەر دەدات، کەواتە ئەمەش پێمان دەڵێت، حزب بۆی نییە یاری بە شکۆی نەتەوە بکات، یان ئایدیۆلۆژیەتی خۆی بەسەر نەتەوەدا فەرزبکات، یان حزبەکەی بکاتە سەربازگایەك و فەرمان بەسەر تاکەکانی نەتەوە فەرز بکات. لەوانەیە بۆ ئەم حاڵەتە پرۆسەی ریفراندۆمی بەریتانیا بۆ جیابوونەوە لە یەکێتی ئەورووپا نموونەیەکی باش بێت. دیارە لەم جیهانەدا هیچ سەرۆك و سەرۆك وەزیرانێك نییە هێندەی سەرۆکی ئەمریکا و سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا دەسەڵاتی هەبێت، لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتەکانیان لە چوارچێوەی دەستووری وڵاتەکەشیان بە چەندین ڤیتۆ سنووردار کراوە، بەڵام زۆر جاریش توانیویانە بە پشت بەستن بە رای گشتی و بە گەڕانەوە بۆ گەلەکانیان ئەو ڤیتۆیانە لابەرن، ئەمەش وەك چۆن رۆزفەڵت توانی ئەمریکا بەرێتە ناو شەڕی دووەمی جیهانی بە هەمان شێوە چەرچلیش توانی بەریتانیا

**لە ماوەی ١٢ ساڵی رابردووی دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، دەبینین بەغدا نەك هەر یەك دیناری بودجەی پێشمەرگەی نەداوە، لە هەمانکاتدا سەروەریی هەرێمی کوردستانیشی بە بەشێك لە سەروەری عێراق نەزانیوە و ئامانجی ئەوە بووە پێشمەرگە لەژێر گەمارۆی بەغدادا نەتوانێت سەروەریی کوردستان بپارێزێت**

**ئەگەر شیعە ئامادە نەبێت عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، ئایا مانەوەی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئۆتۆکراسی شیعەدا، گاڵتەکردن نییەی بە سیاسەت و خەڵکی کوردستانیش؟**

**هەتا ئێستا حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا یاسای نەوت و گازی نییە و دەیەوێت کوردستان ناچاربکات بە یاسای نەوت و گازی رژێمی بەعس مامەڵە بکات**



بەرێتە ناو هاوپەیمانی ئەو شەڕە، بەڵام ئەگەر بە دیوێکی دیکەدا سەیری ئەم دەسەڵاتانەی سەرۆکی ئەمریکا و سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بکەین، ئەگەر گەل بۆچوونێکی جیاوازی هەبوو لە سەرۆکی ئەمریکا، یان سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، هەروەك لە ریفراندۆمەکەی مانگی حوزەیرانی رابردووی بەریتانیا بینیمان کە زۆرینەی گەلی بەریتانیا دەیانویست لە یەکێتی ئەوروپا بێنەدەرەوە و داڤید کامیرۆن-ی سەرۆك وەزیران و سەرۆکی پارتی پارێزگاران دەیویست بەریتانیا لەناو یەکێتی ئەوروپا بمێنێتەوە، ئەوا وەك بینیمان دیڤید کامیرۆن دەستی لەکار کێشایەوە و تەسلیمی ئیرادەی زۆرینەی گەلی بەریتانیا بوو، با گریمانەی ئەوەش بکەین، گریمان بۆچوونەکەی کامیرۆن بۆ ئایندەی بەریتانیا باشتر بوو.

کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت، پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان نابێتە پرۆسەی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو، هەر لایەنێکی سیاسی دیاریکراویش با حزبی فەرمانڕەواش بێت، ئەگەر ئەم پرۆسەیە بکاتە پرۆسەی خۆی، ئەوا جیا لەوەی غەدرێکی گەورە لە نەتەوەکەی دەکات، لە هەمانکاتدا سەروەریی و ئیرادەی نەتەوەییش هیچ مانایەکی نامێنێت، بەڵام دەکرێت حزبە سیاسییەکان لە بری ئەوەی غەدر لە ئیرادەی نەتەوە بکەن، فاکتەرێکی خێربن بۆ دەرخستنی ئیرادەی نەتەوە، هەتا ئەگەر ئیرادەی نەتەوە لەو بڕیاردا دژ بە بەرژەوەندی حزبە سیاسییەکانیش بێت، هەر ئەمەش وایکردووە ئەو پرسانەی پێوەندییان بە شکۆی نەتەوەوە هەیە، وەك بڕیاردانی سەربەخۆیی، دەستوور، ئەو سیستمە سیاسییەی حوکمڕانی وڵات دەکات، یان وەك دەوڵەتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە دەستبەرداربوون لە نەختیی نیشتمانی و بەکارهێنانی





نەختیی یۆرۆ، ئەم پرسانە حزبە سیاسییەکان بڕیاری لەسەر نادەن و ئەو مافەشیان نییە بڕیاری لەسەر بدەن، تەنانەت ئەگەر حزبە سیاسییەکان لە سەر پێشنیارێکیش ڕێکبکەون، ئەوە پێشنیارە و بڕیار نییە، ئەو کاتە دەبێتە بڕیار کە گەل ریفراندۆمی لەسەر دەکات و ئەو کاتە لەسەر هەموو لایەکیش فەرز دەبێت کە پێوەی پابەندبن.

سەبارەت بە سەرۆکی وڵات با سەرۆکی هەڵبژێردراوی ناو گەلیش بێت و زۆرینەی گەلەکە دەنگی پێدابێت، دیسان ئەم سەرۆکەش بەبێ گەڕانەوە بۆ گەلەکەی ئەو مافەی نابێت لەسەر ئەو پرسە چارەنووسسازانەی شکۆی نەتەوە دیاری دەکەن بڕیار بدات، لێرەدا گرنگە ئەوە بەبیر بهێنینەوە کە جەنابی مستەفا بارزانی لە ساڵی **١٩٦٣-١٩٦٤** بۆ ئاگربەستی شۆڕش لەگەڵ حکومەتی بەغدا رای گەلی کوردستانی وەرگرتووە و سەربەخۆ لەبری گەلەکەی بڕیاری نەداوە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایە بووە کە ئەو شۆڕش بۆ گەلەکەی دەکات، ئەگەر گەلەکەی شتێکی لا پەسەند نەبێت، ئەو مافەی نییە بەسەر گەلەکەیدا فەرزی بکات.

لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری هەموو قسە و گوتارەکانی سەرۆك مسعود بارزانی بکەین، هەر لە ساڵی **١٩٩١** تا ئێستا، تەنانەت لەو کاتەشی کە سەرۆکی شاندی دانوستاندنی بەرەی کوردستانی بووە لەگەڵ بەغدا، راشکاوانە ئەوەی وتووە، ئێمە دەچین وتووێژ دەکەین، بەڵام ئاکامی وتووێژەکە دەخەینە بەردەستی خەڵکی کوردستان ئەگەر گەلی کوردستان پەسەندی کرد، دەبێتە بڕیار، نەك من ئیمزای لەسەر بکەم. لەمەش زیاتر دوای راپەڕینی بەهاری **١٩٩١** کە ئەو کاتیش بارزانی سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، دیسان بە ئاشکرا رایگەیاند

**ئایا حوکمڕانی شیعەی بەغدا بڕوای بەوەیە کێشەکانی خۆی لەگەڵ کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا چارەسەر بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لای ئەو حزبە سیاسییانەیە کە لە دژی سەربەخۆیی کوردستان، پەنا بۆ ئەم بژاردەیە دەبەن و خەڵک بەو جۆرە چەواشە دەکەن کە ئەم بژاردەیە لەبەر دەستە و جارێ کاتی بڕیاردان بۆ سەربەخۆیی کوردستان نییە**

**مێژوو و نەوەکانی ئایندە لە هیچ کەس و لایەنێکی قبووڵ ناکەن ئەم دەرفەتە مێژووییەی بۆ کوردستان هاتۆتە پێشەوە لەدەست بدرێت، ئەوا ئەم واقیعە فەرزی دەکات ئەگەر کۆبوونەوەی حزبەکان و بە دەنگەوەهاتنی دەستپێشخەرییەکانی سەرۆک بارزانی بە تێڕوانینی حزبییانە بخوێندرێتەوە و کۆبوونەوەکان بینە سەرچاوەی کات بەفیڕۆدان، ئەوا دەبێت سەرۆکی ئێمەش بە هاوشێوەی سەرۆکە کاریزماکانی نەتەوەکانی جیهان لەگەڵ گەلەکەی خۆی بڕیاربدات**

هیچ حزبێکی سیاسی بۆی نییە خۆی بەسەر گەلی کوردستاندا فەرز بکات و دەبێت گەل خۆی بڕیار بدات چ سیستمێك دیاری دەکات و متمانەی خۆی بەکام لایەنی سیاسی دەدات. لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستانیش کە سەرۆك بارزانی لە نەورۆزی ٢٠١٢ بە ئاشکرا بە جیهانی ڕاگەیاند، ئەگەر مالیکی عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت بەرێت، ئەوا گەلی کوردستان نابێتە پاشکۆی حکومەتێکی دیکتاتۆری و تەنیا یەك بژاردەی لەبەردەمدا دەمێنێتەوە ئەویش گەڕانەوەیە بۆ بڕیاری گەلی کوردستان، سەیر بکەن لە ٢٠١٢ سەرۆك بارزانی گوتی: «گەلی کوردستان چ بڕیارێك بدات، ئێمە ناچارین هەر ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەین.» ئەم گوتار و ڕەفتارانەی مسعود بارزانی بۆ پێناسەی سەرۆك پێمان دەڵێت: سەرۆك مافی ئەوەی هەیە ڕێگەچارە دەستنیشان، یان پێشنیار بکات، بەڵام ئەوەی سەرچاوەی بڕیاردانە گەلی کوردستانە، نەك سەرۆك، یان حزبێکی سیاسی دیاریکراو.

دیارە لەماوەی ساڵی ٢٠١٢ تا سەرەتای ٢٠١٥ـەش، نەك تەنیا هەوڵە ناوخۆییەکان، بەڵکو ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە هەوڵی ئەوەدا بوون ڕێگەچارەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێم بدۆزنەوە، بۆ ئەمەش گوشاری زۆریان بەکارهێنا بۆ ئەوەی لەسەر میکانیزمێك ڕێکبکەون، هەتا لە نۆڤەمبەری ٢٠١٤ و لە بارەگای ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان لە گردەکە، ڕێککەوتن لەسەر ئەو میکانیزمە بەشداری حکومەتی عەبادی بکەن، بەڵام پەرلەمانی عێراق تەنیا بۆ ماوەی ٣٠ خولەك چاوەڕێی ئەوەی نەکرد، کورد بڕیارەکەی خۆی بە فەرمی بداتە پەرلەمانی عێراق، پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوەکانی خۆی دەستپێکرد بۆ متمانەدان بە حکومەتەکەی عەبادی. ئەم ڕەفتارەی پەرلەمانی عێراق کە ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی عەرەبی عێراق بوو بە شیعە و سوننەوە بەرامبەر بە کورد، پەیامێکی ئاشکرا بوو کە عەرەبی عێراق نایانەوێت کورد بەشێك بێت لە عێراق، لەو کاتەوە زۆر هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و ئەلتەرناتیڤیان بۆ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێم دۆزیوەتەوە لەو کاتەی کە بەغدا ئامادە نەبووە وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، هەروەك چۆن پێنتاگۆن بە ئاگاداری بەغدا ڕێککەوتنی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە ئەنجامدا، هەروەها بانکی نێودەوڵەتی لای خۆیەوە پشکی کوردستانی لەو قەرزە جیاکردەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر بەغدا سوور بێت لەسەر ملهوڕییەکانی بەرامبەر کوردستان، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کوردستان بەدوای ئەلتەرناتیڤی دیکەدا دەگەڕێت.

ئەوەی لەم خوێندنەوەیە پێی دەگەین، ئەو ڕاستییەیە کە سەرۆك بارزانی لە ٢٠١٢ بە جیهانی ڕاگەیاندن، ئەگەر حکومەتی بەغدا بەرەو دیکتاتۆریەت بچێت و ئامادە نەبێت لە چوارچێوەی دەستووری عێراق کێشەکان چارەسەر بکات، ئەوا بەدیلی دیکە نییە و دەبێت بگەڕێینەوە بۆ گەلی کوردستان ۆ ئەوەی بڕیار بدات. دیارە دوای نزیکەی پێنج ساڵ بەسەر ئەم گوتارەی بارزانی-دا، ئێستا نەك هەر دەوڵەتە گەورەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵکو عێراق و دەوڵەتانی دراوسێی کوردستانیش گەیشتوونەتە قەناعەت کە کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان عێراق بەو شێوازەی هەرێم داوای دەکات لە چوارچێوەی دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێن، گەیشتۆتە بنبەست و چارەسەر ناکرێن، بۆیە بەرامبەر ئەو هەنگاوانەی سەرۆك بارزانی هەڵیدەگرێت بۆ گەڕانەوە بۆ بڕیاری خەڵکی کوردستان، بێجگە لە ڕێزگرتنی ئەو ئیرادەی ئەو بڕیارە دەدات، کاردانەوەی سلبی دیکەمان نەبینیوە، بەڵام ئەوەی بۆتە جێگەی سەیر و سەمەرەی سیاسی لە کوردستاندا، ئەوەیە حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئێستا لەسەر ئەم پرسە چارەنووسسازە مشتومڕی سیاسی دەکەن، کە لە بنەڕەتدا ئەم پرسە تەنیا و تەنیا پەیوەستە بە بڕیاری گەلی کوردستانەوە، نەك حزبە سیاسییەکان.

## • دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی و چارەسەرکردنی کێشە سیاسییە ناوخۆییەکان

کاتێك باسی دەستپێشخەری سەرۆك بارزانی بۆ لایەنە سیاسییەکان دەکرێت، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ئەم دەستپێشخەریەی درێژەپێدەری ئەو زنجیرە دەستپێشخەریانە کە سەرۆك بارزانی بەردەوام لە پێناوی یەکریزی و یەکگوتاری حزبەکانی کوردستان کردوویەتی، دەستپێشخەرییە هەنگاوێکە بۆ دانوستاندنی نێوان حزبە سیاسییەکان بۆ ئەوەی دەروازەیەك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی کێشە سیاسییەکان چارەسەر بکرێت، بەڵام لێرەدا پێویستە ڕاشکاوانە ئەو ڕاستییە بخەینەڕوو کە دەستپێشخەرییەکەی

سەرۆك بارزانی هیچ داوایەكی لەسەر حزبە سیاسییەكان تێدا نییە، بەڵكو ئەمە هەوڵێكی دیكەیە بۆ ئەوەی ئەو لایەنە سیاسییانەی كێشەیان هەیە، كێشەكانی خۆیان بە ئاشكرا بڵێن بۆ ئەوەی بە هەموو لایەك چارەسەر بكرێت. لێرەدا گرنگە جەخت لەسەر ئەو كێشانە بكەینەوە كە پێوەندی بە حزبە سیاسییەكانەوە هەیە، بەواتایەكی دیكە كێشەی نێوان حزبە سیاسیەكان دەكرێت بە وتووێژ چارەسەر بكرێت، بەڵام هەندێك جیاوازی دیكە هەیە لە سەر شێوازی سیستمی حوكمڕانی، پرسی دەستوور، شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆكی كوردستان و دەسەڵاتەكانی، شێوازی پێوەندی هەرێم لەگەڵ بەغدا، یان بڕیاری گەلی كوردستان بۆ مانەوە لەگەڵ عێراق، یان بڕیاری سەربەخۆیی، ئەم جۆرە پرسانە كە پێوەندیە بە شكۆی نەتەوەوە هەیە، كاری حزبە سیاسییەكان نین و دەبێت هەموو حزبە سیاسییەكان ئەو پرسانە لێی گەڕێن بۆ ئیرادەی گەل و بزانن گەلی كوردستان چۆن بڕیاری لەسەر دەدات.

كەواتە لەم دەستپێشخەرییەدا سەرۆكی كوردستان بەشێك نییە لە كێشەی نێوان حزبە سیاسییەكان، بەڵكو دەیەوێت ناوبژیوانكاری نێوان هەموو حزبە سیاسییەكان بێت و دەیەوێت بزانێت داواكاری حزبە سیاسییەكان چییە؟

سەبارەت بە پرسی پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردستان، ئاشكرایە سەرۆك بارزانی پۆستی پێشمەرگایەتی سەنگەری كوردستان بە هەموو پۆست و پلەی دنیا ناگۆڕێتەوە و پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردستان شكۆی بۆ سەرۆك بارزانی دروست نەكردووە، بەڵكو ئەوە شكۆی سەرۆك بارزانی-یە كە پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردستانی گەورەتر كردووە، بۆیە سەرۆك بارزانی پێشتریش حزبە كوردستانییەكانی بانگهێشت كردووە و پێی گوتوون: «فەرموون كاندیدی خۆتان دیاری بكەن بۆ ئەوەی دەورو تەسلیمی لەگەڵ بكەم.» سەبارەت بەم دەور و تەسلیمەی سەرۆك بارزانی باسی دەكات، كەم تا زۆر ئەوانەی بە حیساب كێشەیان لەگەڵ سەرۆك بارزانی هەیە، ئاماژە بەوە ناكەن، مەبەستی سەرۆك بارزانی لە پرۆسەی (دەور و تەسلیم) مانای چییە؟ بێگومان ئەگەر لەم قسەیەی سەرۆك بارزانی بە تەواوەتی تێبگەن، ئەوا لە بەردەمی گەلی كوردستاندا هەموو ڕاستییەكان ئاشكرا دەبێت، بۆیە گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بكەین، كاتێك مسعود بارزانی وەك پێشمەرگەیەك دەڵێت: «فەرموون كاندیدی خۆتان دیاری بكەن بۆ ئەوەی دەورو تەسلیمی لەگەڵ بكەین»، مەبەستی ئەم پێشمەرگەیە ئەوەیە لە ئێستادا پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردستان كۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە، وەك هەماهەنگی لەگەڵ هێزەكانی هاوپەیمانان، پێوەندییەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان كە ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرۆكدایە، سەركردایەتیكردنی بەرەكانی شەڕی پێشمەرگە بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠ كیلۆمەتر، واتە سەرۆك بارزانی لە نییەتپاكی خۆیەوە دەیەوێت ئەو كەسەی كاندید دەكرێت بۆ پۆستی سەرۆكی هەرێم لەلایەن حزبەكانەوە، چەند مانگێك هاوكاری بكات، هەتا ئەو پێوەندییانەی بۆ ڕێكدەخات و دەسەڵاتەكانی خۆی دەگوازێتەوە بۆی. سەیربكەن سەرۆك مسعود بارزانی چۆن بیر لە ئایندەی كوردستان دەكاتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە دەستپێشخەرییەكەی سەرۆك بارزانی، دەستپێكی یەكەمە بۆ دەستپێكردنی شەفافیەت لەگەڵ گەلی كوردستاندا، واتە لە میانەی ئەم دەستپێشخەرییەدا دەبێت لایەنە سیاسییەكان بە ئاشكرا بە گەلی كوردستان بڵێن، كێشە سیاسییەكانیان چین و ئەركی حزبی سیاسی لە كوردستاندا چییە و داواكاری حزبە سیاسییەكان چییە. ئەگەر كێشەكە مەسەلەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانە، ئەوا سەرۆك بارزانی نەك نابێتە كێشە، بەڵكو ئاسانكاریش دەكات بۆ ئەوەی ئەو ئاستەنگە لابەرێت، ئەگەر مەسەلەكەش سیستمی پەرلەمانی و هەڵبژاردنی سەرۆكە لەلایەن پەرلەمانەوە، یان ڕاستەخۆ لەلایەن خەڵكەوە، ئەم پرسەش پێوەندی بە سەرۆك بارزانی و بە ئایندەی كوردستانیشەوە هەیە و هیچ لایەنێكی سیاسی ناتوانێت لە بری گەلی كوردستان ئەم پرسە یەكلایی بكاتەوە، لە هەموو حاڵەتێكدا ئەم دەستپێشخەرییە كردنەوەی دەرگایەكی واڵایە لەگەڵ گەلی كوردستان. ئەوەی پێوەندی بە حزبە سیاسییەكانەوە هەبێت، حزبەكان پێكەوە باسی دەكەن و ئەوەشی پێوەندی بە شكۆ و چارەنووسی نەتەوەوە هەبێت، ئەوا گەلی كوردستان بڕیاری لێ دەدات، لەم حاڵەتەشدا حزبەكان دەتوانن كێشە و ململانێی خۆیان چارەسەر بكەن، یان هەڵیپەسێرن، بەڵام ناتوانن بە شكۆ و ئایندەی نەتەوەكەمان پەردەپۆشی بكەن.

**كاتێک نەتەوەیەک دەکەوێتە بەردەم قەدەرێک کە بێجگە لە تەنیا یەک بژاردە و یەک ڕێگە هیچی دیکەی لەبەردەمدا نامێنێتەوە، ئەوا بێجگە لە چاوەڕانی بۆ سەرۆک کە بڕیارێکی نەتەوەیی و چارەنووسساز بدات، ئومێدێکی دیکە نامێنێتەوە**

**ئەوەی پێوەندی بە حزبە سیاسییەکانەوە هەبێت، حزبەکان پێکەوە باسی دەکەن و ئەوەشی پێوەندی بە شکۆ و چارەنووسی نەتەوەوە هەبێت، ئەوا گەلی کوردستان بڕیاری لێ دەدات، لەم حاڵەتەشدا حزبەکان دەتوانن کێشە و ململانێی خۆیان چارەسەر بکەن، یان هەڵیپەسێرن، بەڵام ناتوانن بە شکۆ و ئایندەی نەتەوەکەمان پەردەپۆشی بکەن**



## هێمن هەورامی
بەرپرسی مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# عێراق بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەڕوات، ناکرێت کوردستان چاوەڕێ بکات و پڕیشکی زیاتری بەربکەوێت

**کوردستان بەرەو قۆناخێکی نوێی بڕیار و ئایندەیەکی باشتر لە ناوچەیەکی پڕکێشە و گۆڕانکاری هەنگاو هەڵدەگرێت، لە ناو ئەم ژینگە ئاڵۆزەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێبەرایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناکرێت ئەم فورسەتەی بۆ کوردستان هاتۆتەپێشەوە لەدەست بدرێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم ڕەوشە ئاڵۆزەی ناوچەکە و بەرنامەکانی سەرۆکی هەرێم بۆ سەربەخۆیی و دەرهاویشتەی سیاسەتە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی کورد، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ هێمن هەورامی بەرپرسی مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی داوەتەوە.**

*** لە وەڵامی ئەو کەس و لایەنانەی کە دەڵێن ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، سەرۆک بارزانی دەڵێت: «کاتی بندەستیش نییە.» ئەمەش مانای ئەوەیە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی جۆرێک لە موجازەفەکردنیشی تێدایە، ئایا سیاسەتی نێودەوڵەتی، یان دەوڵەتانی جیهان و بەتایبەتی دەوڵەتە گەورەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکەن ئەگەر جەنابی سەرۆک بڕیاری سەربەخۆیی بدات؟**

- سیاسەتی نێودەوڵەتی و هاوکێشەکانی هێز لە ئاستی نێودەوڵەتی چیدی لەسەر بنەمای یەکەی دەوڵەت بە تەنیا نییە، بۆیە بەپێچەوانەی سەدەی بیستەمەوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هۆی فاکتەری جیهانگیری و شۆڕشی زانیاری و ئابووری تێکهەڵبەستراو و بازاڕی پشت بەیەکبەستن، گۆڕان لە چەمکی هێز و سەرچاوەکانی هەڕەشە بۆ ئاسایشی جیهانی و ئەکتەرە کاریگەرە غەیرەدەوڵەتییەکان و گۆڕان بەسەر چەمکی هێزدا، کۆمەڵگەیەکی دەوڵەت سەنتەر نییە (State Centric) تاوەکو چارەنووسی هاوکێشەکان بە تەنیا بە دەست دەوڵەتانەوە بێت. جگە لەوەش ئێستا دنیا لە قۆناغی ڕاگوزەرە لە تاك جەمسەرییەوە بەرەو فرەجەمسەری، یان بێ جەمسەری. هەموو ئەمانە وادەکەن کە هەرێمی کوردستان جگە لە پێگە جیۆپۆلەتیکییەکەی، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و بەهای هاوبەش لەگەڵ دنیای پێشکەوتوو و ئازادیخواز و دیموکرات، توانیویەتی بوونی خۆی بسەلمێنێ. هەرێمی کوردستان بەگشتی لە ساتی دروستبوونی عێراق وەك دەوڵەت لە ١٩٢٠ەوە تا ٢٠١٤ بە دوو قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیوە، بە جۆریك لە ١٩٢٠ تا ٢٠٠٣ لە ژێر ناونیشانی جیاجیای پادشایەتی و کۆماریدا، نەك بە مافەکانی نەگەیشتووەو وەك هاوبەش مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە،



**لە ٢٠١٠ لەلایەن سەرۆک بارزانی و نیکۆلا سارکۆزی سەرۆکی فەرەنسا بۆ یەکەم جار لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا ڕێککەوتنی کوردستان و فەرەنسا ئیمزاکرا، بەم پرۆتۆکۆلەی ئەمریکاش و کوردستان هەنگاویکی گەورەتر لە پرۆتۆدیپلۆماسی ئێمە چووینە پێشەوە**

**لە پارادیپلۆماسی، هەرێمێک هەوڵدەدات سیاسەتێک بگرێتەبەر هاوشێوە، یان دژ بە دیپلۆماسییەتی حکومەتی مەرکەز بێت، بەڵام لە پرۆتۆدیپلۆماسی، لە ڕێگای ئیمزاکردنی پرۆتۆتۆکۆل و ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتان، بنەمای وەدەستهێنانی دانپێدانان لە کاتی سەربەخۆیی دەڕەخسێنێ**

**ئەگەر ئەو کودەتایە سەری بگرتایە، تورکیا دەکەوتە شەڕێکی درێژخایەنی ناوخۆیی لایەنگرانی ئاک پارتی و کودەتاچییەکان، بەمەش پاشەکشە لە زۆر دەستکەوتی ئێستای باکوری کوردستان دەبوو، کێشەی گەورە بۆ هەدەپە دروست دەبوو، ئەگەری کوشتنی ئۆجەلان هەبوو، ئەگەری داخستنی بۆرییە نەوتییەکانی کوردستان هەبوو**

بەڵکو ڕووبەڕووی جینۆساید و ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکردن بووەوە. لە ٢٠٠٣وە ئەو ئومێدەی کە دەکرا عێراق لەسەر بنەمای هاوبەشی و هاوسەنگی و سازان و دەستوور و فیدراڵییەت و دیموکراسی بنیاد بنرێت، لەبار برا، نموونەی ئەو لەباربردنانەش جێبەجێ نەبوونی ٤٣ ماددەی دەستووری، شکستی چەمکی فیدراڵییەت و دروستنەبوونی ئەنجومەنی فیدراڵی و ڕێگری لە هەرێمی دیکەی فیدراڵی بووە وەك ئەوەی لە دیالە و سەلاحەدین و بەسرە کرا، هەروەها جووڵاندنی هێز بووە لە ٢٠٠٨ دژ بە کوردستان لە خانەقین، بە سیستەماتیك دابەزاندنی ڕێژەی کورد لەناو سوپای عێراق لە ٢٤٪ی ساڵی ٢٠٠٥وە بۆ تەنیا ١٪ لە ساڵی ٢٠١٥، هێنانی عەمەلیاتی دیجلە، جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠، کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و زیادکردنی خەرجی سیادی لەسەر حیسابی هەرێم و بە تەواوەتی بڕینی بودجە لە شوباتی ٢٠١٤، دەرنەچوواندنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و کارکردن بە یاساکانی بەعس، پێشێلکردنی سازانی سیاسی و گۆڕینی یاسای هەڵبژاردن لە یەك بازنەیی بۆ ١٨ بازنە بە ئامانجی کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە پەرلەمانی عێراق و کەمکردنەوەی ڕۆڵی کورد لە ئیدارەدانی وڵات، نەبوونی سوپای نیشتمانی و لێکەوتەکانی سەرهەڵدانی داعش و ڕێگرییەکانی بەغدا لە گەیشتنی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەرێمی کوردستان لە شەڕی داعش و ڕێگریکردنی لە بەشداریی نوێنەرانی کوردستان لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان و داخستنی ئاسمانی کوردستان، ئەمانە و لیستێکی دوورودرێژ لەو هۆکارانەی کە دەیسەلمێنن هەرێمی کوردستان بە مانەوەی بەم دۆخەی ئێستای لەگەڵ بەغدا دەچێتە بازنەیەکی بۆشەوە. جگە لەوەش، نیگەرانیی ستراتیژیی ئێمە لە عێراقی پاش داعشەوە دێت کە ئەم وڵاتە زیاتر بەرەو تۆخبوونەوەی ململانێی مەزهەبی دەڕوات، دامەزراوەی دەوڵەت نەماون، بە نموونە پێوەندیی حەشدی شەعبی پاش داعش بە دامەزراوەی ئەمنی و سەربازی عێراق و پێگەیان لە ئاستی سیاسی و ئەگەری پەلاماردانیان بۆ ناوچە کوردستانییەکان، قوڵبوونەوەی زیاتری ململانێی سوننە و شیعە لە عێراق، قووڵبوونەوەی شەڕی بە وەکالەتی جەمسەربەندییە مەزهەبی و جیۆپۆلەتیکییەکان لە عێراق، شکستی عێراق وەك دەوڵەت و داهیزرانی دامەزراوەکانی و کێشەی ناو سوننەکان خۆیان و کێشەی ناو شیعەکان خۆیان هەموو ئەمانە ئاماژەن کە عێراق بەرەو ناسەقامگیریی زیاتر دەڕوات. لێرەدایە کە هەرێمی کوردستان ئایا بوەستێ و چاوەڕێی ئەوە بکات بەشیك بێت لەو ناسەقامگیرییە و پڕیشکەکانی بەرکەوێت و خۆی بداتە دەست قەدەرێکی نادیار، یان بە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات و لە بری پاشکۆبوون و بەردەوامی کێشە لەگەڵ بەغدا، ببینە دراوسێیەکی باش و لە شەڕی تیرۆریستان و سەقامگیریی ناوچەکە زیاتر هاوکار بین و بازاڕی هاوبەشی ئابووریمان هەبێت. ئەوەی بەلای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە گرنگە، ئەوەیە کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا دێت لیستی وڵاتانی شکستخواردووی زیاتر دەبێت، عێراق، سووریا، یەمەن، لیبیا، وڵاتانی لاواز زیاتر دەبن. لە بەرامبەردا شوێنێکی وەك کوردستان وێڕای بایەخی جیۆستراتیژی، لەسەر ئاستی بەرژەوەندی و بەهای هاوبەش و خاڵی سەقامگیری بۆیان گرنگە بپارێزرێت. لە زانستی سیاسی و ململانێدا، وتەیەك هەیە کە دەڵێت: گەورەترین موجازەفە ئەوەیە کە موجازەفە نەکەیت. لە مێژووی دوور و نزیکی کوردستان، گەلی کوردستان موجازەفەی زۆری هەبووە، بەڵام بە سەرکەوتوویی لێی دەرچووە. گرنگ ئەوەیە ئێمە خۆمان نەدەینە دەست قەدەر و ڕوانگەمان ڕوون بێت و بڕیاری یەکلاکەرەوە بدەین. ئەگەر سەیری ئەزموونی دروستبوونی زۆریك لە دەوڵەتان بدەین لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە، لەسەرەتادا بەشێکی گرنگی وڵاتانی گەورە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی نوێ نەبوون، هەڵبەتە ئەوە بووەتە یەك لە دیاردەکان کە ئەو وڵاتانە زیاتر مەیلیان بەلای پاراستنی واقیعی حاڵ Status Quo دایە، بەڵام دروستبوونی دەوڵەتی نوێ کە بووەتە ئەمری واقیع، دواتر یەك بە یەك ددانیان پێدا ناون. ئەمریکا دژی دروستبوونی ئیسرائیل بوو لە ١٩٤٨، دژی هەڵوەشانەوەی یۆگسلاڤیا بوو، لەگەڵ پارچەپارچەبوونی یەکێتیی سۆڤیەت نەبوو لە ١٩٩١، بەڵام دواتر بە ڕەسمیی ناساندن و مامەڵە لەگەل ئەوە دەکەن کە لەسەر ئەرز هێز و پشتیوانیی جەماوەر و بەرژەوەندیی هاوبەش و بەهای هاوبەشیان هەبێت.

*** لە ئێستادا وەك دەبینین هەندێك لایەنی سیاسی بەتایبەتی گۆڕان و یەکێتی بەئاشکرا دەڵێن دەمانەوێت کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێت، بۆ ئەمەش جیا لەوەی خۆیان وەك شاندی هاوبەش چوونە بەغدا، لە هەمانکاتدا نوری مالیکی-یش**

**هاتە سلێمانی و لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی کۆبووەوە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا نەخشەڕێگای پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا چۆنە؟ ئایا ئێوە بۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا مامەڵە لەگەڵ بەغدادا دەکەن، یان بۆ وتووێژکردن سەبارەت بە ریفراندۆم و رێکخستنی پێوەندییەکان وەك دوو دراوسێ لە ئایندەدا؟**

- پارتی پێیوایە ئەم پرسە لە حزبە سیاسییەکان گەورەترە. بە تەنیا نە پارتی و نە لایەنەکانی دیکەش ناتوانن جۆرە بڕیارێکی دڵخوازی خۆیان بسەپێنن. بابەتەکە بابەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە. ئێمە لەبەردەم سێ سیناریۆداین، ئایا دۆخەکە وەك ئێستا لەگەڵ بەغدا بەردەوام بێت و نەزانین بەرەو کوێ دەچین؟ یان ئایا ئەگەر ئێمە هیچ جووڵەیەك نەکەین، پاش شەڕی داعش چ گەرەنتییەك هەیە کە ئێمە بتوانین بێ کێشە هەرێمی کوردستان بپارێزین و مافە دەستوورییەکانمان بمێنێت و هێزەکانی دوای داعش شەڕی وەرگرتنەوەی کەرکووك و خانەقین و مەخموور و شنگال و ناوچەکانی دیکەمان پێ نافرۆشن؟ یان ئایا ئێمە روانگەی خۆمان هەبێت بەوەی کە کوردستان دەبێت قۆناغی دوای فیدراڵیەت بکاتە ستراتیژیی خۆی و لەگەڵ بەغدا خۆی یەکلایی بکاتەوە؟ ئەم سێ سیناریۆیە، پێویستی بە کۆدەنگیی سەروو حزبی هەیە و هەق نییە ببێتە قوربانیی ململانێی حزبەکان و پارتی لەگەڵ هەموو لایەك هاوکار دەبێت. ئەوەش بڵێم هێزەکانی دیکەی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش دەزانن سەنتەری هێز و جەماوەر و بڕیاری کوردستان بە بێ پارتی ئەستەمە بەدەست بهێندرێ، بۆیە وەك نمایشی سیاسی شت لە فەزای مەجازی و میدیاکان و دانیشتنە تەشریفاتییەکان دەبێت، بەڵام بێ پارتی بڕیاری یەکلاکەرەوە بە هیچ لایەك نادرێت. ئێمە پێمانوایە بۆ قۆناغی پۆست- داعش و قۆناغی پاش فیدراڵی لەبەردەم سێ سیناریۆداین، کە ئایا ئێمە ریفراندۆم بکەین و ئینجا شێوەی پێوەندی لەگەڵ بەغدا رابگەیەنین؟ یان شێوەی پێوەندی لەگەڵ بەغدا رابگەیەنین و ئینجا پش ماوەیەك لە دەرفەتی گونجاو ریفراندۆم بکەین، یان بە بێ ریفراندۆم بڕیاری یەکلاکەرەوەی نیشتمان بدرێت؟ بۆ هەر سێ سیناریۆکە ئێمە حەتمەن دەبێت پێشوەختە لەگەڵ بەغدا گفتوگۆ بکەین، بەڵام گفتوگۆکان بۆ گەڕانەوە نییە بۆ خاڵی پێش ٢٠١٤، بەڵکو بۆ دیاریکردنی قۆناغی پاش فیدراڵییەتە، چونکە بە هەموو پێوەرەکان فیدراڵییەت لەگەڵ عێراق شکستی هێناوە. پێشموا نییە هیچ هێزیکی سیاسی لە کوردستان ئەوەندە رق و کینەی سیاسی بەرامبەر پارتی، بەرچاوی لێڵ کردبن کە جورئەتی ئەوەیان هەبێت بۆ ئەوەی ریفراندۆم و قۆناغی پاش فیدراڵییەت بەس لەسەر دەستی پارتی و سەرۆك بارزانی نەبێت، جورئەتی مێژوویی بە خۆیان بدەن دژی راوەستن، چونکە ئەم بابەتە نە بۆ پارتییە بە تەنیا و نە بۆ هیچ لایەکە بە تەنیا، ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی هەموو لایەکە.

*** سەرۆك بارزانی، فوئاد حوسێن-ی وەك نوێنەری خۆی ناردووە بۆ لای هەموو لایەنە سیاسییەکان بە بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە، ئەمەش وەك دەستپێشخەرییەك بۆ رێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان، ئایا چۆن سەیری ئەم دەستپێشخەرییەی سەرۆك بارزانی دەکەن، یان ئایا تێڕوانینی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان چۆنە، بەتایبەتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و چۆنیەتی کاراکردنەوەی پەرلەمان و حکومەت؟**

- سەرۆك بارزانی وەك ئەرکی نیشتمانی و یاسایی سەرشانی و لە روانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، بە تەنیا ئەم دەستپێشخەرییەی دوایی نەبووە بۆ ئامادەسازی بۆ ریفراندۆم و یەکلابوونەوە لەگەڵ بەغدا. چوونی بۆ پەرلەمان لە مانگی ٧ی ٢٠١٤ و داواکردن بۆ دامەزراندنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی، کۆبوونەوەی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی پەرلەمان لە مانگی ٢ی ٢٠١٥ و داواکاری لێیان بۆ تەوافوق و زەمینەسازیی ناوخۆیی، کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنەکان لە مانگی ٤ی ٢٠١٥ بۆ قسەکردن لەسەر ئەجیندای کۆبوونەوەکانی لە سەردانی ئەمریکا و بردنی شاندیکی هاوسەنگ بۆ دیداری ئۆباما لە ٨ی ٥ی ٢٠١٥ و کۆبوونەوەی ١٨ی ٥ی ٢٠١٥ لەگەڵ سەرجەم لایەنەکان بۆ دانانی نەخشەڕێی بەرەو سەربەخۆیی و داواکاری جەنابیان بۆ یەکڕیزیی لایەنەکان و داواکردن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێم لە ١٣ی ٦ی ٢٠١٥ و داواکاری بە تەوافوق گەشتن لە ٢٩ی ٦ی ٢٠١٥ و پەیامەکانی جەنابیان لە مانگی ٨ی ٢٠١٥ و پەیامی جەنابیان بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و لە مانگی یەکی ٢٠١٦ و پەیامەکانی رۆژانی جەژن و داواکارییەکانی بۆ یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی لایەنەکان و قۆستنەوەی دەرفەتە مێژووییەکان و ناردنی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ

**ئەو هەوڵەی کودەتا، تورکیای خستە قۆناغیکی نوێ و ئێمە ئومێد دەکەین دەسەڵاتدارانی تورکیا ئەمە وەک دەرفەتێک ببینن بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستان و جددیتر لە چارەسەری پرسی کورد بێنە پێشەوە و بە عەقڵییەتی ئەمنی و سەربازی لە پرسی کورد نەڕوانن**

**ئەوەی لە سێ کودەتا سەربازییەکانی دیکەی تورکیا کراون، بە پێوەری بەرژەوەندیی نەتەوەیی و دیموکراسی، زیانیان زۆرتر بووە بۆ گەلی کورد و پێگەی کورد، بۆیە ئێمە وەک پارتی چاوەڕێی ئەوە نەبووین بزانین نەتیجە چۆن دەبێت، ئینجا هەڵوێستی خۆمان بخەینەڕوو**

**ئێمە لە روانگەی نەتەوەیی و دیموکراسی و پرسی کورد لە باکوور و ئاستی ئامادەیی تورکیا بۆ بەهێزترکردنی پێوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان سەیری دۆخی سیاسی تورکیا دەکەین**

> **لەگەڵ ئەوەین چارەسەرێک بدۆزرێتەوە و بتوانین ناوماڵی خۆمان زیاتر ڕێکبخەینەوە و ریزبەندییە نوێیەکان و هەلومەرجی بابەتیمان لەبەر چاو بێت و دەبێت پێکەوە لەسەر ئەولەوییەتی قۆناغەکە وێڕای جیاوازییە سیاسییەکانمان ڕێکبکەوین**

> **هێزەکانی دیکەی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش دەزانن سەنتەری هێز و جەماوەر و بڕیاری کوردستان بە بێ پارتی ئەستەمە بەدەست بهێندرێ، بۆیە وەک نمایشی سیاسی شت لە فەزای مەجازی و میدیاکان و دانیشتنە تەشریفاتییەکان دەبێت، بەڵام بێ پارتی بڕیاری یەکلاکەرەوە بە هیچ لایەک نادرێت**

> **لە مێژووی دوور و نزیکی کوردستان، گەلی کوردستان موجازەفەی زۆری هەبووە، بەڵام بە سەرکەوتوویی لێی دەرچووە. گرنگ ئەوەیە ئێمە خۆمان نەدەینە دەست قەدەر و ڕوانگەمان ڕوون بێت و بڕیاری یەکلاکەرەوە بدەین**

لای لایەنەکان، هەموو ئەمانە پانۆرامایەکی خێرای ئامادەیی و پەرۆشیی جەنابیانن و ئێمە لە پارتی بە هەموو شێوەیەك پشتیوانی بەرنامەکانی جەنابیانین وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە وردەکاریی کۆبوونەوەکانی کاك د. فوئاد، پێمباشە خۆی زیاتر قسە لە سەر ناوەرۆکی گفتوگۆکان بکات و بەگشتی کەشێکی پۆزەتیڤتر هەیە، لەگەڵ ئەوەین چارەسەرێك بدۆزرێتەوە و بتوانین ناوماڵی خۆمان زیاتر ڕێکبخەینەوە و ریزبەندییە نوێیەکان و هەلومەرجی بابەتیمان لەبەر چاو بێت و دەبێت پێکەوە لەسەر ئەولەوییەتی قۆناغەکە وێڕای جیاوازییە سیاسییەکانمان ڕێکبکەوین، ئەویش بەوەی ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا ئەولەوییەتی هەرە لەپێشی ئێستای قۆناغی سیاسی و نەتەوەییمان چییە؟ ئایا پاراستنی دەستکەوتەکان و پەرەپێدانیان و بەرەو قۆناغی پاش فیدراڵییە، یان ململانێی چەقبەستووی و سەرقاڵبوونە بە شتەکانی دیکەوە، کە بایەخیان زۆر کەمترە لەو ئیستیحقاقە نەتەوەیی و نیشتمانییەی لە پێشمانە. بڕیارە گەڕێکی دیکەی دیدار و چاوپێکەوتنەکان هەبن و ئێمە دیالۆگ و ئەرکی هاوبەش بە ئەرێنی دەبینین.

*** لە ١٥ی تەمموزی رابردوو کودەتایەکی چاوەڕواننەکراو لە تورکیا ڕوویدا، لە تورکیا لەگەڵ ئەوەی چەندین جاری دیکەش سوپا کودەتای کردووە، بەڵام کودەتای ئەمجارە جیاواز بوو، نە حزبە سیاسییەکان و نە جەماوەری تورکیا پێشوازییان لە کودەتاکە نەکرد، هەر بۆیە کودەتاکە لەماوەی چەند سەعاتێکدا فەشەلی هێنا، پرسیاری ئێمە ئەوەیە وەك بەرپرسی مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوە چۆن سەیری ئەم کودەتایەت کرد، ئێستاش کە سێ هەفتە بەسەر شکستی کودەتاکەدا تێپەڕیوە، ئایندەی تورکیا چۆن دەبینی؟**

- پێش هەموو شتێك دەبێت ئەوە بڵێم ئێمە لە ڕوانگەی نەتەوەیی و دیموکراسی و پرسی کورد لە باکوور و ئاستی ئامادەیی تورکیا بۆ بەهێزترکردنی پێوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان سەیری دۆخی سیاسی تورکیا دەکەین. وەکو چەمك بە هەموو شێوەیەك دژی ئینقیلابی عەسکەری و پاشەکشەی دیموکراسی و حوکمی چەك و پاشەکشەی ئازادییەکانیان لە هەر شوێنێکی دنیا بێت. بە پێوەرەکانی دیکەش، ئەوەی لە سێ کودەتا سەربازییەکانی دیکەی تورکیا کراون، بە پێوەری بەرژەوەندیی نەتەوەیی و دیموکراسی، زیانیان زۆرتر بووە بۆ گەلی کورد و پێگەی کورد، بۆیە ئێمە وەك پارتی چاوەڕێی ئەوە نەبووین بزانین نەتیجە چۆن دەبێت، ئینجا هەڵوێستی خۆمان بخەینەڕوو، من وەك بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی لە کاتژمێر ٠٠.٣٠ی بەیانی تا درەنگانێك لەگەڵ ئەو بەرپرسانەی ئاك پارتی و هەندێ لە پەرلەمانتارەکانی دیکەی هەدەپە و جەهەپە لەسەر خەت بووین و بە هەموو شێوەیەك دژایەتیی خۆمان بۆ کودەتا خستەڕوو. ئەو هەوڵەی کودەتا، تورکیای خستە قۆناغیکی نوێ و ئێمە ئومێد دەکەین دەسەڵاتدارانی تورکیا ئەمە وەك دەرفەتێك ببینن بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستان و جددیتر لە چارەسەری پرسی کورد بێنەپێشەوە و بە عەقڵییەتی ئەمنی و سەربازی لە پرسی کورد نەڕوانن، بەڵکو بە پرسێکی سیاسی و یاسایی بزانن و ئەو پشتیوانییەی کورد لە مانەوەی حکومەتی هەڵبژێردراو و دژی ڕاوەستانی کودەتایان لەبەرچاو بێت. دەریشکەوت ئەو دووکەڵە بێ ئاگر نەبووە لە تورکیا، لەسەر حکومەتی تورکیا ڕادەوەستێ تا چەند دەتوانێ پشتیوانیی جەماوەر بقۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ریشەیی کێشەکانی ناو تورکیا و پاشەکشەنەکردنی دیموکراسی و کرانەوەی زیاتر و بەردەوامی پرۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستان و ئامادەسازی بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور بە جۆرێك کە مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی گەلی کوردستان دەستەبەر ببن.

*** ئەو شەوەی کودەتاکە ڕوویدا، کادیرانی زۆر لایەنی سیاسی لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان چەپڵەیان بۆ کودەتا سەربازییەکەی تورکیا لێدا، ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی لەسەر ئەو کودەتایە چۆن بوو، ئێستا دوای شکستی ئەو کودەتایە هەڵوێستی چۆنە؟ ئایا ئەگەر ئەو کودەتایە سەرکەوتووبوایە چ شتێکی خراپی بەسەر تورکیادا دەهێنا و کاردانەوەی سلبی بۆ سەر هەرێمی کوردستان چی دەبوو؟**

-وەك لە وەڵامی پرسیاری پێشوو ئاماژەم پێکرد، ئێمە لە پارتی شوێن قەرەبالغی ناکەوین و بە دیدێکی تەسك سەیری ڕووداوەکان ناکەین و ڕێگانادەین هەستێکی سۆزداری کورتمەودا، دیدە پانۆرامییە ستراتیژییەکەمان لەبەر چاو لێڵ بکات و بڕیاری هەڵەمان پێ بدات. ئێمە مۆنیتۆری لێدوان و نووسین و هەڵویستی لایەنەکانی دیکە دەکەین و شیکارییان بۆ دەکەین، لە ناخەوە نیگەران بووین کەسانێك و لایەن هەبن، لە ڕوانگەی کینەی سیاسی بەرامبەر پارتی، لایان

ئاسایی بێت تورکیا بۆ حوکمی عەسکەر بگەڕێتەوە و هەموو ئەو کرانەوە و چوونەپێشی دۆزی کورد بکەنە قوربانی. دەرکەوت دیدگای ئەمانە چەند هەژار و کورتمەودایە. ئەوە ئاشکرا بوو ئەگەر ئەو کودەتایە سەری بگرتایە، تورکیا دەکەوتە شەڕێکی درێژخایەنی ناوخۆیی لایەنگرانی ئاك پارتی و کودەتاچییەکان، بەمەش پاشەکشە لە زۆر دەستکەوتی ئێستای باکوری کوردستان دەبوو، کێشەی گەورە بۆ هەدەپە دروست دەبوو، ئەگەری کوشتنی ئۆجەلان هەبوو، ئەگەری داخستنی بۆرییە نەوتییەکانی کوردستان هەبوو.

*** ڕووداوێکی دیکەی گرنگ کە ئەویش کاریگەری بەسەر سیاسەتی جیهان و هەرێمی کوردستانیشەوە دەبێت، نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکایە، لە ئێستادا کاندیدی کۆماری و دیموکراتییەکان یەکلایی بۆتەوە کە بریتین لە هیلاری کلینتۆن و دۆناڵد ترامپ، دیارە ئێستا ١٠٠ ڕۆژی ماوە بۆ هەڵبژاردن، ئایا پێتوایە پرسی کوردستان دەبێتە بەشێك لە ئەجێندای هەردوو پاڵێوراوی کۆماری و دیموکراتەکان، ئەگەر ببێتە بەشێك لەو هەڵمەتە، ئایا پرسی کورد لە ئەجێندای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی کۆماری و دیموکراتەکان چۆن دەبێت؟**

- ئێمە بە وردی لێکۆڵینەوە دەکەین لە بنەما گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی هەردوو پاڵێوراو و کۆنتێکست و جیهانبینییان، لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵە خاڵێکی گرنگی ناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەن کە بە ئاڵوگۆڕی سەرۆکەکان لە ڕووە ستراتیژییەکەیەوە کەمتر دەگۆڕدرێن. لەگەڵ ئەوەش، هەر کام لە هیلاری بن، یان ترامپ، پێمانوا نییە درێژەپێدەری بەشێك لە سیاسەت و تەکتیکەکانی ئۆباما بن. سیاسەتی ئۆباما لە کاتی سەرۆکایەتیی خۆیدا، زیاتر بەرەو ئاسیا چوون Pivot To Asia بوو، لەگەڵ سیاسەتی دەست هەڵگرتن لە هەندێ کێشەی ناوچەیی Hands off Policy، هەروەها بەشداری لە ڕیزی دواوەی بەشێك لە هەوڵەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانێکی دیاریکراو Leading from Behind، هەروەها زیاتر جەختکردنەوە لە سەر ئەولەوییاتی گەورەتر بە بابەتە ناوخۆییەکانی ئەمریکا بەتایبەتی ئەوەی بە Obama Care ناسراوە. هیلاری گۆڕان بەسەر بەشێك لەم سیاسەتانە دەهێنێت، نایەوێت لەسەر بنەمای بەردەوامی بە مەنهەجییەتی ئۆباما سەرۆکایەتی بکات و پێشتریش ڕوانگەی هیلاری لەسەر سووریا و ئێران و ڕووسیا و عێراق و جەنگی تیرۆر و ئەفغانستان، تا ئاستێکی دیاریکراو جیاوازتر بوو لە ئۆباما. هەرچی ترامپە، مەنهەجییەتی کۆمارییەکان کە بایەخێکی زیاتر بە پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەدەن و لە سیاسەتی دەرەوە پشت بە هێزی ئەمریکا دەبەستن و دروشمی (Making America Great Again)ی بەرزکردۆتەوە، هەردوولا کە کاندیدن، لە شەڕی تیرۆر باوەڕیان بە بەردەوامی و زیاتر هاتنەپێش هەیە، کە ئەمە بۆ کوردستان گرنگە، پێمانوایە هەرکامیان بن، سەبارەت بە سیاسەتیان بەرامبەر بە کوردستان کرانەوەو مامەڵەی زیاتر دێتەپیشەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە زۆرجار ڕووداوی گەورەتر دێتەپێش و تەحەکوم بە سیاسەتی دەرەوە دەکات و یەك هێڵی گشتی نییە کە ڕوونییەك بە سیاسەتیان بدات. بۆ خۆشیان لە زۆریك لە ناوەندەکان دەڵێن کە لە عێراق دەستێوەردانیان کرد و هێزیان نارد و بەرئەنجامەکەی کارەسات بوو، لە لیبیا دەستێوەردانیان کرد و هێزیان نەنارد و دەرئەنجام هەر کارەسات بوو، لە سووریا نە دەستێوەردانیان کرد و نە هێزیان نارد، کەچی بەرئەنجام هەر کارەسات بوو. بۆیە هێشتا زووە بزانین ئاستی مامەڵە و هاوکاری و ناردنی هێز و ئەولەوییەتیان بە دروستی چۆن دەبێت.

*** لایەنێکی دیکە ئەو پرۆتۆکۆڵەیە کە پێنتاگۆن لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بە چاودێریی سەرۆك بارزانی ماوەیەك لەمەوپێش ئیمزاکرا، دیارە ئەم لێکتێگەیشتنە لەگەڵ ئیدارەی دیموکراتەکانە، ئایا ئەگەر لەم هەڵبژاردنە کۆمارییەکان چوونە کۆشکی سپی، ئەم لێکتێگەیشتنە سەربازییە بەرەو پێشەوە دەچێت، یان پاشەکشە دەکات؟**

- ئەم بابەتە وەك دەوڵەت لەگەڵ ئەمریکا کراوە و بە گۆڕینی ئیدارەکان ناگۆڕدرێت. ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگترە بایەخی ستراتیژی پرۆتۆکۆڵەکەیە، چونکە هەنگاوەکانی کوردستان لە پارادیپلۆماسی بۆ پرۆتۆدیپلۆماسی خێراتر کرد. لە پارادیپلۆماسی، هەرێمیك هەوڵدەدات سیاسەتێك بگرێتەبەر هاوشێوە، یان دژ بە دیپلۆماسییەتی حکومەتی مەرکەز بێت، بەڵام لە پرۆتۆدیپلۆماسی، لە ڕێگای ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆڵ و ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتان، بنەمای وەدەستهێنانی ددانپێدانان لە کاتی سەربەخۆیی دەڕەخسێنێ. ئەوەی لە ٢٠١٠ لە لایەن سەرۆك بارزانی و نیکۆلا سارکۆزی سەرۆکی فەرەنسا بۆ یەکەم جار دەستی پێکرا و لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا ڕێککەوتنی کوردستان و فەرەنسا ئیمزاکرا، بەم پرۆتۆکۆڵەی ئەمریکا و کوردستان هەنگاوێکی گەورەتر لە پرۆتۆدیپلۆماسی ئێمە چووینە پێشەوە.

**قوڵبوونەوەی زیاتری ململانێی سوننە و شیعە لە عێراق، قووڵبوونەوەی شەڕی بە وەکالەتی جەمسەربەندییە مەزهەبی و جیۆپۆلەتیکییەکان لە عێراق، شکستی عێراق وەک دەوڵەت و داهیزرانی دامەزراوەکانی و کیشەی ناو سوننەکان خۆیان و کێشەی ناو شیعەکان خۆیان هەموو ئەمانە ئاماژەن کە عێراق بەرەو ناسەقامگیریی زیاتر دەڕوات**

**نیگەرانیی ستراتیژیی ئێمە لە عێراقی پاش داعشەوە دێت کە ئەم وڵاتە زیاتر بەرەو تۆخبوونەوەی ململانێی مەزهەبی دەڕوات**

**لە ٢٠٠٣وە ئەو ئومێدەی کە دەکرا عێراق لەسەر بنەمای هاوبەشی و هاوسەنگی و سازان و دەستوور و فیدراڵییەت و دیموکراسی بنیاد بنرێت، لەبار برا، نموونەی ئەو لەباربردنانەش جێبەجێ نەبوونی ٤٣ ماددەی دەستووری، شکستی چەمکی فیدراڵییەت و دروستنەبوونی ئەنجومەنی فیدراڵی و ڕێگری لە هەرێمی دیکەی فیدراڵی بووە وەک ئەوەی لە دیالە و سەلاحەدین و بەسرە کرا، هەروەها جووڵاندنی هێز بووە لە ٢٠٠٨ دژ بە کوردستان لە خانەقین**

# بۆچی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، سیاسەتێکی نەتەوەیی دروستە؟



حوسێن کوردنەژاد

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سەرۆکایەتی هەرێم لە چەند ساڵی رابردوودا هەوڵی داوە کە پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بە گوێی دۆست و دوژمن بگەیەنێت لە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕی وێرانکارانەی داعشەوە ئەم پرسە وەك ئەولەوییەتی یەکەم لە ئەجێندای سەرۆکی هەرێمدا جێی گرتووە و بە کردەیی لە مەیدانی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکیدا کاری بۆ دەکرێ. بۆیە گرینگە کە لە واتای مێژوویی و تیۆریك و ناوەڕۆکی سیاسیی ئەم سیاسەتە تێبگەین، تاکوو گرینگی ئەم شیعارە بۆمان دەرکەوێ، بە جۆرێك کە بزانین بۆچی و لەسەر کامە بنەما چین و توێژ و تاکی ئەو کۆمەڵگەیە دەبێ خۆیان دەرگیری ئەم پرسە بکەن و جێبەجێبوون و نەبوونی ئەم شیعارە سیاسییە چ پێوەندییەکی لەگەڵ مافەکان و ژیانی ئێستا و داهاتوویانەوە هەیە؟ لەم نووسینەدا بەم چەند خاڵە باسی لێوە دەکەین.

**• ناسیۆنالیزم وەك دیسکۆرس**

لێرەدا باسکردنی سیاسەتی رزگاری و سیاسەتی رزگاریی نەتەوەیی کە ئەم شیعارە لەسەری بینا نراوە، شوێنێکی گرینگی هەیە. موناقەشەی بابەتی نەتەوە و ناسیونالیزم دەکرێ لە چەندین ئاستدا بکرێت، لە ئاستی فیکریدا بە واتای تیۆریی موجەڕەد و نۆرماتیڤ کە رەنگە لەو خاڵەدا جگە لە زۆر بۆچوونی تیۆریکی ناسراو گرینگترین شت بۆ ئێمە کە لەبیرمان بێت ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم و سیاسەتی نەتەوەیی نەتەوە دروست دەکات، نەك بەپێچەوانەوە، ئەو نەتەوەیەش دەتوانێ پێکهاتەی ئێتنیکی جیاوازی هەبێ وەك ئێستای کوردستانی خۆمان .

لە ئاستێکی تردا سیاسەتی نەتەوەیی باشترین مێتۆدی لێتێگەیشتنی ئەوەیە کە وەك دیسکۆرس ببیندرێت، چەمکی دیسکۆرس بە -گوتار-

تەرجومەكراوە، بەڵام لە راستیدا مانای دیسكۆرسی بە تەواوەتی ناگەیەنێت، بۆیە ئەگەر دیسكۆرس- بە — بیر- و - كردە و عەمەلی- ئەو بیرە — تێبگەین سیاسەتی كۆی كۆمەڵگە و ئاكتۆرەكان ئاسانتر بۆمان شی دەكرێنەوە، كە وا بوو باسی بیری ناسیۆنالیستی و كردەوەی عەمەلی پێوەندیدار بەو بیرەوە دەكەین.

ژیانی سیاسیی كورد بە روونی و بە تراژیدیای گەورەوە نیشانی داوە كە نەبوونی سەروەریی نەتەوەیی بە واتای دەوڵەت هۆكاری سەرەكی بووە لەوەدا كە ئەم میللەتە لە قۆناغی جیاوازی ژیانیدا چ وەك تاك و چ وەك كۆمەڵ نەپارێزرێت و لایەنێكی ساوێرین و سەروەر لە ئارادا نەبووە تاكوو پارێزگاری لێ بكات.

با وردی كەینەوە، ئەوەی میللەت دروست دەكات و پێناسەی پێ دەبەخشێت، دەوڵەتە كە خۆی بەرهەمی سیاسەتێكی ناسیۆنالیستییە و بەگوێرەی دەسەڵاتی خۆیشی دەیپارێزێت، تەنانەت لاوازترین دەوڵەتانیش بەگوێرەی توانای خۆیان خەڵكی خۆیان دەپارێزن، هەر ئەو ئاسایشە كە لە هەرێمدا هەیە نموونەیەكە و یاسای نێودەوڵەتی دنیای مۆدێرنیش گارانتۆرێكی ترە لەم روویەوە. ئەوەی لە رووی یاسای نێودەوڵەتی، یان حقووقی میللەل لە دوای كۆتایی هاتنی شەڕی ساردەوە گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوە بوو كە تەنانەت یاسای نێودەوڵەتیی میللەتان لە بەرانبەر دەوڵەتانی خۆشیاندا دەپارێزێت.

(كە دەڵێین نێودەوڵەتیش دەبێ ئاگادار بین كە دەتوانێ چەندین مانای جیاوازی هەبێ، ئەوەش بەستراوە بەوە كە چۆنی دەنووسین و چۆنی دەخوێنینەوە، ئەگەر بنووسین نێو — دەوڵەتی دێتە واتای پێوەندییەكانی نێوان دوو دەوڵەتان و ئەگەر بنووسین نێودەوڵەتی دێتە واتای نێوان گشت دەوڵەتان و ئەگەر بنووسین گلۆبال بەو مانایە كە هەم دەوڵەتان و هەمیش ئۆرگانەكانی سەرەوەی دەوڵەتان و ژێرەوەی دەوڵەتان لە خۆ دەگرێتەوە. بۆ نموونە یەكێتی ئەوروپا وەك ئۆرگانێكی لە سەرەوەی دەوڵەتان، یان ئەمنیستی ئینتەرناشنال و گرین پیس، وەك ئاكتۆرێكی لەژێرەوەی دەوڵەتان).

**● دەوڵەت وەك دابینكەر و پارێزەری مافەكان**

كە دەگاتە سەر دابینكردنی مافەكانی تاك و توێژی جیاوازی نێومیللەتان و بینادنانی سازیی و دەزگای پێویست بۆ ئەم مەبەستە تەنیا و تەنیا دەوڵەت دەتوانێ ئەم ئەركە بە جێ بگەیێنێت و بەستێن و زەمینێكی راستەقینە بۆ دابینكردنی ئەو مافانە دەستەبەر بكات . بۆ تێگەیشتنی تەواو لە ناوەرۆكی ئەم قسەیە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەر تەجروبەكانی خۆمان. ئەمە دروستە كە لە داڕشتنی فیكریی سیاسەتی خۆماندا وەك كورد دەبێ لە سەرچاوەكانی تیۆری و دەستكەوتەكانی زانستیی دونیا كەڵك وەرگرین، بەڵام گرینگتر ئەوەیە كە بەردەوام پەنجەرەی ژوورەكەمان بە رووی واقیعی ژیان و كۆمەڵگە و مێژووی خۆماندا كراوە بێت، وەڵامی زۆرێك لە پرسیارەكان لەوێدایە.

لایەنێكی موناقەشە سەبارەت بە دەوڵەت ئەوەیە كە لە پێشدا دەبێ دەزگاكان دابمەزرێن و سیستمێكی كامل وەكار بكەوێ و دواتر لەسەر ئەم بنەمایە، پرۆژەی راگەیاندنی دەوڵەت پیادە بكرێت. رەنگە میللەت هەبن، بتوانن ئەم كارە بكەن، بەڵام با بزانین تەجروبەی خۆمان چیمان پێ دەڵێت. تەجروبەی كوردی ئەو راستییەی نیشان دەدات كە سەرەڕای ئەوەی لایەنگری كامە حزب و بۆچوون بین، پێناسەی مافەكان، پێناسەی یاسا، مێتۆدی داڕشتنەوەی مافەكان و جۆری سازیی و دەزگای پێویست، گشتیان ئامرازی دەستی سیاسەتی رۆژی ئەحزاب بوون، لە یاساوە بگرە تا دەگاتە پەرلەمان و دەزگای داد و ئەمن و ...هتد. لەبەر ئەوە كە سیاسەتی ئەحزاب بەیانكەری بەرژەوەندیی حزبییە و رۆژانە ئەم بەرژەوەندییە گۆڕانی بە سەردا دێت، هەم مافەكان هەم یاساكان و هەمیش موئەسیسیەكان گشتیان دەبنە ئامرازی سیاسەتی ئەحزاب و قەت جێگیر نابن و نابنە بەشێك لە سیستمی ئیدارەی وڵات و كۆمەڵگە، بۆیە ئەم مەبەستە تەنیا بە دەوڵەت پێكدێت. بۆ نموونە پرسی ژنان هەر حزبەو بەگوێرەی خۆی تەفسیری دەكات و ئەوەی دەچەسپێندرێت، پیادەكردن و بە دواداچوونی لە سیستمی سیاسی و قەزایی وڵاتدا بەگوێرەی جوگرافیای نفووزی ئەحزاب گۆڕانی بە سەردا دێت، با ئەوەش بڵێین كە لە پێناسەی مافدا خاڵێكی گرینگی تر ئەوەیە كە هەر شتێك كە بە مافت زانی، دەبێ بتوانی ئیقامەی دەعوای بۆ بكەی لە لای مەحكەمەدا، دەنا ماف نییە. یان پێناسەی مافی خوێندن كە نموونەیەكی زۆر باشە لەوەی كە چۆن ماف

**ئەوەی ئەمڕۆ بە بارزانی دەكرێ، دەبێ وەک بەرهەمی مێژوویەک خەبات چاوی لێ بکرێ و ئەم پۆتانسییەلە وەک سەرمایەیەکی میللی حیسابی لەسەر بکرێ. ئێستا کە بارزانی شانی داوەتە بەر بەرزکردنەوەی کردەیی، -نەک پڕۆپاگاندای سیاسیی رۆژانە — خواستی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە ئاستی سیاسەتی جددی ناوچە و دنیادا، دەبێ هەموو دەستێکی پاکی کوردی هاوکاری بێت**

**کوشتنی قاسملوو چەند خولەکێکی پێچوو، بەڵام پێگەیاندنی قاسملوو چەندین دەیەی پێ چووبوو. بارزانی بەرهەمی چەندین دەیە خەبات و پەروەردەی سیاسی و پێوەندیی دیپلۆماسییە، پێگەیاندنی سەرمایەی لەم چەشنە بۆ میللەتی کورد پێویستی بە چەندین دەیەی دیکە هەیە**

**کورد سەرەڕای هەموو گرفتەکانی رێگای باشی بڕیوە لە پچڕاندنی تۆقی خنکان لە ناو بازنەی سیاسەتی ناوچەیی داگیرکەرانی کوردستاندا و دەرگای دنیای ئازادی لە خۆی کردووەتەوە، ئەم خاڵە دەستکەوتێکی مێژووییە کە دەبێ لە سەری بەردەوام بین و سڵی لێ نەکەینەوە**

**دامەزراندنی دەوڵەت پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە چارەنووسی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەر تاکێکی کورد و جێگیرکردنی داهات و دابینکردنی ژیان و پاراستنی کەرامەتی، بۆیە ئەم پرسە پرسی هەموومانە**

دەبێتە ئامرازی سیاسەتی ئەحزاب، بۆ نموونە لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا چوونە زانکۆ ماف نییە، بەو مانایە کە سیستمی پەروەردە مەجبوور بێ کە جێگا بۆ گشت خوازیارانی چوونە زانکۆ دابین بکات و ئەگەر هاتوو نەیکرد، خوێندکار بتوانێ ئیقامەی دەعوا لە مەحکەمەدا بکات.

**● سیاسەتی کوردی - دەورانی شەڕی سارد و دواتر**

لایەنێکی گرینگ و زۆر نێگەتیڤی کارتێکەری دەورانی شەڕی سارد لە سەر سیاسەتی کوردیدا بریتی بووە لەم دوو خاڵە، یەکەم: کورد خۆی بە دەستی خۆی سیاسەتی خۆی سنووردار بکات بە سنووری ئەو وڵاتانەوە کە داگیرکەری کوردستانن. بە جۆرێك کە پاش تێپەڕاندنی چەندین دەیەی زۆر نۆرماتیڤ و بڕیاردەر لە سەر پرسی ناسنامە لەو وڵاتانەدا کورد خۆی لەگەڵ خۆیدا وەك چوار ناسنامەی جیاواز هەڵسوکەوت بکات. دووەم :ئەم دەورانە کۆت و بەندێکی وای بە سەر سیاسەتی کوردیدا دانابوو کە لەو سیستمی جیهانییەدا مەجال نەبوو کورد وەك میللەت بۆ مسۆگەرکردنی سەروەریی سیاسیی خۆی هەوڵ بدات.

دەرهاویشتەی ئەم دووخاڵەی سەرەوە وای لە سیاسەتی کوردی کرد کە بۆ بەردەوامیی بەرخۆدان، کوردی هەر پارچەیەك لەگەڵ ڕژێمی پارچەیەکی تر هاوکار بێت و بەمجۆرە سیاسەتی کوردی لە ناو بازنەی داخراوەیی داگیرکەراندا بسووڕێتەوە، ئەمە هەتا ڕووخانی سۆڤییەت بەردەوام بوو.

لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد ڕێگا کرایەوە کە کورد بتوانێ خەون ببینێت بۆ دەرچوون لەم بازنە داخراوە، ڕووداوەکانی ناوچە هەنگاو بە دوای هەنگاو ئەم مەجالەیان ڕەخساند و کورد هەنگاوی هاوێشت، لە هەمان کاتدا سیاسەتی کۆنیش بە بوونی خۆی بەردەوامی دەدا. لە ئێستادا کە باسی کوردستان دەکەین دەبینین کە ئەم دوو ستراتیژییە لە سیاسەتی کوردیدا خۆیان فۆرمۆلە کردووە.

سیاسەتی خوازیاریی دامەزراندنی دەوڵەت سیاسەتی ڕزگاربوونە لەو بازنە کۆنە و لە بەرانبەریدا سیاسەتی کۆن هەر پێداگری لە سەر بەردەوامیی خۆی دەکات. سیاسەتی سەربەخۆیی ڕووی لە دنیای پێشکەوتوو و هاوپەیمانی جیهانییە و خوازیارە ببێتە بەشێك لە ئابووریی جیهانی، (وەك نموونە: گرێدانی سەرچاوە نەوتییەکانی وڵات بۆ سیستمی وزەی جیهانی و سیاسەتی کۆن ڕووی لە بەغدا و ئێران و....هتد.)

سیاسەتی سەربەخۆیی بە کردەیی و ڕۆژانە لەگەڵ ئەفسەرانی وڵاتانی هاوپەیمان لەسەر خاکی کوردستاندا ئەرتیش بۆ کورد سازدەکات و زۆرترین کەڵك لەو هاوبەرژەوەندی بوونەی کورد و جیهانی ئازاد وەردەگرێت کە پێکرا لە شەڕی دژی تێرۆردان، بۆ پتەوترکردن و ستراتیژیکترکردنی هاوکارییەکانی کورد و جیهانی ئازاد و سیاسەتی کۆن ڕوویان لە هاوپەیمانی لەگەڵ ئاکتۆرەکانی سەربە تاران و بەغدایە.

**ئەگەر بارزانی بە لە پێش گرتنی سیاسەتی دەرچوون لەو بازنە داخراوەی سیاسەتی ناوچەیی توانیویەتی بزووتنەوەکەی و ئیدارە و ستراتێژی و سیاسەتی گشتی کوردییەوە، ئەم پێگە نێوخۆیی و ناوچەیی و جهیانییەی خۆی دابین بکات، بەرپرسە سیاسییەکانی گۆڕان و یەکێتی کە ناوچەکەیان لە ژێر هەژموون و نفووزی ژیۆپۆلیتیکی ئێراندایە، دەبێ هەنگاوی گەورەتر و مێژوویتر هەڵبێنن، تاکوو بتوانن وەک بارزانی خۆیان و سیاسەتی کوردی لە تۆقی سیاسەتی داخراوی ناوچەیی جاران ڕزگار بکەن**

ڕاستی ئەوەیە کە ئەگەر بارزانی بە لە پێش گرتنی سیاسەتی دەرچوون لەو بازنە داخراوەی سیاسەتی ناوچەیی توانیویەتی بزووتنەوەکەی و ئیدارە و ستراتێژی و سیاسەتی گشتی کوردییەوە، ئەم پێگە نێوخۆیی و ناوچەیی و جهیانییەی خۆی دابین بکات، بەرپرسە سیاسییەکانی گۆڕان و یەکێتی کە ناوچەکەیان لە ژێر هەژموون و نفووزی ژیۆپۆلیتیکی ئێراندایە، دەبێ هەنگاوی گەورەتر و مێژوویتر هەڵبێنن، تاکوو بتوانن وەك بارزانی خۆیان و سیاسەتی کوردی لە تۆقی سیاسەتی داخراوی ناوچەیی جاران ڕزگار بکەن.

لەم پرۆسەیەدا دەبێ بارزانی و لایەنگرانی سەربەخۆیی یارمەتیدەری سەرکردەکانی گۆڕان و یەکێتی بن، بە مەرجێك ئەم ئیرادە و ویستە بە هێزەوە لەو لایەنانەدا بوونی هەبێ. ئەگەر ئەمە نەکرێت لە پرۆسەی ڕزگاریدا مەترسی ئەوە هەیە کە بەشێك لە باشوور لە شەمەندەفەری ڕزگاریدا بەشدار نەبێ. لە تەجروبەی زۆر وڵاتاندا ئەمە ڕووی داوە، نموونە ئەمریکا کە لە نێوان ئێمزاکردنی سەربەخۆیی ئەو وڵاتەدا لە لایەن یەکەمین ویلایەتەوە تا کۆتا ویلایەت سەد ساڵی پێچوو (نەخشەی ژمارە ١).، ئەمە ڕەنگە لە کەیسی ڕزگاریی کوردستانیشدا وا بێت، بەتایبەت کە باسی کوردستانی گەورە دەکەین.

گرینگ ئەوەیە کە هیچ کام لەم سەرپێچییانە و تەگەرخستنانە لە سەر ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ناتوانن ڕێگربن و ناتوانن ئالتەرناتیڤی سیاسەتی ڕزگاریی نەتەوەیی بن، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەیە کە سەرکردەکانی یەکێتی




نەخشەی ژمارەی (١) سەرچاوە ئەنیستیتۆی ستراتفۆر، ئەم نەخشەیە بە روونی نیشانی دەدات کە کەی و چۆن گشت ویلایەتەکان گەیشتنە یەکتر و بوونە ئەم ئەمریکایە کە ئەمڕۆ ئێمە دەیناسین. پرۆسەی بە یەکگەیشتن سەد ساڵی پێچووە. بەرچاوڕوونییەکی باش دەخاتە بەر چاوی رزگاریخوازانی کوردیش.

و گۆڕان هەنگاوی مێژوویی باوێژن و خۆیان لەگەڵ شەمەندەفەری رزگاریی و دامەزراندنی دەوڵەت رێك بخەن کە ئێستا فرسەت بۆ کورد رەخساوە و دوو دەوڵەتی سووریا و عێراق لە کار کەوتوون و پێویستە هەوڵی مێژوویی بدەن بۆ دەرخستن و رزگارکردنی ناوچەی جێ نفووزی خۆیان لە ژێردەستی هەژموونی ئێران.

**● سیاسەتی کۆن لە شکڵی دیسکۆرسی سێیەمدا**

ئەم دیسکۆرسە کە هەم بەهێزە و هەمیش توانای کردەیی بەرچاویی هەیە، بریتییە لەو بۆچوونە کە لە دنیای پۆست مۆدێرن و سەردەستی گلۆبالیزمدا دەوڵەتی نەتەوەیی مانای نەماوە و سازکردنی کۆمەڵگەیەکی ئالتەرناتیڤی سەرمایەداریی رۆژئاوا و کۆمەڵگەی ئیسلامیی رۆژهەڵات، دەبێ ببێتە ئەولەوییەتی سیاسەتی کوردی.

ئەم دیسکۆرسە لە دوو رووەوە جێی سەرنجە، یەکەم: لە موناقەشەیەکی تەواو پۆلیمیکیدا دەتوانین بڵێین ئەگەر باسی سیستمێکی کۆمەڵایەتی ئالتەرناتیڤی سەرمایەدارییان کردبا،

**سیاسەتی سەربەخۆیی بە کردەیی و رۆژانە لەگەڵ ئەفسەرانی وڵاتانی هاوپەیمان لە سەر خاکی کوردستاندا ئەرتیش بۆ کورد سازدەکات و زۆرترین کەڵک لەو هاوبەرژەوەندی بوونەی کورد و جیهانی ئازاد وەردەگرێت کە پێکرا لە شەڕی دژی تیرۆردان**

**ئەوەی میللەت دروست دەکات و پێناسەی پێ دەبەخشێت، دەوڵەتە کە خۆی بەرهەمی سیاسەتێکی ناسیۆنالیستییە و بەگوێرەی دەسەڵاتی خۆیشی دەیپارێزێت، تەنانەت لاوازترین دەوڵەتانیش بەگوێرەی توانای خۆیان خەڵکی خۆیان دەپارێزن**

**ژیانی سیاسیی کورد بە روونی و بە تراژیدیای گەورەوە نیشانی داوە کە نەبوونی سەروەریی نەتەوەیی بە واتای دەوڵەت هۆکاری سەرەکی بووە لەوەدا کە ئەم میللەتە لە قۆناغی جیاوازی ژیانیدا چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵ نەپارێزرێت و لایەنێکی ساوێرین و سەروەر لە ئارادا نەبووە تاکوو پارێزگاری لێ بکات**

بە بێ ئەوەی کە دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد ئینکار بکەن، دەمانتوانی وەك هەر بۆچوونێکی مارجینالی چەپیی دیکە، یان قسەی لەسەر بکەین، یان هەر بە مارجینالی خۆیان بە سەریدا باز بدەین. کە باسی ئینکاری دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد دەکەن، وا لەم دیسکۆرسە دەکات کە دەبێ هەڵوێستەی لەسەر بکرێ. دووەم: بە راشکاوی دەتوانین بڵێین کە ئەم دیسکۆرسە کە لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە بەیان دەکرێت، یان لەلایەن فراکسیۆنێکی ئەو پارتەوە بە زەقی قسەی لەسەر دەکرێ، نەك بەرهەمی مەکتەب و بۆچوونێکی تیۆریکە، بەڵکو زیاتر زادەی بارودۆخ، پێوەندییەکان و کارتێکەرییەکانی ژیۆپۆلیتیکی ناوچەکەیە. دەنا هیچ عەقڵێکی سالم ناتوانێ لەناو ئەم هەموو میللەت و کۆمەڵگەی جیاوازی دنیادا ئەم پەیامە بداتە کورد کە ئالتەرناتیڤ بۆ سیستمی سەرمایەداریی لیبراڵی مەوجوود دابڕێژێت و دابمەزرێنێت.

ئەم گێژاوە فیکرییە تەنیا یەك بەرهەمی مەبەستە کە دوورخستنەوەی مێشکی کوردە لە پرسی رزگاریی نەتەوەیی و سازکردنی دەوڵەتی کوردی و بەفیڕۆدانی ئەو هەموو توانا و ئێنێرژییەی میللەت. رووداوەکانی هەر ئەم یەك دوو ساڵەی رابردوو بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن لە پێویستی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەت. چاوێك لە رۆژئاوا و نۆسەیبین و جزیر و شنگال بکەن. کورد ئەگەر دەوڵەتی هەبایە، وڵاتەکەی بەم شێوەیە نەدەکەوتە بەر پەلاماری جۆرەها دوژمن و درندە و دەیتوانی خۆی بپارێزێت.

گرینگی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ پاراستنی بوون و ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵك تەنیا لە ئاستی کورد و کوردستاندا نییە کە خۆی دەردەخات، بەڵکو تەنانەت لە دنیای گلۆبال و لە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیاشدا زەروورەتی خۆی نیشان دەدات .

## ● دەرئەنجام

دامەزراندنی دەوڵەت پێوەندی راستەوخۆی هەیە بە چارەنووسی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەر تاکێکی کورد و جێگیرکردنی داهات و دابینکردنی ژیان و پاراستنی کەرامەتی، بۆیە ئەم پرسە پرسی هەموومانە.

کورد سەرەڕای هەموو گرفتەکانی رێگای باشی بڕیوە لە پچڕاندنی تۆقی خنکان لە ناو بازنەی سیاسەتی ناوچەیی داگیرکەرانی کوردستاندا و دەرگای دنیای ئازادی لە خۆی کردووەتەوە، ئەم خاڵە دەستکەوتێکی مێژووییە کە دەبێ لەسەری بەردەوام بین و سڵی لێ نەکەینەوە.

کورد بیری گشتیی دنیای ئازادی لەگەڵە، بۆیە ئەم خاڵە دەتوانێ یارمەتیدەری کورد بێت بۆ کردنەوەی ئەو دەرگایانە کە پێویستە کورد بیانکاتەوە. دەبێ لەسەری بەردەوام بین و خۆمان تێکەڵی هیچ ریزبەندییەکی تر جگە لە هاوپەیمانان و بڕیاردەرانی سەرەکیی سیاسەتی نێودەوڵەتی نەکەین.

کوشتنی قاسملوو چەند خۆلەکێکی پێچوو، بەڵام پێگەیاندنی قاسملوو چەندین دەیەی پێ چووبوو. بارزانی بەرهەمی چەندین دەیە خەبات و پەروەردەی سیاسی و پێوەندی دیپلۆماسییە، پێگەیاندنی سەرمایەی لەم چەشنە بۆ میللەتی کورد پێویستی بە چەندین دەیەی دیکە هەیە. لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا زۆر کەس دەتوانن نوێنەرایەتی کورد بکەن، بەڵام بەهێزی و بێهێزیی ئەم نوێنەرایەتییە دەگەڕێتەوە سەر ئەم خاڵە گرینگە کە تا چەند وەك پارتنێر مرۆڤ وەردەگیرێ. لە جوگرافیای مرۆڤیدا لێکۆڵینەوەی زۆر بەردەستە لەسەر گرینگیی یەکتر دیتن و یەکتر ناسینی لە نزیکەوەی مرۆڤە کاربەدەستەکان لە سیاسەت و لە ئابووریدا، لەم لێکۆڵینەوانەدا باس لە زانیاری و زانستی بێدەنگ لەسەر یەکتر دەکرێ و ئەوە دەبێتە بناغەیەکی بەهێزی پێوەندی و نزیکایەتی، ئەم پێوەندییە پرۆسەیە، متمانەیە، جێی بڕوای یەکتر بوونە، جار هەیە پێوەندییەکی باش نەتیجەی دەیان ساڵ هاوکاری و یەکتر تاقیکردنەوە بووە.

بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ بە بارزانی دەکرێ، دەبێ وەك بەرهەمی مێژوویيەك خەبات چاوی لێ بکرێ و ئەم پۆتانسییەلە وەك سەرمایەیەکی میللی حیسابی لەسەر بکرێ. ئێستا کە بارزانی شانی داوەتە بەر بەرزکردنەوەی کردەیی، -نەك پڕۆپاگاندەی سیاسیی رۆژانە — خواستی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە ئاستی سیاسەتی جددی ناوچە و دنیادا، دەبێ هەموو دەستێکی پاکی کوردی هاوکاری بێت.

# کاتی هاتووە گەلی کوردستان بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات



نەدا مێرگەسۆری*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لەم دوو سێ ساڵەی رابردوودا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە و عێراق و هەرێمی کوردستان بە قۆناخێکی سەختی سیاسی و ئابووری و ئەمنیدا تێپەڕیوە، بە راستی تاك بە تاکی بە خۆوە مژول کرووە و کاریگەری خراپی کردۆتەوە سەر هەموو کایەکانی ژیان.

لەو گۆڕانکارییە و بەرزی و نزمییەی بەسەر هاوکێشە سیاسییەکان و ئابوورییەکانیش هاتووە، پشکی هەرە مەزن بەر عێراق و هەرێمی کوردستان کەوتوون، چونکە عێراق و بەتایبەت هەرێمی کورستان گەمەکەری سەرەکیی ئەو هاوکێشە سیاسییانەشن کە لە داهاتوودا روودەدەن. ئەمە جگە لەوەی کە لە نێو خودی هەرێمیش لەو ماوەیە بارێکی ئاڵۆزی نەخوازراو بوونی هەیە کە خولقێنەری ئەم بارودۆخەش، پێشێلکردنی پرەنسیپی تەوافوق بووە لە لایەن ئەوانەی دەیانگوت ئێمە پشکمان لە حکومەت و دامودەزگاکانیدا نییە.

گومانی تێدا نییە کە هەرێمی کوردستان هیچ کات بە قەد ئەم ماوەیەی رابردوو تووشی قەیرانی دارایی نەبۆتەوە، ئەم قەیرانەش هۆکارگەلی خۆی هەیە کە هەموویان پێکڤە بوونەتە هۆی ئەوەی حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی جددی کار بۆ چارەسەری ئەم گرفتە بکات. سیاسەتی تاکڕەوانەی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق، جگە لەوەی کە عێراقی کردە مۆڵگەی تیرۆریستانی داعەش و رێژەیەکی زۆری خاکی عێراق کەوتە دەستی داعش، ئەوا بووە هۆی ئەوەی کە پارەی عێراقیش بە شێوەیەکی نایاسایی تەخشان و پەخشان بکرێت، هاوکات سیاسەتێکی قێزەونی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان جێبەجێ کرد و بووە هۆی ئەوەی قوتی خەڵکی کوردستان ببڕێت، بۆیە هەروەك بینیمان هەر لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٤)، لەبەر سیاسەتی هەڵە و تاکڕەوی و بە هۆکاری سیاسی و بە بێ هۆکاری قانوونی و دەستووری، (٪١٧)ی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی نەنارد، مالیکی کاتێك مووچەی

فەرمانبەران و پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانی بڕی، کە تووشی شەڕی داسەپاوی داعش ببوو، تا ئێستاش پیشمەرگە تاکە هێزی بەتوانایە کە لە سەر زەوی شەڕی داعەش دەکات. ئەو کردەوانەی مالیکی سەرەتای دروستبوونی بارگرانییەگی زۆر بوو لەسەر حکومەتی هەرێم، ئەمە جگە لەوەی نرخی نەوت روو لە دابەزین بووە، ئەمەش ئەوەندەی پێوەندی بە هۆکاری ئابوورییەوە هەبێت، هەروەك چۆن شارەزایان باسی لێوە دەکەن، پێوەندی بە هۆکاری سیاسییەوە هەیە کە هەندێك لەو وڵاتانەی لە هاوکێشە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونیان هەیە، ئەم سیاسەتەی، بەرزبوون و نزمبوونی نرخی نەوت دەگرنەبەر. بۆیە هەرێم زەرەرمەندی ئەو دابەزینەی نەوتە.

لە مانگی (١٢)ی (٢٠١٤) رێککەوتنی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لەسەر بودجەی عێراق کرا و بە گوێرەی ئەو رێککەوتنە، کە لە یاسای بودجەی عێراقیش بۆ ساڵی (٢٠١٥) و (٢٠١٦) جێگیرکراوە، عێراق دەبێت بودجەی (١٧٪)ی هەرێم و مووچەی فەرمانبەر و پێشمەرگە بنیرێت، لە بەرامبەریشدا هەرێم دەبێت (٥٥٠٠٠٠) بەرمیل نەوت رۆژانە لە ریگەی بۆری نەوتی جیهان بنێرێتەوە دەرەوە، لەوەش (٢٥٠٠٠٠) نەوتی کوردستان و (٣٠٠٠٠٠) نەوتی کەرکووك.

لە مانگی چوار و پێنجی (٢٠١٥) کوردستان هەموو ئەو بڕە نەوتەی کە پێویست بوو بینێرێت ناردی، هەرچەند لە سەرەتاوە لەبەر هەندێك هۆکاری تەکنیکی نەیتوانی بە دروستی بینێرێت. بەڵام هەمدیسان حکومەتی فیدراڵ تاکو ئێستاش بەشە پارەی کوردستانی نەناردووە، ئەمە جگە لەوەی کە حکومەتی عێراق نزیکەی (١٦) ترلیۆن دینار قەرداری هەرێمە و ئەمەش لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ بە شێوەیەکی فەرمی هاتووە، جگە لەوەی کە قەرد و موستەحەقاتی کۆمپانیا نەوتییەکانی نەداوە، ئێستاش موستەحەقاتی گەنمی جووتیاران بە بیانووی جیاجیا نادات، سەرەڕای ئەو هەموو فشارەی لە لایەن ئێمەی پەرلەمانتارانی کوردستانەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خراوەتە سەر سەرۆك وەزیران عەبادی و حکومەتەکەی.

بۆیە بە راستی سەرۆك وەزیران (حەیدر عبادی) یش هەمان پێنگاوەکانی مالیکی دەگرێتەبەر، سەرەڕای ئیقراربوونی موازنەی (٢٠١٦) و بوونی رێککەوتنی هەولێر و بەغدا، کە لە موازنە، مووچەی فەرمانبەر و پێشمەرگە و بودجەی هەرێمی تێدا نووسراوە و سەرەڕای ئەوەی کە بڕینی مووچە کارێکی نادەستووری و ناقانوونییە، بەڵام هەمان سیاسەت پەیڕەو دەکات. لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتی کردۆتەوە کە تا ئێستاش هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراقی فیدراڵ و مافی خۆیەتی مومارەسەی مافە دەستووری و یاساییەکانی خۆی بکات و پابەندی رێککەوتنەکەی نێوانیان دەبێت، ئەگەر حکومەتی فیدراڵیش نییەتی جێبەجێکردنی هەبێت، بەڵام بە راستی حکومەتی عێراق تا ئێستاش بەردەوامە لە جێبەجێنەکردنی بەندەکانی رێککەوتنەکە و ئەمەش وەك ئابلۆقەی عێراقە بەسەر کوردستانەوە.

لە کەسمان شاراوە نییە ئەوەی ئێستا لە شەقامی عێراقی روودەدات و ئەو خۆپیشاندانانەی لە لایەن رەوتی سەدرەوە بۆ چاکسازی ئەنجام دەدرێت، فشارێکی زۆری خستۆتەسەر حکومەت و بگرە پەرلەمانی عێراقیش، کە کار گەیشتە ئەوەی یەکێك لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی عێراق، کە ئەویش پەرلەمانە، هێرشی بکرێتە سەر و لە شکۆ و هەیبەتی بدرێت، هەرچەند راشکاوانە دەڵێم، شکۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەمێکە لاواز بووە، ئەمەش هۆکار گەلێکی تایبەت بە خۆی هەیە، لە لاوازیی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و دەستوەردانی حکومەت لە کاروباری پەرلەمانەوە بگرە تاکو بێدەنگیی خودی پەرلەمانتارانیش.

ئەم گرفتانەی کە ئێستا لە عێراق روودەدەن، ریشەیەکی قووڵی هەیە و ئەوانە بە بیانووی چاکسازی دەیانەوێت پرەنسیپی شەراکەت نەهێڵن. بە راستی ئەوەی لە عێراق روودەدات، کێشەی نەخوێندنەوەی بەرامبەرە و کێشەی بەلاوەنانی کورد و پێکهاتەکانەی دیکە و حوکمکردنی تاکڕەوانەیە، کێشەی هەرس نەکردنی هەندێك پرەنسیپە کە لە دەستوور چەسپاوە، کێشەی پێشێلکردنی شەراکەتی راستەقینەیە و تێنەگەیشتنە لە مەفهوومی فیدراڵییەت و پێکەوەژیان، کێشە رێزنەگرتنی دەستوورە و چەسپاندنی حوکمی بە زۆرە. بە راستی ئەوەی ئێستا لە عێراق روودەدات فەوزایەکی سیاسییە کە کۆتاییەکەی تا ئێستا ناڕوونە، بگرە بۆ ئەوانەشی کە ئەو فەوزایە خەلق دەکەن،

**عێراقی ئێستا پێویستی بە کوردە، بەڵام کورد هیچ پێویستی بە عێراق نەماوە، گوتمان شەریک دەبین، نەیانویست، گوتمان رێزی دەستوور بگرن، نەیانگرت، ناکرێت لە عێراقێکی وادا کە هیچ حیساب بۆ کورد ناکات، هەر بە پاشکۆیی بمێنینەوە**

**ناکرێت شاندێکی کوردی، یان پارتێکی کوردستانی لە دەرەوەی ئیرادەی گەلی کوردستان، ئیرادەی حزبی بۆ مەسەلەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بەکاربێنێت و ببێتە رێگر بۆ ئەم خەونە لە مێژینەی گەلی کورد**

شاراوە نییە کە ئەو فەوزایەی لە بەغدا هەیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری ئەرێنی بۆ کورد دەبێت، بۆیە پێویستە حزبە کوردستانییەکان یەکدەنگی و یەکڕیزی خۆیان بپارێزن و بە حەکیمانە بڕیارە چارەنووسسازەکان بدەن. بەڵام لەم ماوەی دوایی ئەو ئومێدەی لە دڵی هەموومان هەبوو، کە بەڵێ یەکدەنگییەك هەیە بۆ هەندێ لەو پرەنسیپ و پرسانەی کە کورد دەگەیەنێتە کەناری ئارامی، بە بۆچوونی من بە هەندێك هەڵوێستی چاوەڕوان نەکراو بەرەو کزی چووە، ئەمەش بێگومان دوای سەردانیکردنی شاندێکی هاوبەشی پەرلەمانی (گۆڕان و یەکێتی) بوو، بۆ بەغدا و بۆ لای لایەنە حزبی و سیاسییەکانی عەرەب و دوای رێککەوتنی هەردوو حزبی (گۆڕان و یەکێتی) بوو کە لە رێککەوتی (٢٠١٦/٥/١٧) واژوو کرا، ئەو سەردانەش دروست دوای بانگەشەی سەرۆك بارزانی بوو بۆ کۆبوونەوەیەکی گشتگیری هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ تاوتوێکردنی پرسی ریفراندۆم کە تا ئێستاش هەندێك پارت بە دەم ئەو بانگەشەیەی جەنابی سەرۆك نەهاتوون. ئاساییە هەر حزبێك سەردانی پارتە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بکات و ئەجێنداو پڕۆگرامی حزبی خۆی لەگەل پارتەکان تاوتوێ بکات و لەسەر بنەمایەکی دروستی نەتەوایەتی پێوەندی دروست بکات. بەڵام مخابن بە پێی ئەو زانیارییانەی زانیمان و بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە میدیا و راگەیاندنە عەرەبی و عێراقییەکان باسی لێوە کرا، ئەو سەردانەی شاندی هاوبەشی پەرلەمانتارانی بەغدای هەردوو فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی و گۆڕان مایەی دڵخۆشی لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی عێراقی بووە، ئەوەی ئێمە لە راگەیاندنی عەرەبی و عێراقی لێی تێگەیشتین ئەوە بوو کە سەردانی ئەو شاندە هەڵگری پەیامێکی قەبە بوو لە چاو ئەو پەیامەی کە خودی شاندەکە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە میدیاکان باسیان لێوە دەکرد، ئەمە جگە لەوەی کە باسی هەندێك شتیان کردووە کە بۆتە هۆی ئەوەی هەندێك لایەن و کەس و چەپڵەشیان بۆ لێداون و شانازی بە عێراقی بوونی ئەوان کراوە.

ئەمە لە کاتێکدا کە هەر لەم ماوەی دواییدا لە سلێمانی پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لە سەرۆك وەزیرانی پێشوو و نانبڕەکەی کوردستان (نوری مالیکی) کرد، لە کاتێکدا مالیکی قوتی خەڵك و مووچەو بودجەی هاووڵاتی و فەرمانبەری کوردستانی بڕیوە، نەدەبوو بە شانازییەوە پێشوازی لێبکەن. ئەمە بەو مانایە نییە کە بمانەوێت ئەجێندای پارتێکی سیاسی بە دڵی خۆمان بێت، بەڵام پێویستە بە شێوەیەکی دیکەوە مامەڵە لەگەڵ هاوکێشە سیاسییە نێوخۆییەکان بکەن و زیاتر هەوڵی ئەوە بدەن کە بە کردەوە، یەکڕیزی و تەبایی بپارێزن و ئەجێندای کوردانەی کوردستانییان هەبێت، ناکرێت شاندێکی کوردی، یان پارتێکی کوردستانی لە دەرەوەی ئیرادەی گەلی کوردستان، ئیرادەی حزبی بۆ مەسەلەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بەکاربێنێت و ببێتە رێگر بۆ ئەم خەونە لە مێژینەی گەلی کورد. عێراق لە فەوزایەکی سیاسیدایە و کۆتاییەکەی ناڕوونی هەیە، بەها باڵاکان و و دەستوور و یاسا و چەمکی شەراکەت هیچ مانایەکی نەماوە، عێراقی ئێستا پێویستی بە کوردە، بەڵام کورد هیچ پێویستی بە عێراق نەماوە، گوتمان شەریك دەبین، نەیانویست، گوتمان رێزی دەستوور بگرن، نەیانگرت، ناکرێت لە عێراقێکی وادا کە هیچ حیساب بۆ کورد ناکات، هەر بە پاشکۆیی بمێنینەوە.

هەر لەم ماوەی دواییدا لە سلێمانی پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لە سەرۆك وەزیرانی پێشوو و نانبڕەکەی کوردستان (نوری مالیکی) کرد، لە کاتێکدا مالیکی قوتی خەڵک و مووچەو بودجەی هاووڵاتی و فەرمانبەری کوردستانی بڕیوە، نەدەبوو بە شانازییەوە پێشوازی لێبکەن

بۆیە بە راستی بەرژەوەندییە گشتی و نەتەوەییەکانی کورد، دەبێت لە بەرژەوەندییە کەسی و حزبییەکان لە پێشتر بێت و دەبێت هەموو حزبە کوردستانییەکان بە رۆحێکی نەتەوەیی و کوردستانییەوە سەیری پرسە نێوخۆییەکان بکەن، راستە ئەو رەوشە سیاسییەی باڵی بە سەر هەرێمی کوردستان کێشاوە، رەوشێکی نەخوازراوە، بەڵام سەرۆکایەتی هەرێم و خودی سەرۆك بارزانی زۆر بەرپرسانە مامەڵەی لەگەڵ دۆخەکە کردووە و هیچ کات جەنابیان بۆ هیچ پرسێك دەستەوەستان نەوەستاوە و هەمیشە بە دوای چارەسەری گونجاو بووە. ئێستاش پێویستە کە بۆ پرسی نەتەوەیی و بابەتی ریفراندۆم و بە دەوڵەت بوونی کوردستان هەموو پارتە سیاسییەکان بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەلاوە بنێن و بەرژەوەندی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرن و کاربکەن بۆ بە دەوڵەت کردنی کوردستان. چونکە کورد و کوردستان چیتر تەحەمولی ئەو پشتگوێ خستنەی کوردستان لە لایەن حکومەت و دەوڵەتی عێراقەوە ناکات.

بەرژەوەندییە گشتی و نەتەوەییەکانی کورد، دەبێت لە بەرژەوەندییە کەسی و حزبییەکان لە پێشتر بێت و دەبێت هەموو حزبە کوردستانییەکان بە رۆحێکی نەتەوەیی و کوردستانییەوە سەیری پرسە نێوخۆییەکان بکەن

*** پەرلەمانتارو بڕیاردەری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**



## خالید عەزیزی

سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# هەموو لایەک چاوەڕێی کاک مسعود بارزانی دەکات بۆ ئەوەی بڕیارێکی نەتەوەیی بدات

**بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕانکارییەکان وایانکردووە کە مەزندەکان بەو ئاراستەیە بچن، گۆڕانکاریی ریشەیی و کاریگەر لە ناوچەکە بێتەئاراوە، لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەشدا لەگەڵ ئەوەی کورد بەشێك نییە لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام یاریزانێکی سەرەکییە و رۆڵێکی کاریگەر و یەکلاکەرەوە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دەگێڕێت، لەمەش زیاتر هەرێمی کوردستان بۆتە نموونەیەك بۆ پێکەوەژیان و یەکترقبوولکردنی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان، لەکاتێکدا کێشەی سەرەکی لە ناوچەکە ئەوەیە کە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان ناتوانن پێکەوە بژین. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای ناوچەکە و سوودوەرگرتن لەو دەرفەتەی بۆ کورد هاتۆتەپێشەوە بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە بیروبۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەروو.**

*** رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئێستا بریتییە لە کۆمەڵێك هاوکێشەی ئاڵۆز و تێکەڵ، هەروەها کۆمەڵێك کاراکتەری تازە گەمەی تێدا دەکەن، ئایا چۆن رەوشی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخوێنیتەوە و کورد لە کوێی ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدایە؟**

- پێش هەموو شت، ئێمە قسە لەسەر ناوچەیەك دەکەین کە زۆر ئاڵۆز و تێکەڵە، کۆمەڵێك فاکتەری جیاوازی مەزهەبگەرایی و جیوگرافی تێدایە، لەوەش گرنگتر ئەم ناوچەیە شوێنی هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکەشە و لێرەوە بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر چەندی و چۆنی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکاندا. هەتا سەردەمانی شەڕی سارد کە باسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرا، ئەوا رێك بە کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین پێناسە دەکرا، ئەمەش بەرهەمی شەڕی ساردی نێوان مۆسکۆ و واشنتۆن بوو، هەر ئەم دوو جەمسەرەش دوو هێزی کاریگەر بوون و دەیانتوانی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن، بەڵام پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و هاتنە گۆڕێی کۆمەڵێك فاکتەری دیکە و دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، وردە وردە فاکتەری دیکەی ناوچەیی هاتنە ناو گەمەی سیاسیی ناوچەکە، بۆیە ئێستا کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوە تەقلیدییەکەی کە بڵێین کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین پێناسە ناکرێت، بەڵکو کۆمەڵێك فاکتەری بۆ زیاد بووە لە سەرووی ئەوانەوە کێشەی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننەیە کە ئێران لە سەرووی هەموویانەوە رێبەرایەتی مەزهەبی شیعە دەکات و هەوڵدەدات ناسنامەیەك بۆ شیعە لە تەواوی ناوچەکە دروست بکات، لە بەرامبەر ئەمەشدا سوننە بوونی هەیە و کۆمەڵێك وڵاتی عەرەبین، هەروەها توندڕۆیی سوننەش بوونی هەیە، ئەمە وایکردووە کێشەی ئایینیی و مەزهەبگەرایی ببێتە بنەمای یەکلاییکردنەوەی کێشەکان و حیسابی وردی لەسەر دەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئایین و مەزهەب هاتۆتە ناو سیاسەتەوە و لایەنەکان سوودی تەواویان لێ وەرگرتووە، بەڵام لە تەنیشت هەموو ئەمانەش فاکتەرێکی دیکە لە چۆنیەتی پێناسەکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیادبووە، ئەو فاکتەرەش کوردە، بۆیە لە ئێستادا کە باسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، ناتوانن فاکتەری کورد نادیدە بگرن، کاتێکیش باس لە فاکتەری کورد دەکەین، دیارە ئەم فاکتەرەش رەهەندی جۆراوجۆری هەیە. بە بەبۆچوونی من ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە باشوور، نموونەیەکی جوانی بەرجەستە کردووە، ئەم نموونەیە لەناو عێراقێکی شێواو و لە ناوچەیەکدایە کە سەرانسەر کێشەی مەزهەبگەرایی شیعە و یەکتری قبووڵنەکردنە، بەڵام جیاوازی هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە لەم هەرێمە تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان پێکەوە دەژین و لێبووردەیی و یەکتری قبووڵکردن هەیە، هەروەها هەرێمی کوردستان هاوکات لەگەڵ ئەم قەیرانە ئابورییەی توانیویەتی زیاتر لە ١،٥ ملیۆن ئاوارە لەخۆی بگرێت و توانیویەتی خۆی رابگرێت. خاڵێکی دیکە بۆ ئەم هەرێمە ئەوەیە کە زیاتر لە ٣٠-٤٠ نوێنەرایەتی وڵاتانی دەرەوە نووسینگە و کونسوڵخانەیان لەم هەرێمەدا هەیە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دانپێدانانێکی نێودەوڵەتییە، لە هەموو ئەم خاڵانەش گرنگتر شەڕی پێشمەرگەیە دژی تیرۆریستانی داعش، هەرێمی کوردستان زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر بەرەی شەڕی لەگەڵ داعش هەیە، قارەمانییەتی پێشمەرگە لەم شەڕەدا هەرێمی کوردستانی کردووە بە واقیعێك کە لەسەر

**کاک مسعود بارزانی هەموو ژیانی پێشمەرگە بووە و بە پێشمەرگایەتی پێگەیشتووە، بۆیە لە هەموو دەرد و کارەساتەکان باشتر تێدەگات و دەزانێت لێکترازانی نێوماڵی کورد چ کارەساتێک بەدوای خۆیدا دەهێنێت**

**بە دووری نابینم پێوەندییەکی موخابەراتی و ناڕاستەوخۆ بۆ هەماهەنگی لە نێوانی کۆماری ئیسلامی و داعشدا هەبێت، بۆ ئەوەی بە جۆرێک یەکتری بپارێزن**

ئاستی نێودەوڵەتی ناتوانرێت ئینکاری بکرێت، ئەم فاکتەرانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی کورد لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا بەشێك نییە لە کێشەکە، بەڵکو ئێستا ئەزموونی هەرێمی کوردستان بۆتە بەشێك لە چارەسەر، ئیدی چۆن دەتوانێت لە نەخشەڕێگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کورد جێگە پەنجەی دیار بێت، ئەمەیان دەکەوێتە سەر هاوکێشەی گەمەکە و ئەوەی کە کورد چۆن لەو هاوکێشەیەدا گەمەدەکات.

*** ئەگەر کورد یاریزانێکی ئەو گەمەیە بێت، دەبێت چۆن لەو هاوکێشەیەدا گەمە بکات؟**

- دوو جۆر گەمەکردن هەیە، گەمەیەك خۆت دەستی پێدەکەیت و خەڵکی دیکە پەلکێش دەکەیت بۆ ناو ئەو گەمەیە، جۆرێکی دیکەیان ئەوەیە تۆ خۆت بچیتە ناو گەمەکەوە. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان دیارە لایەنی کوردی بەشێك نەبووە لە کێشەی نێوان سوننە و شیعە، بەڵام کاتێك ئەم کێشەیە دروست بوو، شەڕی داعش بەرپا بوو، کورد فاکتەرێکی ئیجابی بوو لە کێشەکەدا، بۆیە کورد ئێستا لە گەمەکەدایە، یەکەم بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، دووەم کوردانی سووریاش کە لە تێڕوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لە بەرەی دژی داعشن، ئەمانە پێگەی کوردیان لەناو هاوکێشەی نێودەوڵەتی بەهێز کردووە، لە سەرێکی دیکەوە هەرێمی کوردستان سەلماندوویەتی کە کورد نەتەوەیەکە پەنا بۆ توندوتیژی نابات و لێبووردەیە و حەز لە پێکەوەژیان لەگەڵ نەتەوە و ئایینەکانی دیکە دەکات و خوازیارە کە ئاشتی و سەقامگیری لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێز بێت، ئەمانە هەمووی پێماندەڵێت کورد لە گەمەکەدا بوونێکی بەرچاوی هەیە.

*** جەختت لەسەر ئەوە کردەوە کە کورد بەشێك نییە لە میحوەربەندی شیعە و سوننە، بەڵام وەك دەبینین بەشێك لە هێزە سیاسییەکان پێوەندی بەهێزیان لەگەڵ ئێران هەیە و سیاسەتەکانی ئێران جێبەجێ دەکەن، بۆ نموونە رەفتارەکانی پەکەکە لە باشووری کوردستان، لەو بارەوە راتان چییە؟**

- کوردیش وەك هەموو لایەنەکانی ناو گەمەکە مافی خۆیەتی کارتی هەمەجۆرە بەکار بهێنێت، بەڵام من ئومێد دەخوازم بەکارهێنانی ئەو کارتانە لە بەرژەوەندی نەتەوەییدا بن، سەبارەت بە پارتە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێوەندییان لەگەڵ ئێران و تورکیا زۆر سروشتییە، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم ئێران و تورکیا ببنە بەشێك لە گەمەی نێوماڵی کورد و لەمەدا لە یەکتری جیادەبنەوە. ئەوەشی پێوەندی بە پەکەکەوە هەیە، دیارە پەکەکە پارتێکی باکووری کوردستانە و هەر لەوێ دامەزراوە و شوێنی خەباتیشی هەر ئەوێیە و هەر لە باکووریش رۆڵی پەکەکە لە نێو خەڵکدا رەنگ دەداتەوە، بە بۆچوونی من پەکەکە بۆی نییە و لە قازانجی کوردیش نییە دەستێوەردان لە هیچ پارچەیەکی کوردستان بکات، تەنانەت ئەگەر لە پارچەیەکیش بوونی هەبێت، دەبێت ئەو بوونە بۆ بەهێزکردنی نێوماڵی کورد بێت و نابێت ببێتە بەشێك لە کێشە ناوخۆییەکانی پارچەیەکی دیکەی کوردستان. بۆیە من ئومێدەوارم لە پێوەندی بە باشووری کوردستانەوە پەکەکە ئەو خوێندنەوەی هەبێت. دیارە لە باشووری کوردستان کێشەی ناوخۆیی هەیە و بەشێك لەو کێشانە ریشەی مێژوویی هەیە، بۆیە ناکرێ هیچ کام لە حزبەکانی پارچەکانی کوردستان ببنە بەشێك لەو کێشەیە، لەبەر ئەوەی بوون بە بەشێك لەو کێشانە، کێشەکان زیاتر قووڵ دەبنەوە.

*** بەڵام پەکەکە نەك هەر لە باشوور، بەڵکو لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەستێوەردان دەکات و خۆیشی دەکات بە بەشێك لە کێشەکان، هەر بۆ نموونە ئێستا داوا دەکات شنگال نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بۆچوونە بکەین؟**

- تا ئەو جێگەی پێوەندی بە شنگالەوە هەیە، شنگال بەشێکە لە کوردستانی باشوور، ئەم بەشە پارتی سیاسی و پەرلەمانی خۆی هەیە. بۆیە لە روانگەی ئێمەوە نەك پەکەکە، بەڵکو هیچ حزبێکی پارچەکانی دیکە نابێت ببنە بەشێك لە کێشەکە، ئەگەر پەکەکە بیانووی ئەوەیە لە شنگال و شەڕی دژی داعش بوونی هەبووە، ئێستا داعش لەو ناوچەیە نەماوە و لەسەر دەستی پێشمەرگە تیکشکێندراوە و پاشەکشەی کردووە، بۆیە دەبێت ئێستا خۆی بێت و بڵێت: فەرموو قائیمقامی شنگال، یان پەرلەمانی کوردستان ئەگەر ئەو کات بۆ شەڕی داعش بوونمان هەبوو، ئەوا ئیتر لەمەودا ئێمە دەستێوەردان ناکەین و بە خۆتانی دەسپێرینەوە. کوردستان خۆی بەسەر چواردەوڵەتدا دابەش بووە و زیاتر لە ٦٠-٧٠ حزبی سیاسی هەیە، هەر یەك لەو حزبانەش خوێندنەوەی جۆراوجۆریان هەیە، بۆیە ئەگەر سنوورێك دانەنێن هەموو کێشەکان زیاتر ئاڵۆز دەبن.

*** لە خوێندنەوەی فاکتەری کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەرێمی کوردستانت وەك فاکتەرێکی ئیجابی هەڵسەنگاند، ئێستا لەم هەرێمە زەمینەیەك**

**کۆمەڵێک فاکتەر بوونیان هەیە کە وایانکردووە ئێران مەغروور بێت، یەکەمیان لەبەر ئەوەی ئێران وڵاتێکە زۆربەی دانیشتووانەکەی سەر بە مەزهەبی شیعەن و شۆڕشی ئیسلامیش فۆرمێکی شیعەی هەبووە، بۆیە ئێران لە تەواوی ئەو ناوچانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە شیعەی لێیە، هەژموونی خۆی سەپاندووە**

**لەسێدارەدان شتێکی تازە نییە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بەڵام بۆ ئەوەی لە سێدارەدان کەم ببێتەوە، دەبێت خەباتی مەدەنی لە ناوخۆی وڵات بەرفروانتر بکرێت، بۆ ئەوەی گوشار بکەوێتە سەر حکومەت و ناچار بێت پاشەکشە بکات**

**ئەگەر پێشمەرگە حزووری هەبێت و ساڵانە چەندین چالاکیش ئەنجام بدات، بەڵام ئەگەر پشتیوانییەکی جەماوەری نەبوو، ئەوا کۆماری ئیسلامی دەتوانێت لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی کێشەکە وەک کێشەیەکی چەکداری پێناسە بکات و بڵێت چەند چەکدارێکن و چەندین ساڵە لەو دیوی مەرزەکانەوەن و جارجار دزە دەکەن و دێن ئاژاوەیەک دروست دەکەن، ئەمەش زەمینەی ئەوە بۆ کۆماری ئیسلامی خۆش دەکات کە بتوانێت پرسەکە کپ بکاتەوە**

**بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت هاتۆتەپێشەوە، ئایا تاچەند لە ئێستادا ڕاگەیاندنی ئەم دەوڵەتە نابێتە موجازەفە؟**

- ئێستا کۆمەڵێك فاکتەر هەن و هەموویان شان بە شانی یەکتری زەمینەیەکی لەباری بۆ هەرێمی کوردستان دروستکردووە، بۆیە باشووری کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە نزیکە لە لوتکە و ڕاگەیاندنی دەوڵەت، بەڵام فاکتەری هەرە سەرەکی کە دەبێتە بنەما بۆ ئەم پرۆسەیە، فاکتەری نێوماڵی کوردییە، واتە ئەگەر هەموو فاکتەرە نێودەوڵەتییەکان شان بە شانی یەکتری بۆ بە خاوەن دەوڵەتبوونی کورد بوونیان هەبێت، ئەوا ئەگەر نێوماڵی کورد یەکگرتوو و یەکدەنگ و یەکگوتار نەبێت، یان ئەم پرۆسەیە موزایەدەی حزبی لەسەر بکرێت، ئەوا لەوانەیە ئەم پرۆسەیە لەسەر ئاستی لێکتێگەیشتنی نێودەوڵەتی پرسیاری بکەوێتەسەر، بۆیە پرسی بەدەوڵەتبوون لە باشووری کوردستان بەدەستی خودی کورد خۆیەتی، ئەگەر نێوماڵی کورد یەکگرتوو بێت، شانسی ئەوە هەیە ئەو دەرفەتەی بۆ باشوور هاتۆتەپێشەوە، بکرێتە ئەمری واقیع. ئەمەش واتە ئەگەر نێوماڵی کورد یەکگرتوو بێت دەتوانرێت ریفراندۆم بکرێت و سیگناڵێکی باشیش بدرێتە دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان (ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا) و پەیامێکی بەهێزیش بنێرێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کورد بە یەکدەنگی و یەکڕیزییەوە دەخرێتە سەر نەخشەی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەو مانایەی ئەگەر کوردستان سبەی ببێتە خاوەن دەوڵەت، هەر بەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوو هەیبووە، دەتوانێت ببێتە بناخەیەکی باش بۆ دیموکراسی و یەکتری قبووڵکردن و پێکەوەژیان و لێبووردەیی لەم ناوچەیەدا کە ئێستا زۆر پێویستی بەو بەهایانە هەیە.

*** بەڵام وەك ئاگادارن چەندین جارە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەریی کردووە بۆ ئەوەی حزبە سیاسییەکان کۆببنەوە و لەسەر ئەم پرسە کێشە لاوەکییەکان وەلابنێن و یەکگوتار و یەکهەڵوێست بن، ئایا ئەمە ئەو زەمینەیە دروست ناکات؟**

- لێرەدا دەبێت هەموو هەوڵی ئێمە بۆ ئەوە بێت بڕیارێکی نەتەوەیی بدەین. ئەو بڕیارە نەتەوەییەش بتوانێت هەموو لایەك پابەندبکات و لەناو پرۆسەی سەربەخۆیی یەکگوتاری دروست بکات. نزیکەی سێ ساڵ پێش ئێستا قسە لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی کرا، بەڵام لەبەر ئەوەی زەمینەی ئەو کۆنگرە نەتەوەییە لەسەر ئەرزی واقیع بوونی نەبوو، سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان ئەو زەمینەیە لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەیە، بۆیە ئەم حاڵەتە پێویستی بە بڕیاردان، یان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی هەیە، سەبارەت بە ڕۆڵی جەنابی کاك مسعود بارزانی دیارە هەموو لایەك ئومێدێکی زۆری لە بەڕێزیان هەیە، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکە، یەکەم: کاك مسعود بارزانی هەموو ژیانی پێشمەرگە بووە و بە پێشمەرگایەتی پێگەیشتووە، بۆیە لە هەموو دەرد و کارەساتەکان باشتر تێدەگات و دەزانێت لێکترازانی نێوماڵی کورد چ کارەساتێك بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هۆکاری دووەم: جەنابی کاك مسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و خۆی ڕابەریی پرۆسەی سەربەخۆیی دەکات، بۆیە دەبێت بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە هەموو ڕێگەیەك بگرێتەبەر و تەنانەت ئەگەر لەسەر ئەم پرسە نەرمییەکی تەواویش پیشان بدات، ئەوە گەورەیی ئەو پیشان دەدات، لەبەر ئەوەی قازانجی داهاتووی نەتەوەکەمان لەو بڕیارەدایە.

*** ئێستا ئێران تەنیا دەوڵەتە زۆر بە ئاشکرا دژایەتی دەوڵەتی کوردستان و پێداگیری لەسەر یەکپارچەیی عێراق دەکات، ئایا ئەگەر دەوڵەتی کوردستان ڕابگەیەندرێت کاردانەوەی ئێران چۆن دەبێت؟**

- بۆ ئەمە یەك دوو ڕوانگە هەیە قسەی لەسەر بکەین. دەکرێت بە حوکمی ئەوەی ئێران دەوڵەتێکی فرەنەتەوەیە و لەناو ئەو نەتەوانەشدا نەتەوەی کورد پتر خەبات و تێکۆشانی کردووە بۆ مافەکانی، لەوانەیە لەم ڕوانگەیەوە ئێران ترسی ئەوەی هەبێت، دەوڵەتی باشووری کوردستان ببێتە ئەزموون و هاندەرێك بۆ کوردی ڕۆژهەڵات، لەم ڕوانگەیەوە لەوانەیە دژ بێت، بەڵام ئەگەر واقیعییانە سیاسەتی ئێران بخوێنینەوە، ئەگەر سبەی دەوڵەتی کوردستان ڕابگەیەنێت، ئێران سەیری بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات، ئەگەر سەیریان کرد ئەم دەوڵەتە لە بەرژەوەندی مانەوەی خۆیانە، ئەوا پێوەندی لەگەڵ گرێدەدەن. لەمبارەوە نموونە هەیە، کاتێك دەوڵەتی ئازەربایجان ڕاگەیەندرا، دیارە نەتەوەی ئازەری دووەمین نەتەوەن لە ئێراندا لە ڕووی ژمارەوە و هەروەها شیعە مەزهەبن و حکومەتی ئازەربایجانیش شیعە مەزهەبن، ئازەرییەکان بە حوکمی ئەوەی شیعەن پۆست و پلەی باڵاشیان لە حکومەتی تاراندا هەبوو، بەڵام ئێران پێوەندی لەگەڵ حکومەتی ئازەری گرێدا، لەبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتە نەبووە هۆکاری ئەوەی ئازەرییەکانی ئێرانیش هەوڵی دەوڵەتی خۆیان بدەن، هەروەها هۆکارێکی دیکە ئەوە

**ئەگەر ئێران هەوڵبدات لەشکرکێشی بۆ سەر ئەو دەوڵەتە بکات کە لە هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، ئەوا کوردی ئێران دەڕژێتە سەر جادە و بەرهەڵستی دەکەن، لەلایەکی دیکەوە هەرێمی کوردستان ئێستا ئەوەندە دۆستی نێودەوڵەتی بۆ دروست بووە کە لە ئێرانی قبووڵ ناکەن لەشکرکێشتی بکات**

**کاک مسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و خۆی ڕابەریی پرۆسەی سەربەخۆیی دەکات، بۆیە دەبێت بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە هەموو ڕێگەیەک بگرێتەبەر و تەنانەت ئەگەر لەسەر ئەم پرسە نەرمییەکی تەواویش پیشان بدات، ئەوە گەورەیی ئەو پیشان دەدات، لەبەر ئەوەی قازانجی داهاتووی نەتەوەکەمان لەو بڕیارەدایە**

**دەبێت هەموو هەوڵی ئێمە بۆ ئەوە بێت بڕیارێکی نەتەوەیی بدەین. ئەو بڕیارە نەتەوەییەش بتوانێت هەموو لایەک پابەندبکات و لەناو پرۆسەی سەربەخۆیی یەکگوتاری دروست بکات. نزیکەی سێ ساڵ پێش ئێستا قسە لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی کرا، بەڵام لەبەر ئەوەی زەمینەی ئەو کۆنگرە نەتەوەییە لەسەر ئەرزی واقیع بوونی نەبوو، سەرکەوتوو نەبوو**

**ئەگەر پەکەکە بیانووی ئەوەیە لە شنگال و شەڕی دژی داعش بوونی هەبووە، ئێستا داعش لەو ناوچەیە نەماوە و لە سەردەستی پێشمەرگە تێکشکێندراوە و پاشەکشەی کردووە، بۆیە دەبێت ئێستا خۆی بێت و بڵێت: فەرموو قائیمقامی شنگال، یان پەرلەمانی کوردستان ئەگەر ئەو کات بۆ شەڕی داعش بوونمان هەبوو، ئەوا ئیتر لەمەودا ئێمە دەستێوەردان ناکەین و بە خۆتانی دەسپێرینەوە**

**پەکەکە پارتێکی باکووری کوردستانە و هەر لەوێ دامەزراوە و شوێنی خەباتیشی هەر ئەوێیە و هەر لە باکووریش رۆڵی پەکەکە لە نێو خەڵکدا رەنگ دەداتەوە، بە بۆچوونی من پەکەکە بۆی نییە و لە قازانجی کوردیش نییە دەستێوەردان لە هیچ پارچەیەکی کوردستان بکات**

**هەرێمی کوردستان سەلماندوویەتی کە کورد نەتەوەیەکە پەنا بۆ توندوتیژی نابات و لێبووردەیە و حەز لە پێکەوەژیان لەگەڵ نەتەوە و ئایینەکانی دیکە دەکات و خوازیارە کە ئاشتی و سەقامگیری لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێز بێت**

بوو کە دەوڵەتی ئازەربایجانیش مەزهەبی شیعە بوو، بۆیە لەوانەیە ئێران ئەوەی بە دەروازەیەکی دیکە دانابێت بۆ بڵاوکردنەوەی مەدی شیعە، راستە ئەو دوو فاکتەرە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بوونیان نییە، بەڵام لە بەرامبەردا فاکتەری دیکە هەن. ئەگەر ئێران هەوڵبدات لەشکرکێشی بۆ سەر ئەو دەوڵەتە بکات کە لە هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، ئەوا کوردی ئێران دەرژێتە سەر جادە و بەرهەڵستی دەکەن، لەلایەکی دیکەوە هەرێمی کوردستان ئێستا ئەوەندە دۆستی نێودەوڵەتی بۆ دروست بووە کە لە ئێرانی قبووڵ ناکەن لەشکرکێشی بکات، واتە ئەگەر دەوڵەت راگەیەندرا لە نێوان لەشکرکێشی و چاوەڕێکردندا، من پێموایە ئێران چاوەڕێکردن هەڵدەبژێرێت، تا بزانێت ئایا لەبەرژەوەندی خۆیدایە، یان نە.

*** ئەگەر باس لە رەوشی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، دیارە لەم ماوەیەی رابردوو هێزەکانی رۆژهەڵات کۆمەڵێک چالاکی تەنانەت چەکدارییان لە رۆژهەڵات ئەنجامدا و حکومەتی کۆماری ئیسلامیش زۆر بە توندی وەدەنگ هات، ئایا بەنیازن بگەڕێنەوە بۆ رۆژهەڵات و بازنەی خەباتی خۆتان فراوان بکەن؟**

- سەبارەت بە گەڕانەوە، یان چوونەوە ناوخۆی رۆژهەڵات، ئەوە چەندین ساڵە بەردەوام هەر لە گۆڕێدایە و پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان هاتوچۆی ناوخۆی وڵاتیان کردووە و شەڕ و پێکدادانیش هەبووە، پێشمەرگە شەهید و بریندار هەبووە و تەرفی حکومەتی ئێرانیش خەسارەتی هەبووە، بەڵام ئەوەی ئەمساڵ روویدا، سروشتی شەڕەکان و بارودۆخی ناوچەکە وایکرد کۆماری ئیسلامی زۆر زوو بێتەدەنگ و هەرا و هۆریایەک دروست بکات و وایپیشان بدات گوایە پیلانێکی ئیقلیمی دژی ئێران لەئارادایە، کە ئەمە ئەسڵی نەبووە و نییە. ئێمە لە رابردووش و لە ئێستاش و لە داهاتووش حزوورمان لە رۆژهەڵات دەبێت، بەڵام چەند و چۆن مامەڵە لەگەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی دەکەین، ئەوە پرسێکی دیکەیە. واتە چۆن ئێران ناچار دەکەی گوێت لێبگرێت، یان بەدەنگ بێت، بۆ ئەمە شێوازی جۆراوجۆر هەیە. دیارە پێشمەرگە سیمبولی بەرخۆدانە و حزووری ئەوان گرنگە، بەڵام لە پاڵ حزوری پێشمەرگە گرنگە خەباتی مەدەنی و چالاکیی یاسایی و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان بقۆزرێنەوە بۆ ئەوەی بناخەیەکی میللی بۆ ئەو پرسە دروست بکرێت، بۆیە پرسەکە بەس حزووری پێشمەرگە نییە. ئەگەر پێشمەرگە حزووری هەبێت و ساڵانە چەندین چالاکیش ئەنجام بدات، بەڵام ئەگەر پشتیوانییەکی جەماوەری نەبوو، ئەوا کۆماری ئیسلامی دەتوانێت لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی کێشەکە وەك کێشەیەکی چەکداری پێناسە بکات و بڵێت چەند چەکدارێکن و چەندین ساڵە لەو دیوی مەرزەکانەوەن و جارجار دزە دەکەن و دێن ئاژاوەیەك دروست دەکەن، ئەمەش زەمینەی ئەوە بۆ کۆماری ئیسلامی خۆش دەکات کە بتوانێت پرسەکە کپ بکاتەوە.

*** بەڵام کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆشدا دەستی نەپاراستووە و بە پۆل خەڵك لە سێدارە دەدات، ئایا ئەمەش گورزێك نییە بۆ خەباتی مەدەنی؟**

- لە سێدارەدان وەك لە راپۆرتە نێودەوڵەتی و راپۆرتەکانی مافی مرۆڤ بە راشکاوانە ئاماژەی پێکراوە، بەشێکە لە مێژووی کۆماری ئیسلامی و لە رابردوو هەبووە و لە ئێستاشدا هەیە و لە داهاتووشدا دەبێت. لەسێدارەدان شتێکی تازە نییە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بەڵام بۆ ئەوەی لە سێدارەدان کەم ببێتەوە، دەبێت خەباتی مەدەنی لە ناوخۆ وڵات بەرفراوانتر بکرێت، بۆ ئەوەی گوشار بکەوێتە سەر حکومەت و ناچار بێت پاشەکشە بکات.

*** وەك سەرنج دەدرێت ئێستا ئێران زۆر غەرورە، ئەمەش نەك هەر لەسەر ئاستی ناوخۆ، بەڵکو لەسەر ئاستی تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە هەموو ناوچەکەش بوونی هەیە، ئایا ئەم غروورییەی ئێران لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- کۆمەڵێك فاکتەر بوونیان هەیە کە وایانکردووە ئێران مەغروور بێت، یەکەمیان: لەبەر ئەوەی ئێران وڵاتێکە زۆربەی دانیشتووانەکەی سەر بە مەزهەبی شیعەن و شۆڕشی ئیسلامیش فۆرمێکی شیعەی هەبووە، بۆیە ئێران لە تەواوی ئەو ناوچانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە شیعەی لێیە، هەژموونی خۆی سەپاندووە و بۆچوونێکی بڵاوکردۆتەوە بەو مانایەی ئەگەر ئێران نەبێت، ئەوا شیعە لەسەر دەستی سوننە قەلاچۆ دەکرێت، بۆیە بەمجۆرە سۆزی شیعەکانی لەسەر ئاستی تەواوی ناوچەکە و ئەفغانستان و پاکستانیش بۆ خۆی راکێشاوە.

دووەم: ئێران وڵاتێکی گەورەیە و توانی لە ماوەی ١٠-١٢ ساڵی رابردوو لەسەر کێشەی ئەتۆمی و لە مامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی وا پیشانبدات کە کارتی زۆری بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی گەمەی پێبکات، ئەمەش وایکرد کە رێککەوتنێك لەسەر پرسی ئەتۆمی بێتەئاراوە .خاڵی سێیەمیش،

لەبەر ئەوەی داعش پێناسەیەکی سوننەی هەیە، لە سووریا و عێراقیش ئەو دوو حکومەتەی داعش لە دژیان شەڕ دەکات، شیعەن، ئەمەش وایکردووە لەبەر چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی وا پێناسە بکات کە لە بەرەی دژی داعشن، سیاسەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دیارە مەسەلەکان خاڵبەندی دەکات و ئەولەوییەتەکان دیاری دەکات، خۆشتان دەزانن، ئێستا ئەولەوییەتی سەرەکیی سیاسەتی نێودەوڵەتی شەڕکردنە لە دژی داعش، بۆیە ئەم فاکتەرانە کە لە بەرژەوەندی ئێران شکاونەتەوە وایکردووە ئەو مەغروورییە دروست بێت.

*** بەڵام کاتێك سەرنج لە شێواز و کارە بەربڵاوە تیرۆریستەکانی داعش دەدەین، دەبینین دەستی دەگاتە هەموو شوێنێك لەم جیهانە، کەچی کاری تیرۆریستی لەناو ئێران ئەنجام نادەن، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من بە دووری نابینم پێوەندییەکی موخابەراتی و ناڕاستەوخۆ بۆ هەماهەنگی لە نێوانی کۆماری ئیسلامی و داعشدا هەبێت، بۆ ئەوەی بە جۆرێك یەکتری بپارێزن، هەر بۆ نموونە لە کاتی شەڕی ئێران – عێراقدا، کۆماری ئیسلامی هەموو دروشمەکانی بۆ نەمانی ئیسرائیل بوو، بەڵام هەموو بەڵگەکان بە ئاشکرا دەریانخست بە ڕێگەی ئەورووپا چەکی ئیسرائیلی دەگەیشتە دەستی حکومەتی ئێران، بۆیە دەڵێم ئەمەش بە دوور نازانرێت کە شتێکی لەو جۆرە بێت.

*** دیارە هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەمریکا جۆرێك جیاوازی هەیە، ئایا تاچەند ئەم هەڵبژاردنە ڕەنگدانەوەی لەسەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت؟**

- ئەوەی هەتا ئێستا لە گوتارەکانی هەر دوو کاندیدی سەرۆکایەتی ئەمریکا سەرنجی دەدەین و لەگەڵ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پێشوو بەراوردیان دەکەین، ئەوا وادەردەکەوێت کە هیچ کاتێك بەو ئاستە گوتاری کاندیدەکان بەوجۆرە جیاوازی نەبووە، سەبارەت بە دۆناڵد ترامپ کە کاندیدی کۆمارییەکانە، ئەو لێدوانەی دەیدا و ئەو قسانەی دژی نەتەوە و ئایینەکان دەیکات، ئەوە لایقی دامەزراوەی سەرۆکایەتی ئەمریکا نییە، کەسێك بەو ئەقڵییەتە ببێتە سەرۆکی ئەمریکا بە ئاسانی لەسەر ئەمریکا تەواو نابێت. ئەو زۆر جار باس لەوە دەکات گلۆبالیزەیشن کۆتایی هاتووە و دەڵێت: من بەدوای ئەمریکالیزم دەگەڕێم، ئەمەش بەو مانایە شکۆی ئەمریکا هاتۆتە خوارەوە و دەیەوێت شکۆی بۆ بگێڕێتەوە، لایەنێکی دیکە ئەوەیە کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەمریکا زۆر فراوانە، لەکاتێکدا باس لە ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی دەکرێت، ترامپ بە کەسێکی هەڵەشە ناسراوە، ئایا دەکرێت ئەو هەموو دەسەڵاتانە بدرێتە کەسێکی وەك ترامپ، بە هەر حاڵ ئەمە لەلایەن نوخبەی ئەمریکییەوە زۆر بایەخی پێدەدرێت، بەڵام خەڵك ڕۆژانە سەیری شاشەکان دەکات و گوێ لە لێدوانەکان دەگرێت. لەوانەیە خەڵك بڵێت ترامپ بە ئاشکرا قسە دەکات و بە دیپلۆماتی قسە ناکات، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ترامپ بۆ ئەمریکا و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەبێتە مایەی نیگەرانی، بۆیە من پێموایە بۆ ئێمەی کورد دیموکراتەکان باشترن، لەبەر ئەوەی ماوەی هەشت ساڵە ئەوان دۆستایەتییەکی زۆریان لەگەڵ کورد پەیدا کردووە، کوردیش دۆستایەکی زۆری پەیدا کردووە. من بۆ خۆم چەند ساڵێك لە ئەمریکا بووم، سروشتی ئەو دوو حزبە بەو جۆرەیە کە چوونە کۆشکی سپی هەموو ستافی کۆشکی سپی دەگۆڕن، بۆیە لەم حاڵەتەدا هەتا جارێکی دیکە لەگەڵ ئەوان دێنەوە سەرخەت، کاتێکی زۆری دەوێت.

*** ئەگەر دوایین پرسیار ئەوە بێت کە لەم کاتەدا ئێمە وەك کورد ئەگەر بڕیارێك بدەین، تاچەند بۆ بەرژەوەندی کورد دەشکێتەوە و ئایا پێتوانییە لەم ماوەیەدا ئیدارەی ئۆباما بۆ پشتگیریکردنی کاندیدی کۆمارییەکان کارێك بکات هاوسەنگیی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بگۆڕێت؟**

- لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەمریکادا جاروبار ئەو جۆرە تاکتیکانە بەکار هاتووە، بۆیە سەیر نییە شتێك بێتە گۆڕێ بۆ ئەوەی بۆچوونی خەڵك گۆڕانکاری بەسەردا بێت. سەبارەت بە بڕیاری کوردیش، دەمەوێت بە دڵنیاییەوە ئاماژە بەوە بکەم، هەتا کێشەی داعش لە گۆڕێدایە و کورد سنووری ١٠٠٠ کیلۆمەتر بەرەی شەڕی لەگەڵ داعش هەیە، ئەوە گرنگە کە تا چەندی دەتوانێت، پێگەی خۆی بەهێز بکات و ناوماڵی خۆی ڕێکبخاتەوە، هەروەها هەندێك مەسەلە هەیە دەبێت یەکلایی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر شەڕی داعش تەواو بوو، لەوانەیە بارودۆخەکە بۆ کوردستان بگۆڕێت، بەتایبەتی ئێستا کە ئەمریکا خۆی سەرۆکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشە، یان لەوانەیە لە ناوچەیەکی دیکە کێشەیەك بێتەئاراوە و ئێرە وەك ئێستا بایەخی پێ نەدرێت، بۆیە من جەخت دەکەمەوە دەبێت لە ئێستا هەوڵبدرێت زۆر مەسەلە یەکلایی بکرێنەوە.

**ئێران ڕێبەرایەتی مەزهەبی شیعە دەکات و هەوڵدەدات ناسنامەیەک بۆ شیعە لە تەواوی ناوچەکە دروست بکات، لە بەرامبەر ئەمەشدا سوننە بوونی هەیە و کۆمەڵێک وڵاتی عەرەبین، هەروەها توندڕۆیی سوننەش بوونی هەیە، ئەمە وایکردووە کێشەی ئایینی و مەزهەبگەرایی ببێتە بنەمای یەکلاییکردنەوەی کێشەکان و حیسابی وردی لەسەر دەکرێت**

**ئەگەر شەڕی داعش تەواو بوو، لەوانەیە بارودۆخەکە بۆ کوردستان بگۆڕێت، بەتایبەتی ئێستا کە ئەمریکا خۆی سەرۆکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشە، یان لەوانەیە لە ناوچەیەکی دیکە کێشەیەک بێتەئاراوە و ئێرە وەک ئێستا بایەخی پێ نەدرێت، بۆیە من جەخت دەکەمەوە دەبێت لە ئێستا هەوڵبدرێت زۆر مەسەلە یەکلایی بکرێنەوە**

**کۆماری ئیسلامی هەموو دروشمەکانی بۆ نەمانی ئیسرائیل بوو، بەڵام هەموو بەڵگەکان بە ئاشکرا دەریانخست بە ڕێگەی ئەوروپا چەکی ئیسرائیلی دەگەیشتە دەستی حکومەتی ئێران**

# ڕەگ و ڕیشەی دەسەڵاتی گولەنییەکان لە تورکیا

# کودەتاکە و دوای کودەتاکە

سێ هەفتە دوای کودەتا فاشیلەکەی تورکیا، هەتا ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا زانیاری تەواو لەسەر ئەم پیلانە چییە و کێن ئەوانەی بە ڕاستی لەم کودەتایە تێوەگلاون؟ لەوانەیە بتوانین بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە هەندێك هەڵسەنگاندن بکەین.

پارتی دادوگەشەپێدان تۆمەتی ئەم کودەتایە دەخاتە پاڵ فەتحوڵا گولەن-ی بانگخواز کە ئێستا لە پەنسلڤانیا نیشتەجێیە و هەروەها شوێنکەوتووانی، لەگەڵ ئەوەی ململانێی بەردەوامی نێوان ئاك پارتی و گولەنییەکان لەسەر دەسەڵات گومان دەخاتەسەر ئەم تۆمەتە، بەڵام ئەو بەڵگەنامانەی کۆکراونەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ژمارەیەکی زۆر لە شوێنەکەوتووانی گولەن بە بەڵگەوە لە هەوڵی داڕشتنی ئەم پیلانە و جێبەجێکردنی کودەتا شکستخواردووەکە تێوە گلاون، هەروەها بەڵگەکان تەحەددییەکی ڕاستەقینە بۆ تورکیا و هاوبەشەکەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە دروست دەکات. تورکیا هەوڵیداوە وەڵامدانەوەی خۆی بۆ ئەم کودەتا شکستخواردووە بەو ئاراستەیە ببات کە سوودێکی هیجگار گەورەی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆ لێ وەربگرێت، ئەگەرچی ڕەنگە بڕیارەکانی ئاکامی گەورەتر لەسەر پەکەکە و تەنگژەی سووریا دروست بکات، لە هەمانکاتیشدا تورکیا دەیەوێت ئەمریکا وەك هاوبەشێك بێتەپێش و لەم تەنگژەیەدا هاوکاری تورکیا بکات و لانیکەم ددان بەوەدا بنێت ئەم کودەتایە لەلایەن ئەو کەسەوە فەرمانی بۆ دەرکراوە، یان ئیلهامبەخشی ئەو کودەتایە بووە، کە ئێستا بە بەردەوامی لە ئەمریکا نیشتەجێیە.

■

**تورکیا نابێت زیاتر لە قەوارەی خۆی سەیری هێزی خۆی بکات و دەبێت دان بەوەدا بنێت، ئەوەی تا ئێستا هەیەتی، بریتییە لەو پێوەندییە درێژ و دامەزراوەییەی کە لەگەڵ ئەمریکا هەیەتی، هەر ئەو پێوەندییەش پاراستنی بۆ دروست دەکات**

حکومەتی ئاك پارتی لە پێوەندییەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی گولەنییەکان مێژوویەکی ئاڵۆزی هەیە، بەڵام دوای هەوڵی ئەم کودەتایە دووبارە ئەو پێوەندییانە سەرنجەکانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشایەوە.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ ئەم دوو بزووتنەوە ئیسلامییە هێزەکانیان یەکخست بۆ ئەوەی سەرکردایەتی سیاسیی تورکیا بکەن و خەڵکانی خۆیان لە دەزگای بیروکراسیەتیدا جێگیر بکەن و تەواوی دەسەڵاتی سوپا بخەنە ژێر دەسەڵاتی مەدەنی. ئەوکات هاوپەیمانی نێوان ئاك پارتی و بزووتنەوەی گولەنییەکان بە باشی بەڕێوەدەچوو، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان-ی سەرۆك کۆمار، دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوە دەبرد و گولەنییەکانیش خۆیان خزاندە ناو خزمەتگوزاری مەدەنی و هێزەکانی پۆلیس و دەزگای داواکاری گشتی و دادوەری، هەروەها بزووتنەوەی گولەنییەکان شانوگەرییەکی دادگایی ڕێکخست بۆ پاککردنەوەی سوپا و دەزگا بیرۆکراسییەکان لەو کەسە ڕادیکاڵانەی کە ڕکابەری پرۆژە سیاسیە هاوبەشەکە بوون، بەڵام دواتر بەرژەوەندییە لێکجیاوازەکان و نەخشەی دژ بەیەك بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات سەریکێشا بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی، لەمەش زیاتر گولەنییەکان هەوڵیاندا هەڵمەتێکی پاکسازی قورس دژی ئاکپارتیش ئەنجامبدەن، بەڵام ئەردۆگان بە پاکسازی گولەنییەکان لە دەزگا بیرۆکراسییەکان و میدیا و جیهانی کار، تۆڵەی لێکردنەوە و ئەم هەوڵانە بەردەوام بوون هەتا ئەو ڕۆژەی کودەتا فاشیلەکە لە ١٥ی تەمموز ئەنجامدرا.

■

**تورکیا هەوڵیداوە بەم دواییە پێوەندییە نێودەوڵەتییە لەرزۆکەی چاک بکاتەوە بەتایبەتی لەگەڵ ڕووسیا و ئیسرائیل، هەروەها مەزندەی ئەوەی کردبووە کە پێوەندییەکی سەقامگیر و پراگماتیکی بەردەوامی لەگەڵ ئەمریکا هەبێت**

کاردانەوەی خێرای حکومەتەکەی ئاك پارتی بەرامبەر ئەوانەی لە پشت ئەو کودەتایە بوون، خزمەتی ئامانجە سیاسییەکانی کرد، بەڵام بووە هۆکاری ئەوەش کە متمانە کەم بێتەوە، لە کاتژمێرەکانی سەرەتای دەستپێکردنی هەوڵی کودەتاکە، ئەرۆدگان و بەرپرسانی باڵای حکومەت پێکەوە گولەنیان بە ڕێکخەری ئەم پیلانە دانا- ئەمە هەنگاوێکی جێی سەرسوڕمان نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕ و متمانەی حکومەتی خستە ژێر پرسیارەوە. حکومەت ئەم هەڵمەتی پاکسازییە بە تەواوەتی فراوانکرد، سەرەڕای ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەسمی ٨٦٠٠ کەس لە هێزەکانی سوپای دەستگیرکرد، ١٥٠٠ کەسی دیکەشی لە دامەزراوەکانی دیکە دەستبەسەر کرد، هاوکات بە بیانووی ئەوەی پێوەندیان بە بزووتنەوەی گولەنیەکانەوە هەیە بە دەیان هەزار فەرمانبەری حکومەتیشی لەکار دوورخستەوە.

هەروەها حکومەت متمانەی خۆی لە میانەی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەستبەرسەرکراوەکان لەکەدار کرد، هەر بۆ نموونە ئەفسەری موقەدەم لیڤانت تۆرکان کە

نووسینی: جۆن بۆتلر .. دۆڤ فریدمان

ئەم بابەتە رۆژی٢ی ئاب لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاوکراوەتەوە

یاریدەری سەرەکی هولوسی ئاکاری سەرۆکی دەستەی ژەنراڵەکانە، ئەو ددانی بەوەدا ناوە کە یەکێکە لە ئەندامانی بزووتنەوەکەی گولەن و یەکێکە لەوانەی لەپشت هەوڵی کودەتاکەوە بووە، بەڵام وێنەیەکی فوتوگرافی وەك بەڵگە ئەوە دەخاتەڕوو کە تۆرکان لەو کاتەی دەستبەسەربووە، ئەشکەنجەدراوە، بۆیە ددانپێدانانەکەی بەتەواو دانانرێت، هەروەها رێکخراوی چاودێری نیودەوڵەتی ژمارەیەك راپۆرتی وەرگرتووە کە بە شێوەیەکی سیستماتیك پێشێلکاری دژی دەستەبەسەرەکان کراوە، ئەمانەش متمانەی حکومەتی تورکیا دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

بەڵام وێڕای ئەوەشی متمانەی حکومەتی ئەك پارتی گومانی لەسەرە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە بە تەواوەتی هەڵەیە.

کەسانێکی کەم هەن هاوڕانەبن لەگەڵ ئەوەدا کە بزووتنەوەی گولەنییەکان هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٦وە هەتا ئێستا هەوڵیداوە ئەندامەکانی بخزێنێتە ناو پێکهاتەی سوپاوە، گۆڤاری نۆکتا کە گۆڤارێکە زۆر بە توندی لایەنگیری کەمالیزم دەکات –کە ئایدیۆلۆژیای دامەزرێنەری دەوڵەتی تورکیایە- لە ساڵی ١٩٨٦ سەرکەوتنی گولەنییەکانی بۆ ناو سوپا ئاشکرا کرد، هەروەها گوتەی پیرەمێردێکی گولەنییەکانی بڵاوکردۆتەوە کە بە گەنجەکانی قوتابخانەی سەربازی گوتووە: «ددانی خۆتان تیژبکەنەوە و خۆتان بشارنەوە هەتا ئەو کەتای خۆتان دەبنە دەستەی ئەفسەرانی باڵا. چاو بنووقێنن و نوێژ بکەن لە دووهەزارەکاندا تورکیا لە دەستی خۆماندا دەبێت.»

کە لە میانەی هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو گولەنیەکان ئاستیان لەناو سوپا هەڵکشا، ئەنجومەنی باڵای سەربازی کۆبوونەوەی خولی نیوساڵانەی خۆی بەکارهێنا بۆ دوورخستنەوەی ئەوانەی تۆمەتی گولەنییان لێدەکرێت لەو ئەفسەرانەی سوپادا، ئەمەش شێوازێکی دڵڕەقانە بوو کە بە دڵنیاییەوە نەیتوانی دەستنیشانی زۆرێك لە لایەنگرانی بزووتنەوەکە بکات و لە هەمان کاتدا رەنگە بە هەڵە کەسانێکی دیکەی تێوەگلاندبێت.

بەڵام کە ئاکپارتی و گولەنییەکان هێزەکانی خۆیان یەکخست، هەوڵەکانی سوپا بۆ دەرکردنی گولەنییەکان ئاستەنگی هاتەبەردەم، بەمەش کرانەوەیەکی بێوێنە لەبەردەم بزووتنەوەی گولەنییەکان کرایەوە، کە هەوڵیاندا هەموو ئاستەنگەکانی بەردەمیان بۆ گەیشتن بەدەسەڵات لابەرن، بەشێوەیەکی رۆتینیش شێوازە نایاساییەکانیان تاقیکردەوە بۆ خزمەتی ئامانجەکانی خۆیان.

دادگاییکردنە رواڵەتییەکان (کە بە کەیسی ئەرگەنەکۆن و ئۆپەراسیۆنی سلێچهامەر ناسراوە) لە ساڵانی ٢٠٠٨ و ٢٠١٠ - کە بەڵگەی داتاشرا و دروستکراوی تێدا بەکارهات بۆ تێوەگلاندنی ئەفسەری باڵای سەربازی کە گوایە هەوڵی رووخاندنی حکومەتیان داوە- تەنیا بەشێکن لە نموونە بەدناوەکانی هەوڵە پڕ لە گومانەکان کە زۆر زووتر دەستیان پێکرد.

لەساڵی ٢٠٠٥، کتێبخانەیەکی بچووك لە شەمدینان بۆمباران کرا، ئەویش بەهەمانشێوە لەلایەن هێزە لۆکاڵەکانی سوپاوە بوو، بۆیە کاتێك ئەم کەیسە برا بۆ دادگا، تۆمەتەکە -لەلایەن داواکارێکی گشتی نووسرایەوە کە گومان دەکرا سەر بە گولەن بێت-، بەرفراوان کرا بۆ ئەوەی تۆمەتی ئەوەش لەخۆبگرێت کە گوایە فەرماندەی هێزە زەمینییەکان و دوو ژەنەڕاڵی دیکە رێکخراوێکی نایاساییان دروستکردووە. بۆ ئەوەی رێگری لە دروستبوونی هەڵایەك لە دژی سوپا بگرێت، ئەردۆغان دەستێوەردانی کرد و داواکارییە گشتیەکەی لادا. دواتر پارێزەری ژەنەڕاڵەکان، ڤیدات گوڵشەن، بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەمە یەکەم پیلانی رێکخراوی تیرۆریستی گولەنییەکان بوو لە دژی هێزە چەکدارییەکانی تورکیا. بەم دواییانەش لە پرسێکی سیخوڕیی سەربازیدا، ئەدمیرالی بەوە تۆماتبار کرابوو کە گروپێك مافیای دروستکردووە بۆ ئەوەی ئافرەتی لەشفرۆشی خوار تەمەنی یاسایی و ئالوودە بە ماددە هۆشبەرەکان –کە بە شێوەیەکی نایاسایی بازرگانیان پێوەکرابوو- بۆ ئەفسەرانی دەریایی دەستەبەربکەن و بۆ ئەوەی دواتر ناچاریان بکەن زانیارییان پێبدەن، بۆ ئەوەی بیفرۆشن بە دەزگایەکی موخابەراتی بیانی، ئەمساڵ

**لەوانەیە ئەمریکا سەبارەت بە رادەستکردنەوەی فەتحوڵا گولەن رووبەڕووی بڕیارێکی یەکلاییکەرەوە بێتەوە، بەڵام هەتا ئێستا حکومەتی تورکیا بە فەرمی داوای لە ئەمریکا نەکردووە بە بەڵگەکاندا بچێتەوە و بڕیار لە راستدکردنەوەی بدات**

**زانیارییە دژ بە یەکەکانی دوای کودەتا شکستخواردووەکە سەلماندنی ئەو تۆمەتانەی ئاک پارتی کاڵ دەکاتەوە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە گولەنییەکان تەنیا لایەنی بەرپرسن لەم کودەتایەدا**

دادگا هەمــوو گومانلێکراوەکانــی ئازادکــرد و داواکاری گشــتی دۆســیەکی لێکۆڵینــەوەی کــردەوە و لەبــارەی ئــەو بانگەشــانەوە کــە گوایــە ئەفســەرانی ســەر بــە گولــەن ئــەو تۆمەتانەیــان دروســتکردووە، ئــەو کەســەش عەقیــد موحــەرەم کــوس بــووە لەســەر چەندیــن بەڵگــە لەســەر ئــەو کەیســی یەکــەم ئیمــزای کــردووە، هەندێــك لــە هێزەکانــی ئاسایشــیش دەڵێــت هــەر ئــەو کەســە پیلاندارێــژەری ســەرەکی بــووە و لــە پشــت هەوڵەکانــی کودەتاکــەی مانگــی رابــردوو بــووە.

**حکومەت لەگەڵ ئەوەی هەوڵینەداوە بیانووەکەی پشتڕاست بکاتەوە، بەڵام لەبری ئەوە هەوڵدەدات چیرۆکێک دروست بکات کە زیاتر خزمەتی ئامانجەکانی بکات، لەپشت ئەم پرۆسە پاکسازییە بەردەوامەوە، پێدەچێت لەژێر کاریگەری ئەو کارەسات و سکاندالەی پێشووەوە چیرۆکە زیاتر بۆ گولەنییەکان بهۆنێتەوە**

لەگــەڵ هەمــوو دادگاییەکــدا یەکێــك لــە کەســایەتیيە ســەربازییەکان بــە ئامانــج گیــراوە و دەرگا والا بــووە بــۆ ئــەوەی ئەفســەرێکی دیکــە جێگــەی بگرێتــەوە، ئەفســەرەکانی ســەر بــە گولــەن لەگــەڵ دوورخســتنەوەی هــەر ئەفەســەرێکدا ئامادەبــوون بــۆ ئــەوەی ئــەو بۆشــایيە پڕبکەنــەوە، هــەروەك لــە نــاو دامەزراوەکانــی دیکــەی حکومەتیشــدا هەمــان شــێوازیان پیادەکــردووە، ســەرەتا گولەنییــەکان هەوڵیانــدا پێگــە موخابەراتییــەکان و ســەرچاوە مرۆییــە ســەرەکییەکان کۆنتــڕۆڵ بکــەن، بــەڵام لــە دوای ٢٠١٠ - ٢٠١٣ کاتێــك ئــاك پارتــی و بزووتنــەوەی گولــەن لەبەریــەك هەڵوەشــان و ســەرەنجامیش هەوڵــدرا بەشــێوەیەکی بەرفــراوان ئــەو ئەفســەرانە پاکســازی بکــەن کــە هاوکاریــان لەگــەڵ بزووتنــەوە گولــەن هەیــە، دەرکــەوت کــە بەشــێوەیەکی زۆر ســەرنجڕاکێش زیادیــان کــردووە.

تــرس لــە هانــدان و توانــای گولەنییــەکان ئەوکاتــە لەهەمــوو کاتێــك زیاتــر بــوو کــە گروپێــك لــە ئەفســەرانی ســوپا کرانەئامانــج لــە دادگایەکــی دروســتکراودا کــە دەســتکرا بــە کۆکردنــەوەی لیســتێکی نهێنــی و دەرکــەوت هەمــوو ئــەو ئەفســەرانە ئەوانــەن کــە لەگــەڵ بزووتنــەوەی گولــە هاوســۆزن، ئــەم لیســتە کــە گۆڤــاری فۆرێــن ئەفێــرز کۆپییەکــی دەســتکەوتووە، زۆر گشــتگیر نییــە، لەبــەر ئــەوەی نــاوی ئەفســەرانی هێــزی ئاســمانی تێــدا نییــە، هەروەهــا پێدەچێــت ئــەم لیســتە بەتەواوەتــی ســەرچاوەیەکی دیاریکــراوی نەبێــت، هەروەهــا بەدووریــش نازانرێــت ئــەم لیســتە نــاوی ئــەو ئەفسەرانەشــی تێــدا نەبێــت کــە پێوەنــدی خۆیانیــان لەگــەڵ گولەنییــەکان لای برادەکانیــان ئاشــکرا نەکردبێــت، بــەڵام ئــەوەی جێگــەی مەترســییە، ئــەم لیســتە بەڵگــەی تــەواو دەخاتــە بەردەســت و ئــەوە دەســەلمێنێت کــە گولەنییــەکان لــە پشــت ئــەو کودەتــا شکســتخواردووە بــوون.

**دانپێدانانەکانی ئەکار-ی سەرۆکی ئەرکانی سوپا پرسیاری زیاتر دەورووژێنێت، ئاکار بڕوای وایە ئەوانەی رفاندیان، ژمارەیەک لە ئەندامانی بزووتنەوەی گولەن بوون، لە راستیشدا ژمارەیەک لەوانە ناوە دیارەکانی نێو لیستەکەن کە ماوەیەکی درێژ پێش کودەتاکە کۆکرابوونەوە**

هــەر بۆیــە هەتــا ئەگــەر زۆر بەتوندیــش ئــەوە رەتبکەنــەوە، ئــەوا ئــەو لیســتەی پێشــتر لەســەر گولەنییە گومانلێکراوەکان ئامادەکــراوە، ئاماژەیەکــی بەهێــزە بــۆ ئــەو ئەفســەرانەی بەشــداربوون لــەو کودەتایــەدا، ئەمــەش ئاماژەیــە بــۆ ئــەوەی یــان ئــەم بزووتنەوەیــە هەوادارانــی خــۆی هانــداوە بــۆ ئــەوەی پێوەنــدی بــەو کودەتایــەوە بکــەن، یــان ئەوەیــە دەســتێکی دەرەکــی پێوەندیەکــی بــە هێــزی لەگــەڵ بزووتنەوەکــەی گولــەن هەیــە، وەك ئەوانــەی کــە رقێکــی قووڵیــان لــە ئــاك پارتــی هەیــە، تــا رادەیەکــی زۆر ئەوەیــان بــە فرســەت گرتــووە بــۆ ئــەوەی ئــەو ئەفســەرانە دیــاری بکــەن هەتــا بەشــداری لــە کودەتاکــەدا بکــەن.

ســەرباری موحــەرەم کــوس، لیســتەکە ئــەو گومانلێکراوەنەشــی لەخــۆی گرتــووە کــە لــە نێــو ســەرکردەکانی ئــەو کودەتایــەدا بــوون، هەروەهــا ئــەو ئەفسەرانەشــی کــە سەرپەرشــتی پاراســتنی هێزەکانیــان کــردووە کــە پشــتگیری کودەتاکــە بــوون، لەوانــەی هەوڵیانــدا ئــەکاری ســەرۆکی ئەرکانــی ســوپا بڕفێنــن و ژمارەیــەك ئەفســەری گــەورەش دەســتگیر بکــەن، پاشــانیش یاســای ســەربازییان لــە شــارەکانی تورکیــا راگەیانــد.

لیســتەکە ٢٣ ئەفســەری دیکــەی تێدایــە لــە پلــەی ئەدمیــرال، یــان ژەنــەڕاڵ و ئــەم ئەفســەرانە ٢٠٪ی ئــەو ئەفســەرانە پێکدەهێنــن کــە هەتــا ئێســتا دەســتگیرکراون، ژمارەیەکــی کەمیــش لــە ئەفســەرە گومانلێکراوەکانــی ســەر بــە گولــەن لــە لیســتەکەدا لــە دژی کودەتاکــە هــەر زوو هاتوونەتــە دەرەوە، لەوانەیــە ئــەم ســەرکۆنەکردنەی کودەتاکــە راســت نەبێــت، بــەڵام ئەمــەش ئاماژەیــە بــۆ ئــەوەی کــە ئەندامــی بزووتنــەوەی گولــەن هەموویــان پێکــەوە بەســتراو نیــن بــە تونــدی وەك هەندێــك باســی دەکــەن.

دانپێدانانەکانــی ئــەکار-ی ســەرۆکی ئەرکانــی ســوپا پرســیاری زیاتــر دەورووژێنێــت، ئــاکار بــڕوای وایــە ئەوانــەی رفاندیــان، ژمارەیــەك لــە ئەندامانــی بزووتنــەوەی گولــەن بــوون، لــە راستیشــدا ژمارەیــەك لەوانــە نــاوە دیارەکانــی نێــو لیســتەکەن کــە ماوەیەکــی درێــژ پێــش کودەتاکــە کۆکرابوونــەوە، هەروەهــا ئــاکار دەڵێــت: یەکێــك لــە رفێنــەرەکان کــە ژەنــەڕاڵ هــاکان ئیڤریــم بــوو، پێشــنیاری ئــەوەی بــۆ کــردم بــە تەلەفــۆن قســە لەگــەڵ فەتحوڵا گولــەن بکــەم، لەگــەڵ ئەوەشــدا پێدەچێــت گولــەن و کەســە باڵاکانــی بزووتنەوەکــە پێــش ئەنجامدانــی کودەتاکــە لــە رێگــەی نامــەی شــیفرەوە پێوەندییــان بــە یەکــەوە کردبێــت و نامەیــان گۆڕیبێتــەوە. هەروەهــا ئــەکار پەنجــەی تــاوان بــۆ عەقیــدی خانەنشــینی هێــزی ئاســمانیش ئەکیــن ئۆزتــورك رادەکێشــێت کــە بڕواناکرێــت ئــەو ســەر بــە بزووتنــەوەی گولەنییــەکان بێــت، ئەگەرچــی لەســەرەتاوە هۆیەکانــی راگەیانــد بەوجــۆرە بڵاویــان کــردەوە کــە ئۆزتورکیــش پێوەنــدی لەگــەڵ گولەنییــەکان هەبــووە، بــەڵام دواتــر ئۆزتــورك دەرکــەوت پێدەچــوو لەکاتــی بەندکردنەکەیــدا باشــیان لــێ دابێــت، ئــەو تۆمەتــەی رەتکــردەوە، بۆیــە هەتــا ئێســتا نازانرێــت بــە راســتی چەنــد کــەس فەرمانــی ئــەو کودەتایــەی دەرکــردووە.

لەمــەش زیاتــر زانیارییــە دژ بــە یەکەکانــی دوای کودەتــا شکســتخواردووەکە ســەلماندنی ئــەو تۆمەتانــەی ئــاك پارتــی کاڵ دەکاتــەوە کــە جەخــت لەســەر ئــەوە دەکاتــەوە گولەنییــەکان تەنیــا لایەنــی بەرپرســن لــەم کودەتایــەدا، حکومــەت و هۆیەکانــی راگەیانــدن جەخــت لەســەر ئــەوە

دەکەنەوە کە گروپێکی بچووك لەناو سوپا هێرشەکانیان ئەنجامداوە، بەڵام سوپا ئەو ژمارەیە بە ١,٥٪ لە قەڵەم دەدا، لەلایەکی دیکەوە زیاتر لە ٤٠٪ی ئەدمیرال و ژەنەراڵەکانی سوپا لە سوپا دەرکراون، هەر لەمیانەی ئەم حەماسەیە بۆ پاکسازی ئەو ئەفسەرانەشی بەشێك نەبوون لە کودەتاکە، بەڵام گومان دەکرێت گولەنی بن، ئەوانیش دوورخراونەتەوە، پێدەچێت حکومەت لەو پرسەدا کە دەیەوێت تەنیا گولەنییەکان بە پیلاندارێژی ئەم کودەتایە تۆمەتبار بکات زۆر بە هێز نەبێت.

حکومەت لەگەڵ ئەوەی هەوڵینەداوە بیانووەکەی پشتڕاست بکاتەوە، بەڵام لەبری ئەوە هەوڵدەدات چیرۆکێك دروست بکات کە زیاتر خزمەتی ئامانجەکانی بکات، لەپشت ئەم پرۆسە پاکسازییە بەردەوامەوە، پێدەچێت لە ژێر کاریگەری ئەو کارەسات و سکانداڵەی پێشووەوە چیرۆکە زیاتر بۆ گولەنییەکان بهۆنێتەوە، لێرەوە باس لە قەسابخانەکەی ئۆلودیری ساڵی ٢٠١١ دەکرێت کە حکومەت بە ڕێگەی هێرشە ئاسمانییەکانی ٣٤ گوندنشینی کوردی کوشت کە لەسەر سنوورەکان کەلوپەلیان دەگواستەوە، ئەوان گومانی ئەوەیان کردبوو کە چەکدارانی پەکەکەن، ئەو کات دەوڵەت بەرپرسیاریەتی ئەو ڕووداوەی نەخستە ئەستۆی خۆی و هەوڵیدا پەردەپۆشی بکات، بەڵام دوای ١٠ ڕۆژ لەو کودەتا شکستخواردووە، وەزیری وزەی تورکیا بیرات ئەلبیرەق ڕایگەیاند جارێکی دیکە ئەو کەیسە دەکەینەوە و لیکۆڵینەوەی تێدا دەکەینەوە کە پێدەچێت پێوەندی هەبێت بە ئەوەی ئەو پێی دەگوت ڕێکخراوی گولەنی تیرۆریست، حکومەت و ئەردۆگان لەمەدا زۆر سەرکەوتوو بوون بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی ئەم لێکترازانەی کۆمەڵگە بخەنە ئەستۆی گولەنییەکان، چانسێکی باشیشە بە ئارەزووی خۆی سیاسەتی تورکیا ڕێکبخاتەوە،

خەڵکی دیکەش هەوڵیانداوە بەشیوەیەکی گشتی چیرۆکی پیلانگێڕی گولەنییەکان بخەنەڕوو، لەوانە سەلاحەدین دەمیرتاش سەرۆکی پارتی دیموکراتی گەل کە بە پارتێکی کوردی ناسراوە، ئەو بزووتنەوەی گولەنییەکانی بەوە تۆمەتبار دەکات کە سەرپەرشتی ئەو ئۆپەراسیۆنەیان کردووە کە ساڵی ڕابردوو لەو شارانە ڕوویانداوە کە زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن، ئەو ئۆپەراسیۆنانە لەسەر فەرمانی ئاك پارتی فەرمانیان بۆدراوە و جێبەجێ کراون، کە بوونە هۆی کوشتی سەدان هاووڵاتی و دەربەدەربوونی زیاتر لە ٣٥ هەزاری دیکە، بۆ ماوەی چەند مانگێکیش لەو شارانە قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە ئێوارە تا بەرەبەیان جێبەجێ کراوە، هەندێك جاریش بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر بووە، کاردانەوەی دەمیرتاش ڕەنگدانەوەی تووڕەیی خەڵکەکەیەتی کە دەیەوێت پەیامێك بنێرێت بەوەی ئامادەیە دووبارە ئەو پرۆسە ئاشتییەی لە ٢٠١٥ ڕاوەستاوە دەست پێبکاتەوە، واتە لە دوای ئەو کودەتا شکستخواردووە جارێکی دیکە دەست بۆ حکومەت درێژدەکاتەوە.

لەوانەیە ئەمریکا سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی فەتحوڵڵا گولەن ڕووبەڕووی بڕیاریکی یەکلاییکەرەوە بێتەوە، بەڵام هەتا ئێستا حکومەتی تورکیا بە فەرمی داوای لە ئەمریکا نەکردووە بە بەڵگەکاندا بچێتەوە و بڕیار لە ڕاستدکردنەوەی بدات، بەڵام نەبۆتە ڕێگر لەوەی کە حکومەت ئەوەی بە خەڵکی دەڵێت پێچەوانەی ئەوەیە، وێڕای ئەمانەش دەبێت واشنتۆن ئامادەباشی بۆ ئەم ئەگەرە بکات، ئەمەش بە پێی یاساکانی ئەمریکا ئاسانە، بە پێی دەقی یاساکە، ئەگەر ئاستی یاسایی ڕادەستکردنەوە بوونی نەبێت، ئەوا ئەمریکا نابێت بەوە ڕازی بێت حەزی تورکیا بۆ تۆڵەسەندنەوە جێبەجێ بکات، لە هەمانکاتدا نابێت ئەمریکا گولەن بپارێزێت ئەگەر بەڵگەکان توانییان وەڵامی لانیکەمی یاساکە بدەنەوە، بۆ هەموو ئەوانەی کە خزمەت بۆ فێربوون پشکەشی کردووە و پابەندبوونی چالاکی لەنێوان ئایینەکاندا و لێبوردەیی ئایینی، کاریگەری گولەن لەم کەیسەدا جێگەی نیگەرانییەکی تەواوە، شوێنکەوتووانی گولەن تۆڕێکی قوتابخانەی ئەهلییان دامەزراندووە، کە لانی کەم ئیستیفزار و تەزویر و پێشێلکاری ڤیزەی H-IB کە جیاوازە لەو ڤیزەی دیکە دەردێتە پەنابەران، هەروەها توانیویانە پێوەندییەکی زۆر بەتین لەگەڵ هەموو لایەك دروست بکەن هەر لە قوتابخانەیەکی لۆکاڵەوە تا دەگاتە کەپیتۆل هۆل لەگەڵ بوونی پێشێلکاری بەردەوامی دارایی.

هەر بۆیە ڕەتکردنەوەی ڕادەستکردنەوەی گولەن شۆکێك دەبێت بۆ زۆربەی خەڵك لە تورکیا و هەروەها دەبێتە هۆی هەڵکشانی هیستریای دژە ئەمریکا لە تورکیادا، لەناو میدیای سەر بە ئاك پارتیش دەبێتە پەنجەرەیەك بۆ هاندان و گومانخستنە سەر هاوپەیمانی نێوان تورکیا و ئەمریکا، بەڵام گرەوکردن لەسەر ئاکامێکی لەمجۆرە لۆژیکی نییە، تورکیا هەوڵیداوە بەم دواییە پێوەندییە نێودەوڵەتییە لەرزۆکەی چاك بکاتەوە بەتایبەتی لەگەڵ ڕووسیا و ئیسرائیل، هەروەها مەزندەی ئەوەی کردبووە کە پێوەندییەکی سەقامگیر و پراگماتیکی بەردەوامی لەگەڵ ئەمریکا هەبێت، لێرەدا جێگەی خۆیەتی پرسیاریکی بەویژدانانە بکەین، سەبارەت بەو ئاکامە کارەساتەوییەی هەستی دژی ئەمریکا و دژی ڕۆژئاوا، ئایا ٧٠ ساڵ پێوەندی لە بەرکارهێنانی بنکەیەکی سەربازی بە بەهاترە، تورکیا نابێت زیاتر لە قەوارەی خۆی سەیری هێزی خۆی بکات و دەبێت ددان بەوەدا بنێت، ئەوەی تا ئێستا هەیەتی، بریتییە لەو پێوەندییە درێژ و دامەزراوەییەی کە لەگەڵ ئەمریکا هەیەتی، هەر ئەو پێوەندییەش پاراستنی بۆ دروست دەکات.

**لەگەڵ هەموو دادگاییەکدا یەکێک لە کەسایەتییە سەربازییەکان بە ئامانج گیراوە و دەرگا واڵا بووە بۆ ئەوەی ئەفسەرێکی دیکە جێگەی بگرێتەوە، ئەفسەرەکانی سەر بە گوڵەن لەگەڵ دوورخستنەوەی هەر ئەفەسەرێکدا ئامادەبوون بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە**

**لەگەڵ ئەوەی ململانێی بەردەوامی نێوان ئاک پارتی و گولەنییەکان لەسەر دەسەڵات گومان دەخاتەسەر ئەم تۆمەتە، بەڵام ئەو بەڵگەنامانەی کۆکراونەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ژمارەیەکی زۆر لە شوێنەکەوتووانی گولەن بە بەڵگەوە لە هەوڵی داڕشتنی ئەم پیلانە و جێبەجێکردنی کودەتا شکستخواردووەکە تێوە گلاون**

**لیڤانت تۆرکان کە یاریدەری سەرەکی هولوسی ئاکاری سەرۆکی دەستەی ژەنراڵەکانە، ئەو ددانی بەوەدا ناوە کە یەکێکە لە ئەندامانی بزووتنەوەکەی گولەن و یەکێکە لەوانەی لەپشت هەوڵی کودەتاکەوە بووە، بەڵام وێنەیەکی فوتوگرافی وەک بەڵگە ئەوە دەخاتەڕوو کە تۆرکان لەو کاتەی دەستبەسەربووە، ئەشکەنجەدراوە، بۆیە ددانپیێدانانەکەی بەتەواو دانانرێت**



## بەشار کیکی

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بۆ گوڵان:

# نەینەوا ناگەڕێتەوە بۆ قۆناخی پێش داعش و ناوچە کوردستانییەکانیشی بەشێک دەبن لە هەرێمی کوردستان

**دوای کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ بارودۆخێکی دیکە دێتەپێشەوە و چیتر کورد و کوردستانییەکان قبووڵیان نییە لەناو چوارچێوەی ئەو حکومەت و پارێزگایە بمێننەوە کە کۆمەڵکوژییان دەرهەق کراوە، لەلایەکی دیکەوە حەشدی شەعبی پێداگیری لەسەر بەشداریکردنی لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵ دەکات، بەمەش ئەگەری کەوتنەوەی کارەساتی مرۆیی لەئارادایە، ئەم پرسانە و چەندین پرسیاری دی لەچوارچێوەی ئەم دیمانەیە ئاراستەی بەشار حەمید کیکی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا کران و بەمجۆرە وەڵامی گوڵان-ی دایەوە.**

*** لەماوەی رابردوو ئێوە وەك ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا سەردانی بەغداتان کرد، ئایا ئامانج لەو سەردانە تەنیا بۆ پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ بوو، یا باستان لە موسڵی دوای داعش کرد؟**

- ئەو سەردانە لەسەر داوای خودی عەبادی بوو، ئەو ویستی ئێمە ببینێ وەك حکومەتی لۆکاڵیی پارێزگای نەینەوا، پەیامێکی پێبوو کە ئەویش ئەوە بوو خۆمان ئامادە بکەین بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ، تێڕوانینی خۆی بۆ ئێستا و موسڵی دوای داعش خستەڕوو، جەختی لەوەش کردەوە ئەرکی ئێمە لەدوای داعش زیاتر و زەحمەتتر دەبێت، داواشی کرد کار بۆ نزیککردنەوەی پێکهاتەکانی موسڵ بکەین و دووریان بخەینەوە لەکاری توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە، هاوکات ئەو خەڵکانەی تاوانبارن، دەبێت سزا بدرێن و خەڵکی سڤیل دووبارە دەگەڕێندرێتەوە بۆ ناو شار و ژیانی ئاسایی خۆیان. ئێمەش راپۆرتێکمان پێشکەشی عەبادی کرد کە لەناو کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجومەنی پارێزگا پەسەندکرابوو، ئەم راپۆرتە سێ تەوەری بوو، کە بریتی بوون لە مەسەلەی رزگارکردنی موسڵ و دۆسیەی ئەمنی ئەو شارە، تەوەری دووەمیش سەبارەت بە ئاوارەکان و ئەو خەڵکەی کە ئێستا لەناو موسڵ ماونەتەوە، موستەحەقاتی موسڵ لە بودجە و شایستە داراییەکان و تواناکانی بەردەست تەوەرەی سێیەمی راپۆرتەکەمان بوو. هەروەها باسی میلاکاتی پۆلیس لە موسڵ بوو کە لە٣٤ هەزار کەس تەنیا ٨ هەزار پۆلیس ماوە، هەربۆیە پێویستیمان بە پلەی وەزیفی نوێ هەیە، یا پێویستە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە لێبووردن بۆ ئەو پۆلیسانە دەربچێت کە ئاوارەن و ژمارەیان پێنج هەزار پۆلیسن، یا ئەو پۆلیسانەی لە موسڵن و پێوەندیان بەداعشەوە نەکردووە، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ بوو لەم دانیشتنە ئەوە بوو عەبادی بە دڵنیاییەوە دەیوت کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ نزیکە.

*** دیارە ئێوە وەك ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا پێوەندییەکی پتەوتان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، ئایا تێڕوانینی هەرێمی کوردستان بۆ پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ چۆنە، بەتایبەتی تێڕوانینی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان؟**

- ئاشکرایە ئێستا نیوەی دانیشتووانی پارێزگای نەینەوا لەهەرێمی کوردستانن، هەرێمی کوردستان بە دڵفراوانییەوە لە ئامێزی گرتوون، بۆیە ئەوانیش زۆر بە بەرزی و تەقدیرەوە سەیری هەڵوێستی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان دەکەن، بۆ کوردستانیش موسڵ لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گرنگە و پێویستە ئەم شارە ئارام بێت، لەچەند ساڵی رابردوودا زۆربەی ئەو تەقینەوە و کردەوە تیرۆریستییانەی کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدران، لەم شارەوە پلانی بۆ دادەڕێژرا، هەربۆیە دەبێت موسڵ ئارام و سەقامگیر بێت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستانیش ئارامتر بێت و هەموو گروپە تیرۆریستیسەکان لە کوردستان دووربکەونەوە. مەسەلەی مافی پێکهاتە کوردستانییەکان لەناو پارێزگای نەینەوا و شاری موسڵ دۆسێیەکی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان کە جارێکی دیکە تووشی کارەساتی تر نەبنەوە، بەتایبەتی ئێزیدی و شەبەك و کریستیانەکان و

**رۆڵی پێشمەرگە و سەرۆک بارزانی لە پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ زۆر گرنگە و لەلایەن هەموو هێزی هاوپەیمانانەوە بەهەند وەرگیراوە**

**موسڵ لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گرنگە و پێویستە ئەم شارە ئارام بێت، لەچەند ساڵی رابردوودا زۆربەی ئەو تەقینەوە و کردەوە تیرۆریستییانەی کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدران، لەم شارەوە پلانی بۆ دادەڕێژرا**

**کریس کلار بەرپرسێکی بەشی سیاسیی قونسوڵی ئەمەریکایە لەبەغدا پێی گوتم: پێتان چۆنە دوای رزگارکردنی موسڵ حاکمێکی عەسکەری بۆ ئەو شارە دابنرێت، بەڵام حاکمی سەربازی دەسەڵاتی رەهای دەبێت و زۆر بەئاسانی مافی خەڵک و پێکهاتەکان پێشێل دەکات**

**تا ئێستا لە گفتوگۆ و کۆبوونەوەی بەردەوامداین لەگەڵ هەموو لایەنەکان بۆ ئەوەی بزانین ئایندەی موسڵ چی و چۆن دەبێت و زەمانەتی گەڕانەوەی پێکهاتەکانی ئێزیدی و مەسیحی و تورکمان شەبەک و کاکەیی چییە**

**ئەگەری ئەوە هەیە شەپۆلێکی ئاوارەی موسڵ روو لەهەرێمی کوردستان بکەن کە مەزەندە دەکرێت لە نیوملیۆن کەس زیاتر بن، توانای پێشوازیکردنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەش نییە، تەنیا ئەوەیە بە شێوەیەکی پراکتیکی دوو کەمپ لە زێلکان و فایدە لە ژێر دروستکردندان**

کاکەییەکان، بۆ ئەمەش ئەم پێکهاتانە پێویستیان بە زەمانەت هەیە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە تائێستا پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ دەستی پێنەکردووە و دواکەوتووە، چونکە لایەنی عێراقی و سوپا ئامادەباشییان نییە، بەپێچەوانەی پێشمەرگەوە کە ئامادەیە تەواوی دەشتی نەینەوا و شارەکەش کۆنترۆڵ بکاتەوە.

*** لەو ماوەیەدا گوێبستی ئەوە بووین کە لەگەڵ عێراقیش باسی ئەوەتان کردووە دوای داعش پارێزگای نەینەوا بکرێتە هەرێمێکی فیدڕاڵی سەربەخۆ، دیارە بە هەموو حسابێك جارێکی دیکە پارێزگای نەینەوا ناگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی داعش، ئایا مەبەستتان لە بە هەرێمکردنی نەینەوا و دروستکردنی چەند پارێزگایەك چییە و ئەگەر موسڵ بکرێتە چەند پارێزگایەك، دیارە بەشە کوردستانییەکەی موسڵ دەکەوێتە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ ئایا چارەنووسی بەشە کوردستانییەکەی موسڵ چۆن دەبێت؟**

- بەهەرێمکردنی نەینەوا داواکاری و پێشنیاری عەرەبی سوننەیە، ئێمە وەکو لایەنی کورد لە لیستی هاوپەیمانی و برایەتی و پێکەوەژیان کە کوتلەیەکی کوردستانییە لە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا پێمان گرنگە ئەو ناوچانەی کە کوردستانین بارودۆخەکەیان لە رووی ئەمنی و سیاسی و ئابووری و ئیدارییەوە بەرقەرار بێت و کار لەسەر ئەوە بکرێت لە ریفراندۆمێکدا راستەوخۆ بخرێنە سەر هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمە وەکو کورد گرنگ نییە نەینەواو پارێزگا بێت، یا هەرێم، ئەم مەسەلەیە زیاتر پێوەندی بە برا عەرەبە سوننەکانەوە هەیە، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە لە بنەڕەتدا لەسەر چارەنووسی ئەم ناوچانە ململانێ هەیە و تا ئێستا برا عەرەبەکان لەوە نەگەیشتوون کە ئەو ناوچانە کوردستانین و ناگەڕێنەوە بۆ دۆخی پێش هاتنی داعش، تەنانەت پێکهاتەکانی ئێزیدی و مەسیحی و شەبەك و کاکەیی چیتر نایانەوێت و قبووڵیان نییە سەر بە پارێزگای نەینەوا بن. بۆیە دەبێت زۆر بەئاشکرا بە برا عەرەبەکان بڵێین دوای کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ بارودۆخێکی دیکە دێتە پێشەوە و چیتر میللەتێك یا پێکهاتەیەك کە تووشی کۆمەڵکوژی و دەربەدەری بووە، قبووڵ ناکات بگەڕێتەوە سەر پارێزگای موسڵ. ئێمە پێمانوایە ئەو شوێنانەی کە زۆربەیان پێش هاتنی داعشیش لەدەستی پێشمەرگەدا بووە، جۆرێکە لە ریفراندۆم کە ئێستا خەڵکەکەی هێزی پێشمەرگەیان قبووڵە و دەسەڵاتی خەڵکی تریان قبووڵ نییە. پێم سەیرە چۆن دەبێت ئێستا لایەنێك بێت و بڕیار بدات نەینەوا بکرێتە هەرێمێك لە کاتێکدا دوو ملیۆن کەس لەناو موسڵ و دەوروبەرین و یەك ملیۆنی تریش ئاوارە و دەربەدەرن، واتا بوون بە هەرێم بە ریفراندۆمێك دەبێت کە سەرجەم خەڵکەکە دەنگی لەسەر بدات، بیرۆکەی بە هەرێمکردنی پارێزگای نەینەوا بیرۆکەیەکی سیاسیی عەرەبی سوننەیە و بەفەرمی لەناو ئەنجومەنی پارێزگا نەخراوەتەڕوو تاوەکو بخرێتە چوارچێوەی لایەنی یاسایی و دەستوورییەوە و دواتر دەنگی لەسەر بدرێت و پاشان بکرێتە بڕیار، تەنانەت ئەم بابەتە دەکەوێتە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ.

*** دیارە لە ئێستاوە حەشدی شەعبی بڕیاریداوە بەشداری شەڕی ئازادکردنەوەی موسڵ بکات، بۆ ئەوەی شەرعیەتیش بەم بەشداریکردنە بدرێت عەبادی حەشدی شەعبی کردۆتە بەشێك لە هێزەکانی بەرگری عێراق، ئایا ئێوە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا هەڵوێستتان لەسەر بەشداری حەشدی شەعبی چییە و ئایا ناترسن ئەگەر حەشدی شەعبی بەشداری بکات کارەساتی ترسناك رووبدات؟**

-لە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بە دەنگدان بڕیارمانداوە و بە ئاشکرا ئاماژەمان پێکردووە کە بە تەواوەتی دژی بەشداریکردنی حەشدی شەعبین بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ، دژی ئەوەشین ئەم بڕیارە خوێندنەوەیەکی تائیفی بۆ بکرێت. ئەمەش لەو روانگەیەوە هاتووە کە زۆرینەی زۆری دانیشتووانی ئەم پارێزگایە لە دژی بەشداریکردنی حەشدی شەعبین، ئەگەر مەبەستیش ئەوە بێت حەشد بە هانای شیعەکانی موسڵەوە بێت کە پێشتر بە رێژەی ٧٪ بوون، ئێستاکە ئەوانیش لەوێ نەماون و ئاوارەبوون. لەلایەکی ترەوە هیچ کەسایەتی و لایەن و حزبێکی سوننە جورئەتی ئەوەی نییە بڵێت لاریمان نییە لە بەشداری حەشدی شەعبی لە شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ، ئێمە باش لەو هەستیارییە تێدەگەین، هەروەکو چۆن چاوەڕوانی ئەوەش دەکەین کە حەشدی شەعبی لە خوارووی سەنتەری شارەکە زۆر نزیك ببێتەوە، ئەوانیش باش دەزانن کە ناتوانن بێنە ناو سەنتەری شارەکەوە کە رەنگە دووچاری بەرگرییەکی توند ببنەوە لەلایەن خەڵکی موسڵەوە، بۆ ئەوەی پاساوی هەڵگیرسانی

شەڕی ناوخۆ و تائیفی نەدەین بەدەستەوە، پێویستە حەشدی شەعبی خۆی لەم شەڕە بەدوور بگرێت باشتر وایە سوپای عێراق و حەشدی وەتەنی و عەشائیری و پێشمەرگە بەشداری شەڕی ئازادکردنەوەی موسڵ بکەن.

*** هەموو مەزەندەکان بەو ئاراستەیەن کە لەگەڵ دەستپێکی شەڕی موسڵ خەڵکانێکی هێجگار زۆر ئاوارە دەبن، بەتایبەتیش کە دەنگۆی ئەوە هەیە حەشدی شەعبی بەشدار بێت، ئایا چۆن ئامادەکاری کراوە بۆ ئەم کارەساتە پێشبینی کراوە؟**

- ئامادەکاریمان کردووە، بەڵام لەئاستی پێویست نییە، چونکە توانای دارایی و شایستە داراییەکانمان نییە و بەغدا بە هیچ جۆرێك هاوکاری و یارمەتییەکانمان بۆ رەوانە ناکات، ئەگەری ئەوە هەیە شەپۆلێکی ئاوارەی موسڵ روو لەهەرێمی کوردستان بکەن کە مەزەندە دەکرێت لە نیوملیۆن کەس زیاتر بن، توانای پێشوازیکردنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەش نییە، تەنیا ئەوەیە بە شێوەیەکی پراکتیکی دوو کەمپ لە زێلکان و فایدە لە ژێر دروستکردندان، پێویستە پەیامێك بنێرین بۆ ئەو خەڵکەی لەناو موسڵدایە بەوەی هێزەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگە و حەشدی وەتەنی بۆ رزگارکردنی ئەوان دێن و مەبەستیان داگیرکردن و ئازاردان و تۆڵەسەندنەوە نییە و تەنیا دژی تیرۆریستانی داعش شەڕدەکەن، ئەمەش تەنیا بەوە دەبێت کە خەڵکی ناو موسڵ دڵنیا بکەینەوە کە حەشدی شەعبی بەشداری کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ ناکات و باشتر وایە لەناوماڵی خۆیان بمێننەوە و دەتوانن ئاڵای سپی بەرزبکەنەوە، زۆریش لە خەڵکی موسڵ بڕیاریانداوە لەکاتی کۆنترۆڵکردنەوەی شار و قەزاکانیان ئاوارە نەبن و ماڵی خۆیان جێنەهێڵن، ئێمەش کار بۆ ئەوە دەکەین موسڵ بە دەردی حەلەب نەچێت و بە کەمترین زیان رزگاری بێت. بەڵام تا ئێستا لە گفتوگۆ و کۆبوونەوەی بەردەوامداین لەگەڵ هەموو لایەنەکان بۆ ئەوەی بزانین ئایندەی موسڵ چی و چۆن دەبێت و زەمانەتی گەڕانەوەی پێکهاتەکانی ئێزیدی و مەسیحی و تورکمان شەبەك و کاکەیی چییە، ئەو کات دەتوانین بزانین رێککەوتن و تێگەیشتن لەنێوان لایەنە بەشداربووەکانی شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ هەیە، بەپێچەوانەوە بە بێ رێککەوتن و تێگەیشتن دۆخەکە لە دوای رزگارکردنیشی باش نابێت و ئارام نابێت.

*** واتا تا ئێستا لەگەڵ هاوپەیمانەکان و لایەنی عێراقی باسی موسڵی دوای داعش نەکراوە کە چۆن دەبێت؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی گرنگ و ستراتیژییە، چونکە لە کۆتاییدا نابێت رێکخراوێکی وەکو داعش دراوسێی ئێمە بێت، رۆڵی پێشمەرگە و سەرۆك بارزانی لە پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ زۆر گرنگە و لەلایەن هەموو هێزی هاوپەیمانانەوە بەهەند وەرگیراوە، هەربۆیە رەنگە جگە لە کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی دەشتی نەینەوا چەند گەڕەکێکی ناو شاری موسڵیش بدرێتە دەستی پێشمەرگە تاوەکو پارێزگاری لێبکەن و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەناو ئەو شارەشدا بمێننەوە، تا هێزە ئەمنیەکانی ناو شارەکە خۆیان رێکدەخەنەوە، پێش کۆتاییهاتنی داعشیش دەبێت رێککەوتنی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و ئیداریی پێشوەخت لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق هەبێت، خۆناکرێت جارێکی دی چارەنووسی ئەو خەڵکە بخرێتە بەردەستی هەڵە و کەموکورتیی دیکەی حکومەتی مەرکەزی، لێرەدا لە رێگەی گۆڤاری گوڵانەوە باسی کۆبوونەوەیەك دەکەم کە لەگەڵ کریس کلار بەرپرسێکی بەشی سیاسی قونسوڵی ئەمەریکایە لەبەغدا کە پێی گوتم: پێتان چۆنە ئەگەر دوای رزگارکردنی موسڵ حاکمێکی عەسکەری بۆ ئەو شارە دابنرێت، بە هاوشێوەی دوای ئەو کارەساتە مرۆییانەی کە لە کالیفۆرنیای ئەمەریکا و چەند ناوچەیەکی تر روودەدات کە ئیدارەی ئەمەریکا راستەوخۆ بۆ ماوەیەکی کاتی حاکمێکی عەسکەری دادەنێت؟ من نازانم ئەمە بیرۆکەیە هی بەغدایە، یاخود ئەمەریکا، ئێمە راستەوخۆ ئەو بیرۆکەیەمان رەتکردەوە، چۆن دەبێت بەرەو حوکمی عەسکەری و دیکتاتۆری بچین کە لە دنیادا مۆدێلی نەماوە، لە کاتێکدا ئەم مۆدێلە کۆنەش لە ئەنبار و سەلاحەدین جێبەجێ نەکراوە، تەنانەت پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ کارەساتێکی سروشتی نییە، بەڵکو گرفت و قەیرانێکی سەربازی و سیاسی و ئابووری و مرۆییە و پێوەندی بە هەموو پێکهاتەکانەوە هەیە، ئیتر نازانم بۆ دەبێت ئەم مۆدێلە لەموسڵ جێبەجێ بکرێت، تەنانەت ئەم بیرۆکەیە لە بەرژەوەندی کوردو کوردستان و تەنانەت خەڵکی موسڵ و پێکهاتەکانیدا نییە، چونکە حاکمی سەربازی دەسەڵاتی رەهای دەبێت و زۆر بەئاسانی مافی خەڵك و پێکهاتەکان پێشێل دەکات.

**لە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بە دەنگدان بڕیارمانداوە و بە ئاشکرا ئاماژەمان پێکردووە کە بە تەواوەتی دژی بەشداریکردنی حەشدی شەعبین بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ، دژی ئەوەشین ئەم بڕیارە خوێندنەوەیەکی تائیفی بۆ بکرێت**

**تائێستا پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ دەستی پێنەکردووە و دواکەوتووە، چونکە لایەنی عێراقی و سوپا ئامادەباشییان نییە، بە پێچەوانەی پێشمەرگەوە کە ئامادەیە تەواوی دەشتی نەینەوا و شارەکەش کۆنترۆڵ بکاتەوە**

**پێکهاتەکانی ئێزیدی و مەسیحی و شەبەک و کاکەیی چیتر نایانەوێت و قبووڵیان نییە سەر بە پارێزگای نەینەوا بن. بۆیە دەبێت زۆر بەئاشکرا بە برا عەرەبەکان بڵێین دوای کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ بارودۆخێکی دیکە دێتە پێشەوە و چیتر میللەتێک یا پێکهاتەیەک کە تووشی کۆمەڵکوژی و دەربەدەری بووە، قبووڵ ناکات بگەڕێتەوە سەر پارێزگای موسڵ**



# کەرتی کارەبای هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ؟



هۆگر شاڵی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندی و کەوتنەوەی قەیرانی دارایی و هاتنی بەلێشاوی ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار ئاوارە بارگرانییەکی لە رادەبەدەری خستۆتەسەر تۆڕ و وێستگەکانی کارەبا، بەتایبەتی لە هەردوو وەرزی زستان و هاوین کە هاووڵاتیان زۆر پێویستیان بە وزەی کارەبا هەیە. ئەم دۆخە هاوکاتە لەگەڵ زیادبوونی ئەرکی گەیاندنی کارەبا بۆ پارێزگای کەرکووك و قەزا و ناحیەکانی دەشتی نەینەوا و تەواوی ئەو ناوچانەی کە لە سەر دەستی پێشمەرگە ئازادکراون. لە کاتێکدا وەزارەتی کارەبا بە هۆی قەیرانی داراییەوە بودجەی پێویستی لە بەردەستدا نییە و زۆربەی پرۆژەکانی راوەستاوە کە بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی کارەبا زۆر پێویستن، هاوکات هەڵمەتی سیانەی وەرزی تۆڕ و وێستگەکانی کارەباشمان راوەستاوە. گرفتێکی تری وەزارەت هەڵکشانی کتوبڕ و خێرای ژمارەی هاوبەشانی کارەبایە بۆ ملیۆنێك و٣٦٠ هەزار و ٢٧٧ هاوبەش،

لەم وەرزەشدا بەرزبوونەوەی پێوانەیی پلەکانی گەرما و هەڵکشانی خواستی بەکارهێنانی کارەبا بۆ سەرووی ٤٠٠٠ مێگاوات کارەبای لێکەوتۆتەوە، کە بە هۆیەوە جگە لە ماندووبوون و تێکچوونی وێستگە و محاویلە و تۆڕەکان کوژانەوەی گشتی لە سیستەم و بچڕانی کارەباشی لێکەوتۆتەوە، من پێم خۆش بوو کە گۆڤاری گوڵان ئەم پرسیارەی ئاراستە کردم: کەرتی کارەبای هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ؟

لەگەڵ بوونی ئەم هەموو گرفت و بارگرانی و هەوڵانەی وەزارەت بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە و جێبەجێکردنی چەند بەرنامەیەکی چاکسازی و کەمکردنەوەی خەرجی بەگەڕخستنی یەکەکانی بەغاز لەبری گازوایل، هەڵەیە بڵێین بەم بێ بودجەییە گرفت و کێشەکانی کارەبا بەم نزیکانە چارەسەر دەکرێت. ئەوەتا توانای بەرهەمهێنانی ٥٠٠٠ مێگاوات کارەبامان هەیە کە زیاد لە پێویستی خۆمانە، بەڵام قەیرانی دارایی و کەمی توانای کڕینی گازوایل و راوەستانی پرۆسەی پەرەپێدان و سیانەی وەرزی نەتوانراوە ئەو بڕە کارەبایە بەرهەم بهێندرێت، یا بە شێوەیەکی رێکوپێك بگەیەندرێتە وێستگەکانی کارەبا و دابەشکردنی بەسەر هاووڵاتیاندا، لەلایەکی دیکەوە چیتر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە توانایدا نابێت پاڵپشتی نرخی راستەقینەی کارەبا بە رێژەی لە ٧٥٪ تێچوونەکەی بکات، لە بەرامبەریشدا نرخی وەرگرتنی کارەبا بە هۆی قەیرانی دارایی و پاشەکەوتکردنی مووچەی فەرمانبەرانەوە رۆژ لە دوای رۆژ داهاتەکانی وەزارەت رووی لە کەمی کردووە. لە بەرامبەر ئەم دۆخە دژوار و ئاڵۆزە وەنەبێت وەزارەتی کارەبا تێڕوانینی بۆ داهاتووی کارەبا نەبێت بۆ ئەوەی کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا روو لە زیادبوون بکات. ئێمە لە دوای راگەیاندنی بەرنامە چاکسازییەکەوە بە هەوڵ و کۆششی وەزارەت و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و پاڵپشتی ئەنجومەنی وەزیران توانیمان یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە وێستگە غازییەکان بە شێوەیەکی ئابوورییانە بەگەڕبخەین کە تێچووەکەی زۆر کەمترە، بۆ نەهێشتنی سەرپێچییەکان بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری ناوخۆ لە سەر ئاستی هەر دوو وەزارەتی کارەبا و ناوخۆ لێژنەیەکی باڵای بڕینی سەرپێچییەکان پێکهێنرا و رێگەمان نەدا دزی لە سامانی گشتی بکرێت و لێژنەکانمان لە پارێزگا و قەزا و ناحیەکان کاراتر بوون، بەڵام هێشتا گرفتی زۆرمان لە بەردەمدایە لە پێناو بەڕێوەبردنێکی زانستییانە و بە سیستەمکردنی هەردوو کەرتی دابەشکردنی کارەبا و گواستنەوە بە هاوکاری راوێژکارانی بانکی نێودەوڵەتی و بە توانای ستاف و شارەزایانی وەزارەت ئامادەکاری جددی دەکرێت بۆ دارشتنەوەی بەرنامەیەك بۆ ئەوەی لە سەرەتادا کەرتی دابەشکردنی کارەبا بدرێتە کەرتی تایبەت، دەمانەوێت بە شێوەیەکی زانستییانە و سەردەمییانە و بە رەچاوکردنی بارودۆخی دارایی هاووڵاتیانی کەمدەرامەت و گەشەی وڵات ئەم سێکتەرە رادەستی ژمارەیەك لە کۆمپانیای کەرتی تایبەت بکەین، بەداخەوە زۆرجار لە کەناڵەکانی راگەیاندن شرۆڤەی هەڵە بۆ ئەم هەنگاوەی وەزارەت دەکرێت کە هێشتا لە قۆناغی دیراسەتدایە و نەچۆتە قۆناغی پرۆژە، لە کاتێکدا ئەم هەنگاوە تا دەگاتە ئامانجی خۆی، پرۆسەیەکی درێژخایەنە، مەبەست لەئامانجەکەی بەرزکردنەوەی ئەدای ئەم کەرتە خزمەتگوزارییە و کەمبوونەوەی ئەو خەرجییە گەورەیەی سەرشانی حکومەتە، چونکە تا رادەیەکی باش چارەسەری بەفیڕۆدانی وزەی ونبوو دەکات و پێشبینیش دەکرێت کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا زیاد بکات.

کۆنترۆڵکردنی کەرتی دابەشکردنی کارەباو زامنکردنی وەرگرتنی نرخی کارەبا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و رێکوپێك، تاکە رێگەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم سامانە گرنگە و گەیاندنێتی بۆ هاووڵاتیان بە شێوەیەکی رێکوپێك و بەردەوام. ئەم بۆچوونە لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتووەوە سەلمێندراوە، بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەش خۆمان لە کۆمپانیای بچووك و لاواز دەپارێزین و سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە وەردەگرین کە توانیویانە لە گرفتی کارەبا دەربازیان بێت، دەبێت کۆمپانیای بەهێز و خاوەن ئەزموون بن، تەنانەت چارەنووسی هەموو ئەو کارمەند و فەرمانبەرانەی کە ساڵانێکە دەیان قوربانی گیانی و برینداری و ماندووبوونیان داوە، بە هەند وەردەگیرێت، بگرە لە بەرنامەدایە لە قۆناغی یەکەمدا هەموو ئەو پاڵپشتییە هەڵناگیرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێدانی نرخی کارەبا بە هاووڵاتیان دەیدات. گەیشتن بە قۆناغی بەدامەزراوەییکردنی کەرتی دابەشکردنی کارەبا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئاستەمیش نییە و بە چارەسەری سەرکەوتووی دەبینین بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی وزەی کارەبا و زیادبوونی ماوەکانی کارەبا.

*** بریکاری وەزارەتی کارەبا**

**لەگەڵ بوونی ئەم هەموو گرفت و بارگرانی و هەوڵانەی وەزارەت بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە و جێبەجێکردنی چەند بەرنامەیەکی چاکسازی و کەمکردنەوەی خەرجی بەگەڕخستنی یەکەکانی بەغاز لەبری گازوایل، هەڵەیە بڵێین بەم بێ بودجەییە گرفت و کێشەکانی کارەبا بەم نزیکانە چارەسەر دەکرێت**

**کۆنترۆڵکردنی کەرتی دابەشکردنی کارەباو زامنکردنی وەرگرتنی نرخی کارەبا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و رێکوپێک، تاکە رێگەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم سامانە گرنگە و گەیاندنێتی بۆ هاووڵاتیان بە شێوەیەکی رێکوپێک و بەردەوام**